**ژمارە / ٦/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٥/١٥**

داواکار لە ڕێگای بریکارەکە یەوە لە بەردەم داد گای بەرایی خانقین رایگەیا ندووە کەوا داوالە سەرکراو زیاتر لە دەساڵە هەستاوە بە ڕێگری کردنی داواکار لە بەکارهێنانی بەشێك لە هەردوو پارچە زەوی کشتوکاڵی ژمارە (٣٠ و٣١) کەرتی ٦ هۆرین بە روو بەری (٢٣ ،٧ ) حەوت دونم و بیست و سێ ئۆ لك کە خاوەنداریەتیە کەی دەگەڕێتەوە بۆ وەزارە تی دارا یی و داوا کار خاوەنی گرێبە ستی کشتوکاڵی ئەو زەو یەی لە گەڵ فەرماندگەی کشتوکاڵی مەیدان بە بێ هیچ هۆکارێك بۆیە داوای کردوە بانگهێشتی داوالە سەرکراو بکرێت و بریار بدرێت بە ڕێگری لە بەرهەڵستکاری ( منع معارضة ) ی لە بەکارهێنانی زەویەکە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی بە ژمارە ٣/ب/٢٠٢١ لە بەرواری ٢٠٢١/٨/٢٣ بڕیاری دا بە ڕەتکرد نەوەی داوای داوا کار . دوای نارازی بوونی داواکار لە بڕیاری ناوبراو تانەی لێدا و داد گای تێهەڵچوونەوەی ناو چەی کەرکوك  گەرمیان بە ژمارە ٢٩/س/٢٠٢١ لە بەرواری ٢٠٢١/١٠/٢٠ بریاری دا بە پشتگیری کرد نی بریاری بەرایی ئا ماژە پێکراو و ڕەتکردنەوەی تێهەڵچوونەوە . دوای تانە لێدانی تێهەلچووکار لە بڕیاری ناوبراو لە بەردەم ئەم دادگا یە بە پێ ی تیانوسی پێداچوونەوەی رەسم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢١/١١/١٧ . دوای گەیشتنی تا نە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ وپەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری داد گای تێهەڵچوونەوەی ناو چەی کەرکوك  گەرمیان بە پشتگیری کرد نی بڕیاری داد گای بەرایی قوڕە تو بە ڕەتکردنەوەی داوای داواکار ، ڕا ستە و پابە ندی یا سایە ، چوونکە ڕەتکرد نەوەی داوای داوا کار بەهۆی پێشتر یەکلابوونەوەی داواکاری داواکارە بە پێ ی بریاری دەرچوو لە داد گای بەرایی دەربە ندیخان بەرەتکرد نەوە بە ژمارە ٣٥/ب/٢٠١٨ لە ٢٠١٨/٩/١٦ دا کە تیای دا بۆ دادگای بەرایی دەربەندیخان دەرکەوتبوو دوای لێکۆڵینەوە کە ئەو گرێبەستە کشتوکاڵیەی داواکار باسی دەکات نەی بووە ، بۆیە مافی نی یە لەسەر زەوی با بەتی داوا کە داوای رێگری لەبەرهەڵ ستکردنی داوالە سەرکراو بکات ، وە ئەم بڕیارەی داد گای دەربە ندیخان پلەی کۆ تایی وەرگرتووە و رەچاوکراوە و بەهەند وەردەگیرێت هەتا لە هەمان دادگاوە پووچەڵدەکرێتەوە ، لەسەر ئەوە بریار دا بەڕا ست سەلماندنی بڕ یاری تا نە لێدراو وە ڕەتکرد نەوەی تا نەی پێدا چوونەوە و لە ئە ستۆگرتنی ڕە سمی پێداچوونەوە لە لایەن پێداچووکارەوە و ئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٥/١٥ .

**ژمارە / ٨/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٤/٦**

داوا کار لە رێ گای بریکارەکە یەوە لە بەردەم داد گای بەرایی هەولێر ڕایگەیا ندوە کەوا گرێبە ستی لە گەڵ داوالێکراو هەیە تیایدا ڕیکەوتووە کە داوالێکراو شوقەی داوا کار لە سەر مولکی ژمارە ١٩٨٢/٣٥٩ك٤٥ وارش تێك بدات باڵەخانەیەکی نوێ لە جێگای شوقەکە دروست بکات لە ماوەی (٢٤) مانگ بەرامبەر دانی بڕی (٦٠٠) شەش سەد دۆلاری ئەمریکی بۆ هەر مانگێك تا باڵەخانەکە تەواو دەبێت بە پێ ی داوای ژمارە ٢٥٠١/ب/٢٠١٦ تا مانگی ٢٠١٦/٨ ی داوە و تا ئیستا باڵەخانەکەی تەواو نەکردووە بۆیە داوا دەکات داوالێکراو پابە ند بکرێت بە دا نی بڕی (٢٩,٤٠٠) دولاری ئەمریکی کە دەکا تە شایستەی (٤٩) مانگ لە ئەنجامی داد بینی ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای بەرایی هەولێر بە ژ مارە ١٤١١/ب/٢٠٢٠ لە ٢٠٢١/٨/١٨ بڕ یاری دا بە پابە ندکردنی داوالە سەرکراو بە دا نی بری پارەی (٢٩٤٠٠) دولار ئەمریکی بەرام بەر (٣٦,٢٢٠,٨٠٠) دینار عرا قی . دوای ناڕازی بوونی داوا لە سەر کراوان بە بڕ یاری ناوبراو داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی هەولێر بە ژ مارە ١٩٠/س/٢٠٢١ لە بەرواری ٢٠٢١/١٠/٣١ بڕ یاری دا بە پ شتگیری کرد نی بڕ یاری بەرایی ئا ماژەپێکراو و ڕەتکردنەوەی تانەی تێهەڵچوونەوە دوای ناڕازی بوونی تێهەڵچووکاران بە بریاری ناوبراو تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بە پێ ی تیانو سی پێدا چوونەوەی ڕە سم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢١/١١/٢٥. دوای گەیشتنی تا نە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ وپەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێری بە پشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی پێنجەمی هەولێر بە پابەند کرد نی داواله سەرکراو بە بڕی پارەی د یاریکراو لە سەرەوە بە داوا کار ، ڕا ستە و پابە ندی یا سایە ، چوونکە داوالەسەرکراو تێهەڵچووکار دانیان بەوە دا ناوە کە بڕی پارەی ئەو مانگەیان نەداوە کە داوا کار داوای دە کات بەڵام پاڵنەری داواکەیان بەوە داوە کە بڕی مانگانەی داواکراو کەم کراوەتەوە بە گرێبەستێکی زارەکی ( شفهی ) وە لەبەر ئەوەی داواکار ئەو ڕێکەوتنەی پشت ڕاست نەکردەوە و دادگا داوای سەلماندنی ئەو کەمکرنەوەیەی لە داوا لە سەرکراوان کرد بەڵام ناتوا نا بوون لە سەلماندن و مافی دا نی سوێندی ئارا ستەی داوا کار بکەن و داواکاریش سوێندی یەکلاکەرەوەی خوارد بۆیە داوالەسەرکراوانی پێداچووکار بە دۆڕاو دادەنرێت بە ناوەڕۆکی سوێندەکەو داواکەی داواکار شیاوی ڕواندن دەبێت بەو شێوەیەی بڕیاری تیا دەرکراوە لە لا یەن داد گای بەرایی یەوە و داد گای تێهەڵ چوونەوەش ڕە چاوی یا سای کردووە بە پشتگیری کرد نی و ئەم دادگا یەش بڕ یاری دا بەڕاست سەلماندنی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لە ئە ستۆ گرتنی پێدا چووکاران بە ڕەسمی پێداچوونەوە و ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٤/٦ .

**ژمارە / ١٠/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٤/٦**

دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ٢٠٢/س/٢٠٢١ لە بەرواری ٢٠٢١/١٠/٢٠ بڕیاری بە پشتگیری کردنی بڕیاری دادگای هەولێر بە ژمارە ٤٢٢/ب/٢٠٢٠ لە بەرواری ٢٠٢١/٩/٧ بە پابەندکردنی داواله سەرکراو – سەرەڕای کارەکەی بەدانی بڕی (٢٨,٥٤٩,٣٥٦) ملیون دینار عرا قی بۆ داوا کاران وەك کرێ ی هاو تا لەماوەی نێوان ٢٠١٤/٦/٩ تاوەکو ٢٠٢٠/٢/٢ بە دانی بڕی (٧,١٣٧,٣٣٩) ملیون دینار عراقی بۆ هەریەك لە داوا کاران و ڕەتکرد نەوەی بڕی زیادە داوا کراو (٧١,٤٥٠,٦٤٤) دینار عرا قی . دوای ناڕازی بوونی داوالێکراو بە بڕیاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بە پێ ی تیانو سی پێدا چوونەوەی رسم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢١/١١/١٧. دوای گەیشتنی تانە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ وپەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی هەولێر بە پ شتگیری کرد نی بڕ یاری داد گای بەرایی بە پابە ندکردنی داوالەسەرکراو سەرەڕای کارەکەی بەدانی کرێ ی هاو تای ناوبراو لە سەرەوە ، ناڕا ستە و پێچەوانەی یا سایە ، بەهۆی ئەوەی ڕاپۆرتی شارەزای دادوەری لە سەر بنەمای یا سایی و درو ست کرێ ی هاو تای تیانە خەمڵێنراوە چوونکە شارەزا نرخی موڵکەکەی بە چەسپاوی (١٦٨,٠٠٠,٠٠٠) ملیون دینار بۆ هەموو ساڵەکانی (٢٠١٤ تا ٢٠٢٠ ) هێشتۆتەوە و لەسەر ئەو بنەمایە کرێ ی هاوتای دیاری کردووە ئە مەش لە کاتێکدا نرخی خانوو بەرە بەتا یبەت لەو ساڵانەدا نزم بوو نەوەی زۆرو بەرز و نزمی یە خۆیەوە بینی وە بەهۆی ڕووداوە کانی هەرێمی کوردستان و دەبوو شارەزا ئەو نرخە بە چەسپاوی بەیەك نرخ دا نەنێت و بە مەش ڕاپۆرتە کەی بە پێ ی مادەی ١٤٠ ی یاسای سەلماندن شیاوی پشت پێ بەستن نی یە بۆیە دەبێت داد گای تێهەڵچوونەوە پشت ببە ستێتەوە بە سێ شارەزای تری دادوەری بۆ خەملاندنەوەی کرێ ی هاوتای داواکراو وە لەبەر ئەوەی وێنەی قەیدی موڵکی بابەتی داواکە لە خانەی گلدانەوەدا نیشانە تیای دا دراوە بە هێمای مامەڵە نەکردن ، دە بوو داد گای لێکۆڵینەوە لەوە بگات بۆ دڵنیابوونەوە لە خۆماڵی نەکردنی ( ا ستملاك ) ی مولکە کە لە لا یەن داواله سەرکراو لە بەر ئەوەی دادگای تێهەڵچوونەوە ڕەچاوی ڕوونکردنەوەی سەرەوەی نەکردووە بڕیار درا بە هەڵوە شاندنەوەی بڕیاری تا نە لێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ داد گای ناوبراو بۆ دەرکرد نەوەی بڕیاری تیای دا و هێشتنەوەی رە سمی پێداچوونەوە تا ئەنجام و ئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٤/٦ دا .

**ژماره / ٢٥/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٥/٢٤**

داوا کار سەرەرای کارە کەی لە بەردەم داد گای بەرایی هەولێر ڕایگەیا ندوە کەوا داوالێکراو قەرزرای داوا کارە بەبڕی (٥٤٦٢٧) پەنجاوچوارهەزار و شەش سەد وبیست و حەوت دولاری أمریکی بەلاّم داوالێکراو لاری دە کات لە گەڕاندنەوەی بڕی پارەی ناوبراو لە ئەنجامی دادبینی ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای بەرایی هەولێر لە بەرواری ٢٠٢١/٣/٧ بە ژمارە ١٤٦٣/ب/٢٠٢٠ بڕیاری دا بە پابە ندکردنی داوالە سەرکراو بەدانی بڕی پارەی (٥٤٦٢٧) دولاری ئەمریکی بۆ داوا کار یان بەرام بەر بڕی (٦٧,٣٠٠,٤٦٤) دی ناری عیرا قی دوای ذ لەرازی بونی داوالە سەرکراو داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی هەولێر بە ژ مارە ٧٦/س/٢٠٢١ لە بەرواری ٢٠٢١/١٠/١٧ بڕیاری دا بە پ شتگیری کرد نی بڕیاری بەرایی ئا ماژە پێکراو ڕەتکرد نەوەی تا نەی تێهەڵ چوونەوە .دوای تا نە لێدانی تێهەڵ چووکار لە بڕ یاری ناوبراو لای ئەم دادگا یە بەپێ ی تیانو سی پێدا چوونەوەی ڕە سم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢١/١١/١٥ و دوای گەید شتنی تا نە و دۆ سیەکە دا نرا بۆ ووردبینی و گفتو گۆ:-

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پە سەندکردنی تا نەی پێدا چوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە پشتگیری کرد نی بریاری داد گای بەرایی دووە می هەولێر بەپابە ندکردنی داوالە سەرکراو سەرەڕای کارە کەی بەدانانی بڕی پارەی ناوبراو لە سەرەوە ، ڕا ستەو پابە ندی یاسایە ، چوونکە بەپێ ی مادەی (٥٥٥) ی یاسای شارستانی ئەگەر فرۆشراو داوای مافێکی لەسەر بوو وەکریار ئا گاداری نەبوو لە کاتی کرینی دا بۆ فرۆ شیار هە یە داوای هەوڵوە شاندنەوەی کڕینە کە بکات و ئە گەر هەڵی نەوەشاندوە مافی سەرفرۆشراو دەدات و دەتوانێت دوایی بۆ قەرەبوو کردنەوەی زیانەکەی بگەرێتەوە سەرکریار ئەوەندەی یا سا ڕێگەدەدات و لەبەر ئەوەی پێدا چووکار دەلێت کۆمپانیا کەی کریوە لە بەرێوە بەری پێشوو کە قەرزە کەی هێناوە بە سەر کۆمپانیا کەی دا وەدەلێت کۆمپانیای فرۆ شراو قەرزاری داوا کار سەرەرای کارە کەی بووە و بەلاّم بەم قەرزەی نەزانیوە وەبەهۆی ئەوەی لە داواکردنی

ئەو قەرزەوە داوای هەڵوە شاندنەوەی کرین و فرۆ شتنی کۆمپانیا کەی نەکردووە دەب ێت کۆمپانیای داوالەسەرکراو پارەی داواکراو بگەرێنێتەوە و لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕاست سەلماندنی بریاری تا نە لێدراو وە رەتکرد نەوەی تا نەی پێدا چوونەوەو لە ئە ستۆگرتنی رە سمی پێدا چوونەوە لەلا یەن پێدا چووکارەوەو ئەمم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٥/٢٤.

**ژمارە ٨٥/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ / بەروار ٢٠٢٢/٦/٥**

داوا کار لەرێ گەی بریکارەکە یەوە لە بەردەم داد گای بەرایی هەولێر ڕایگەیا ندوە کەوا داوالێ کراو هاو سەری داوا کارە بەپێ ی گرێبە ستی مارەبرین بە ژ مارە (٣٨٨٠) کە لەرێ کەوتی ٢٠١٢/٣/٦ داوالێ کراو لە بەرواری ٢٠١٧/١٢/١٥هەڵ ساوە بەلێدانی و دەرکرد نی لەماڵی هاو سەریەتی (ب یت ال شرعی) هە ندێك لەزیرەکانی لێ فرۆشتووە کە بڕەکەی (١٥١,٥) سەدوپەنجاویەك مسقال و نیوە زێری عیار (٢١) کەبڕو جۆرو کێش وپار چەکان لەلیستی هاوپێ چی داوا کە هاتووە لە ئەنجامی دادبی نی ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای بەرایی بە ژ مارە

۱۰۷۰/ب/۲۰۱۸ له ۲۰۲۰/۸/۲۳ بڕیاری دابه پابەندکردنی داوالەسەرکراو بەگەڕاندنەوەی زێرەکانی بۆ داواکار یان ئەگەر نەکرا گەڕاندنەوەی بەهای زێرەکان بەنرخی هەریەکەیان کە هاوپێچە بەداواکە و ڕەتکردنەوەی بڕی زیادەی داواکراو (۳,۷۸۷,۵۰۰) ملیون دینار . دوای ناڕازی بوونی داوالەسەرکراو دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ۱۸٤/س/۲۰۲۰ لەبەرواری ۲۰۲۱/۱۰/۲۷ بڕیاری دا بە پشتگیری کردنی بڕیاری بەرایی ئاماژە پێکراو و ڕەتکردنەوەی تانەی تێهەلچوونەوە دوای تانە لێدانی لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانوسی ڕەسم بۆ دراو لە ۲۰۲۱/۱۱/۱۱ دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بەپشتگیری کردنی دادگای بەرایی دووەمی هەولێر بە پابەندکردنی داوالەسەرکراوی پێداچووکار بەگەڕاندنەوەی زێرەکانی داواکار یان بەهاکەی بەبڕی پارەی ناوبراو ، ڕاستە و پابەندی یاسایە ، چوونکە بۆ دادگای بەرایی سەلمێنرابە هۆی گوێ گرتنی لە شایەتی داواکار وسوێند خواردنی داواکار بە سوێندی تەواوکردنی (متممة) کە داوالەسەرکراو دەستی گرتووە بەسەر زێری داواکار و بەو پێ یە داواکار شایستەی گەڕاندنەوەی زێرەکانیەتی و ئەگەر نەکرا دەبێت بەهای زێرەکانی بۆ بگەڕێتەوە ئەوەش بەپێ مادەی ۱۹۳,۱۹۲لە یاسای شارستانی ، بۆیە بڕیاردرابە ڕاست سەلماندنی بڕیاری تانە لێدراو وەرەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ئەم برشیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ۲۰۲۲/٦/٥.

| ژمارە / ۹۳/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ۲۰۲۲ | بەروار |
|---|---|
| | ۲۰۲۲/٦/۲٦ |

دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ٥۳/س/۲۰۱۹ بەرواری ۲۰۲۱/۱۱/۲۸ بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری بەرایی ژمارە ۲٥۳٤/ب/۲۰۱۸ لە ۲۰۱۸/۱۲/۱٦ (**جزئیاً**) و پابەندکردنی داوالەسەرکراو بەدانی بڕی (٤٥۲٥) دولار أمریکی بە داواکار یان بەرامبەر بڕی (٥,٤۷٥,۲٥۰) دینار عێراقی وەکو پێبژاردنی دواکەوتن (**الغرامات التأخیریة** ) لەماوەی ذێوان ۲۰۱۸/۱/۱ تاوەکو ۲۰۱۸/۹/۳ دوای ناڕازی بوونی تێهەڵچوکار بەبڕیاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بە پێ ی تیانوسی پێداچوونەوەی ڕەسم بۆ دراو لە بەرواری ۲۰۲۱/۱۲/۱. دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە بۆ ئەم دادگایە دانرا بۆ ووردبینی گفتوگۆ.

بڕیار:- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لەڕووی شێوەوە تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە هەڵوەشاندنەوەی بەشێکی بڕیاری دادگی بەرایی دووەمی هەولێر وەپابەندکردنی داوالەسەرکراو بەدانی بڕی پارەکی ئاماژەپێدراو لەسەرەوە بە داواکار وەك سزای دواکەوتن (الغرامات التأخیریە) ، ناڕاستەو پێچەوانەی یاسایە چوونکە دادگای تێهەڵچونەوە سەرنجی ئەوەی نەداوە کە داواکار بە واژوکردنی گرێبەستی وازهێنانی بەرواری ۲۰۲۰/٦/٦ کە لە خاڵی سێ ی ئەو پاشکۆی گرێبەستەدا داواکاری پێداچوولەسەرکراو مافی نی یە داوای سزای دواکەوتنی ڕەدستکردنی یەکەی پرۆژەکەی بکات و بەوازهێنانی ئەو مافەی دەکەوێت و ئەوەی دەکەوێت گەڕاندنەوەی نی یە ، بەو شێوەیە داواکار شایستەی داواکەی نەبووە بۆیە بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانە لێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگای تێهەڵچوونەوە بەمەبەستی دەرکردنەوەی بڕیاری تیای دا بنەماڵە سەر ڕوونکردنەوەی سەرەوە و هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تائەنجام و ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ۲۰۲۲/٦/۲٦.

| ژمارە / ۱۲۷/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ۲۰۲۲ | بەروار |
|---|---|
| | ۲۰۲۲/٦/۲٦ |

داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی  هەولێر  بە ژ مارە ١٧١/س/٢٠٢١  لە  بەرواری ٢٠٢١/١٢/٢٠ بڕ یاری  بە هەڵوە شاندنەوەی بڕ یاری  بەرایی ژ مارە ٢٢٧٩ /ب/٢٠١٦ لە بەرواری ٢٠٢١/٨/٩ و بڕ یاردان  بە ڕەتکرد نەوەی داوای تێهەلچووکار (أ/ ص/) بەرامبەر بە هەردوو تێهەلچوولەسەرکراو (س/ أ/ ص/و /د/أ/ ص/) لە ڕووی شێوەوە هەروەها ڕەتکرد نەوەی داوای تێهەڵ چووکار بەراە بەر تێهەڵ چوو لە  سەرکراو (أ/ ص/ ن/) لە بەر نەبوونی  هیچ سەنەدێکی یا سایی و ڕەتکرد نەوەی تا نەی تێهەڵچوونەوە دوای ناڕازی بوونی تێهەڵچووکار بەبڕیاری ناوبراو تا نەی لـ ێدا لای  ئەم دادگا یە  بەپێ ی تیانو سی پێدا چوونەوە ڕە سم  بۆ دراو  لە  بەرواری ٢٠٢٢/١/١١ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لەڕووی شێوەوە ، سەرنج درا کە بڕیاری دادکای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە هەڵوەشاندنەوەی بەشێکی بڕیاری دادگای بەرایی پێنجەمی هەولێر و رەتکردنەوەی داوای داواکار( أ  ش  ص) وەرەتکردنەوەی تانەی تێهەلچوونەوە ، راستە و پابەندی یاسایە ، چونکە بۆ دادگا دەرکەوت کە داواکاری یەکەم خۆی دانی ناوە بەوەدا کەبەهای موڵکی فرۆشراوی وەرگرتووە کە پێك هاتووە لە ١٨٠ پارچە زەوی بۆ دابەشکردنی بەسەر میراتگراندا ، بۆیە داواکار بۆی نی یە داوای بەهای زەویەکان بکاتەوە بە بەرواری تۆماری داوای بەرایی وە ئەو مافەی بڕیاری پێداچوونەوە  ژمارە ٧٠/هـ.م.أ/٢٠١٦ لە ٢٠١٦/٣/١٦ دا داویەتی بۆ داواکردنی بەهای زەویەکان بە ستویەتی یەوە بەبوونی هۆکاری یاسایی یەوە ، لەسەر ئەوە بڕیاردرا بەراست سەلماندنی بڕیاری تانە لێدراو وەرەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە لە ئەستۆگرتنی رەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە و ئەم بڕیارەش بەزۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٦/٢٦

**ژمارە / ١٣١/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ /   بەروار ٢٠٢٢/٥/8**

داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی  هەولێر  بە نوو سراویان ژ مارە ٢٧٤/ب/٢٠١٩  لە ٢٠٢١/١٢/٢٢تا نەی پێشکەشکراو لەلایەن کەسی سێ یەمی یەکەم (ن  ز  ك) کە لە بەرواری /١١/٢٠٢٠ دا ڕە سمی  بۆ دراوە  ناردووە بۆ مان بەمەبە ستی ووردبی نی  کردن و ئەم تانە یەش  لە  سەربڕیاری داد گای  ناوبراوە  کە  لە ٢٠٢٠/١٠/١٨ دا دەر چووە  بە پ شتگیری کرد نی بر یاری داد گای  بەرایی  هەولێر ژ مارە ١١٢٥/ب٢٠١٨/٥  لە ٢٠١٩/٦/١٩ بەپابەندکردنی ئەو کەسی سێ یەمە بە هاوبەشی لەگەڵ داوالەسەرکراو وە کەسی  سێ  یەمی دووەم  لە داواکەدا بە دا نی  بڕی (١٨٠١٠٠٠٠٠) دینار لە گەڵ  خەرجی داوا کە بەیەکسانی  بە داوا کار ، ئە مەش لەکاتێکدا  ئەم دادگایە بڕیاری ژمارە ٤٧٩/هـ.م.أ/٢٠٢٠ لە ٢٠٢١/٣/١٠ دا دەرکردووە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەی دادگای تێهەلچوونەوە کە تانەکە داوای ووردبینی دەکات تیای دا و گەڕاوەتەوە بۆ دادگاکەی بە مەبەستی دەرکرد نەوەی بر یار ت یای دا و دادبی نی بەردەوا مە ،  بەڵام  پێش دە چوونی بر یاری یەکلا کەرەوە  لە داوا کە دا دوای هەڵوەشاندنەوە ئەم تانەیە گەیشتووە بەم دادگایە و تۆمارکراو دانرا بۆ ووردبینی و کفتوگۆ:-

بڕ یار :- پاش ووردبی نی و گفتو گۆ  سەرنج درا  کە تا نەی مەبە ست و رە سم  بۆ دراو  لە ٢٠٢٠/١/١٦پێ شتر نەبینراوە لەلایەن ئەم دادگایەوە چوونکە لە بڕیاری ئەم دادگا یەی  بەرواری ٢٠٢١/٣/١٠ با سی  ئەوەی تیاکراوە کە کەسی سێ یەمی یەکەم کە پێداچووکار (ن ز ك)یە تانەی  لە بڕیاری داد گای تێهەڵچوونەوە  نەداوە وا تە  ئەم دادگایە تیانوو سی تانە کەی بەردە ست  نەکوتووە ، وە لەبەر ئەوەی بڕیاری تا نە  لێدراو  بەبڕیاری  ئەم دادگا یە هەڵوە شاوە  تەوە و با سەکە یەکلانەبۆ تەوە و بڕ یاری  نوێ ی تیادەردە چێت ، ناکر ێت وەپێوی ستیش نا کات سەیری تانەکەبکرێت بە ووردبینی ، بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بەرەتکردنەوەی تا نەی پێدا چوونەوەی  ناوبراو  لە ڕووی  شێوەوە وە  لە ئە ستۆگرتنی پێا چووکار  بەرەسمی پێدا چوونەوە و گەڕاند نەوەی دۆ سیەکە  بۆ  ئەو دادگایە بۆ بەردەوام بوون تیای دا و دەرکردنی بڕیاری یاسای پێویست و ئەم بڕیارەش بەکۆی دە نگ دەرکرا  لە ٢٠٢٢/٥/٨.

داواکار لە ڕێگەی بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی /٥ بانگەشەی ئەوەی کردوە کە وا لەگەڵ داوالەسەرکراو (کەهاوسەریەتی) بڕی (٢٨٠٠٠)  أمریکی سەرف کردووە لەموڵکی ژمارە ٨٢٦/٣٩ کەرتی ٢٠ باوە مردە کە تۆمارە بەناوی هاوسەرەکەی ، بۆیە داوادەکات پابەندبکرێت بە گێرانەوەی بڕی (٢٨٠٠٠) دولار . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی سلێمانی بە ژمارە ٢٥٠٥/ب/٢٠١٨ بڕیاری دا بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو بەبڕی (٢٨٠٠٠) دولار بەرانبەر دیناری عێراقی بەبڕی (٣٣٦٢٨٠٠٠) دینار . دوای ناڕازی بوونی تێهەڵچووکار دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە ژمارە ٢٢٠/س/٢٠٢١ لە بەرواری ٢٠٢٢/١/١١بڕیاری دا بە پشتگیری کردنی بڕیاری بەرایی ئاماژەپێکراو ڕەتکردنەوەی تێهەڵچوونەوە . دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لەڕووی شێوەوە تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە پشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی پێنجەمی سلێمانی بەپابەندکردنی داوالەسەرکراو بەدانی بڕی پارەی ناوبراو لەسەرەوە ڕاستەو پابەندی یاسایە ، چوونکە داواکار توانی داواکەی بسەلمێنێت کە بڕی پارەی داواکراوی خەرج کردووە لە مۆڵکێکی داوالەسەرکراودا کە بالاخانەیەك بووە تا لە دوایدا داوالەسەرکراو بەرازبەر پارەی خەرج کراو شوقەیەك بدات بە داواکار بەڵام نەیداوەتێ و پارەکەشی بۆنە گەڕاندۆتەوە و ئەم سەلماندنەش بە شایەت بووە کە دادگای بەرایی گوێ ی لێگرتووە و جێگەی باوەری بووە بەهۆی ئەوەی دادگا بۆی هەیە شایەت لەڕووی بابەتی و کەسییەوە هەلبسەنگێنێت و سەلماندنەکەش شیاو بووە بەشایەت بەهۆی ئەوە هەردوولا ژن ومێردبوون ، بۆیە بڕیار درا بە ڕاست سەلماندنی بڕیاری تانە لێدراو بەرەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لە ئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە و ئەم بریارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٧/٣٠.

داواکار لەرێگەی بریکارەکەیانەوە لە بەردەم دادگای بەرایی سلێمانی لەداوای ژمارە ٩٦٩/ب/٢٠١٩ بانگەشەی ئەوەی کردوە کە داوالە سەرکراو قەرزاری بریگرتەکەیا نە بەبری ٩٠,٠٠٠ (٩٦٩/ب/٢٠١٩) بانگەشەی ئەوەی کردوە کە داوالەسەرکراو قەرزاری بریگرتەکەیانە بە بری ٩٠٠٠٠ کە بەرامبەرەکەی بەبڕی (١٠٨,٠٠٠,٠٠٠) دینارە بەڵام داوالە سەرکراو ئامادەنیە بەگەڕا نەوەی لە ئەنجامی دادبینی ئا مادەیی و ئا شکرا دادگای ناوبراو بڕیاری دەرکردوە بە ژمارە ٩٦٩/ب/٢٠١٩ لە ١٠/٢٥/ ٢٠٢٠ بەپو چەلکردنەوەی داوا کە ئەوەندەی پەیوەندی بە داوای داواکارە وە هەیە بە بڕی ٤٠٠٠ وەخەرجی رێژەیی دەکەوێتە ئەستۆ رەدکردنەوەی داوای داوا کار( ئ ر چ ) تایبەت بە داواکردنی ٥٠٠٠ لەگەڵ لە ئەستۆ گرتنی خەرجی ئەو بڕی ما ندووبوونی پارێزەرا یەتی بریکاری داوالە سەرکراو پارێزەر (چ ع ع ) بەبری (٢٠٠٠٠٠٠) دوومل یون دینار . بڕیارە کە شیاوی تیهەلچوونەوەو پێداچوونەوەیە . داواکار تانەی لە بڕیارەکەداوە بە تێهەلچونەوە بەهۆی بریکارەکەیەوە بەپێ ی تیانوسی ڕەسم لێدراو لە ٢٠٢١/١١/١. دادگای تێهەلچوونەوەی ناو چەی سلێمانی بە ژمارە ٢٢٦/س/٢٠٢٠ لە ٢٠٢١/١٢/١٤ بریاری دابە پشتگیری یکردنی بڕیاری بەرایی ئا ماژەپێکراو لە سەرەوە وەردکرد نەوەی تیانوس تێهەڵ چوونەوە ، تیهەڵ چوکار رازی نەبوو بەو بڕ یارە و تا نەی لێ یدا لای ئەم دادگا یە بەپێ ی تیانوو سی پێداچوونەوەی رەسم بۆ درا لە ٢٠٢٢/١/١١ تیای دا داوای هەڵوەشاندنەوی بریارەکە دەکات و پاش گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ گفتوگۆ ووردبینی .

بڕیار:- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لەڕووی شێوەوە تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناو چەی هەولێر بەپشتگیری کرد نی بڕیاری دادگای بەرایی سێ یەمی سلێمانی بە ڕەتکرد نەوەی داوای داوا کار ناڕا ستەو پێ چەوانەی یا سایە ، چوونکە داد گای بەرایی پە لەی کردووە لەلەبەهەندوەر نەگرتنی ئەوا نەی دەر خراون لەلا یەن داوا کاراوە کە بەرواری (٢٠١١/١١/٢٤ لە سەرەوە داد گای تێهەڵچوونەوەش سەرنجی ئەوەی نەداوە کە بریکاری داوالە سەرکراو لە کۆنو سی بەرواری ٢٠١٩/١٠/١٣ دا دەڵێت ئەو قەواڵە یە بە دوو پەڕە خراوە تەڕوو وە ڕووی یە کەمی واژووی لە سەرنی یە و دا نی پیانانێت بەڵام لاپەڕەی دووەمی کەبا سی ٥٠,٠٠٠ دولار دەکات واژووی بریگرتەی کە داوالە سەرکراوە لەسەر یەتی و بەڵام داواکار قەرزارە پێ ی ، بەڵام لەمەوە دەبوو دادگای تێهەلچوونەوە لێکۆڵینەوە لەو قەواڵە یە بکات کە ئەسلەکەی لە سنوقی داد گا دا یە بە سەلماندنی ئەوەی هەردووپەڕە کە یەك قەواڵە یە و یەك دە سخەتە و لە یەك دەفتەرجیاکراوە تەوە چوونکە لەبەشی خوارەوەی پەڕەی یەکەم نوو سراوە (٥ دەفتەر دۆلار کاك (ع) قەرزارە بەکاك ئازاد واتە ٥٠,٠٠٠) بە پێچەوانەی ڕای دادگای بەرایی دەکرێت ئەو قەوالەیە بەڵگەی سەلماندبێت و یان بنەمابێت بۆ سەلماندن بە هۆی نوسینەوە (**مبدأ ثبوت بالكتابة**) و ئەگەر نەسەلما سوێندی یەکلا کەرەوە داوا کەی پێ کۆ تایی پێهێنرێت و بۆ یە بڕیاری دا بە هەڵوە شاندنەوەی بر شیاری تا نە لێدراو وە هێشتنەوەی رە سمی پێداچوونەوە تا ئەنجام و ئەم بریارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٦/٢٦

**ژمارە / ١٤٩/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٩/٢٧**

داواکار لە ڕێگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی /٤ لە داوای بەرایی ژمارە ٢٣٤٦/ب/٢٠١٨ بانگەشەی ئەوەی کردوە کە میراتگرانی کۆچکردو (ش/ س/ م/ پ/) کە داواکاران بریگرتەکانمن مافی بەکار هێنانی هەیە لەسەر پارچە زەوی کشتوکاڵی ژمارە ٣/١/ قەواڵی بووە وە لەسەر بریاری دەستبەسەرگرتن بە ژمارە ٢٥ لە پارێزگای سلێمانی کە پێك هاتبوو بەپێ ی یاسایی ژمارە ٩ ساڵی ١٩٧٥ ڕێنمایەمان بە ژمارە ١٩٧٥/١٠٦ تۆماری پارچەزەوی سەرەوە کراوە بە ناوی وەزارەتی دارایی حکومەتی یەکگرتوو دواتر بەبڕیاری لێژنەی کوژنەوە بە ژمارە ١ لە ١٩٧٨/٣/٢٣ بەپێی بریاری (مجلس قیادة الثورة المنحل) بە ژمارە ٨١٠ ساڵی ١٩٧٨ موڵکی ناوبراو تۆمارکرا بە ناوی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانیەوە دوای لێسندنەوەی لەگەڵ پارچە زەوی ژمارە ١ کەرتی ١٩ باریکەو تۆمارا کرا بە ژمارە ١/ ماوەت ٢٩٨٨ ژمارە بە رگ ٤١٩ وە هەموو دەست بەسەرگراتنانە کۆژا نەوە تۆمارکردنە کە بەدەر لەیاسا و دەستور بەبێ قەرەبوو کرد نەوەی بریگرتەکەی . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو بریاری دەرکردووە بە ژمارە ٢٣٤٦/ب/٢٠١٨ لە ٢٠٢٠/١٠/٢٦ بەرەتکردنەوەی داوای داواکاران ، داواکارن تانەیان لە بریارکەداوە بە تێهەڵچوونەوە بەپێ ی تیانوسی رەسم لێدراو لە ٢٠٢٠/١١/١٠ ، دادگای تێهەڵچوونەوەی سلێمانی بە ژمارە ٦٨/س/٢٠٢١ لە ٢٠٢١/١٠/١٣ بریاری دا بە رەتکردنەوەی تیانوسی تێهەڵچوونەوە لەڕووی شێوەوە ، تێهەڵچووکاران رازی نەبوون بەو بریارە و تانەیان لێدا لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێدا چوونەوەی رەسم بۆ دراو لە ٢٠٢١/١١/١٤ تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات و پاش گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار:- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێدا چوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەلچوونەوی ناوچەی سلێمانی تانە لێدراو راستەو پابەندی یاسایە چونکە بریاری دادگای بەرایی بەپلەی کۆتایی دەرچووە شیاوی تانەی تێهەڵچوونەوە نی یە بۆیە بریاری دادگای تێهەڵچوونەوە بەرتکردنەوەی تانەی تێهەڵچوونەوە لە رووی شێوەوە راستەو پابەندی یاسایە نیشانە بە بەندەکانی یاسای ژمارە (٩٠) ساڵی ١٩٧٥ بۆیە بریار درا بەراست سەلماندنی بریاری تانە لێدراو وەرەتکردنەوەی تانەی پێدا چوونەوە لە ئەستۆگرتنی پێدا چووکار بە رەسمی پێدا چوونەوە ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە .٢٠٢٢/٩/٢٧

**ژمارە / ١٥١/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٩/٢٦**

داواکار لە ڕێگەی بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی /٣ لە داوای بەرایی ژمارە ٢٢٢٩/ب/٢٠١٩ بانگەشەی ئەوەی کردوە کە داوالەسەرکراو هەستاوە بەفرۆشتنی مۆلیدەی کارەبایی جۆری پیرنکس ٢٢ kva (٦١٠٠) دولار بەرامبەر (٧,٣٢٠,٠٠٠) دیناری عێراقی بەڵام بەپێی رێکەوتن ئەبێت مۆلیدەی جۆری پیرکنس بریطانی بێت بەڵام دەرکەوتوە کە مۆلیدەکە لەو جۆرە نیە جۆری صینیە بەنرخی بریتانی پێ ی فرۆشراوە جیاوازی زۆری هەیە لە ڕوی نرخ و کوالێتیەوە لەگەڵ ئەوەدا بەهۆشداری ژمارە ١٥٨٧٦ لە ٢٠١٩/٤/٢٨ ئاگادارکراوەتەوە بەڵام داوالەسەرکراو پابەندنەبوە ئامادەنیە مولیدەکە بگۆڕێت ، لەئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو بڕیاری دەرکردوە بە ژمارە ٢٢٢٩/ب/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/١٢/١٨ بە رەدکردنەوەی داوای داواکار ، داواکار تانەی لەو بڕیارەکەداوە بەتێهەلچوونەوە بەهۆی بریکارەکەیەوە بەپێی تیانوسی ڕەسم لێدراو لە ٢٠٢٠/١/٥، دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بریاری دا بە ژمارە ١٨/س/٢٠٢٠ لە ٢٠٢١/١٢/١٥بەپشتگیریکردنی بریاری بەرایی ئاماژەپێکراو ورەتکردنەوەی تیانوسی تێهەڵچوونەوە تێهەلچووکار رازی نەبوو بەو بریارە و تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێدا چوونەوەی رەسم بۆ

دراو له ٢٠٢٢/١/١٦ تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات وپاش گەیشتنی تا نەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ گفتوگۆ ووردبینی .
بڕیار:- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا بڕیاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە پشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی سێ یەمی سلێمانی بەرەتکردنەوەی داوای داواکار ڕاستەو پابەندی یاسایە ، چوونکە داواکار لە قۆناغی بەرایی و تێهەلچوونەوەش نەیتوانی داواکاریەکەی بسەلمێنێت کە مۆلیدەی کارەبای جۆری بەریتانی لە داوالەسەرکراو کریوە چوونکە داوالەسەرکراو نەهی لەوەکرد ئەو جۆرەی پێ فرۆشتبێت و بەڵام داواکاری تێهەلچووکار ڕازی نەبوو سوێندی یەکلا کەرەوە ئارا ستەی داوالە سەرکراو بکات بەو سوێندەی دار یژراوە و

بەوەش داواکار بە ناوەڕۆکی سوێندەکە دۆڕا وداواکەی شیاوی ڕەتکردنەوە بوو لەڕووی ئەنجامەوە سەبارەت بەرەتکردنەوەی لە قۆناغی بەرایی داو بۆیە بڕیاردرا بە ڕاستاندنی بڕیاری تانەلێدراو وەرەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوەو لە ئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوەلەلایەن پێداچووکارەوەو ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٩/٢٦.

**ژمارە / ١٥٣/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٩/٢٦**

داواکار لە ڕێگەی بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی /٢ لە داوای بەرایی ژمارە ٢٥٧٤/ب/٢٠١٩ بانگەشەی ئەوەی کردوە کە لە بەرواری ٢٠١٩/٩/٢٤ بەهۆی بریکارانی داوانامەیەکی پێشکەش بەم دادگایە کردوو ڕونی کردەوە بەپێی گرێبەستێك داواکار خانووی ژمارە (١٤٥٤) ی لە پڕۆژەی بناری گۆیژە کە پڕۆژەیەکی وەبەرهێنانە فرۆشتووە بە داوالێکراو بەبڕی (٢٦٠,٠٠٠) دووسەدوشەست هەزار دۆلار خانوەکە تەواو بووە و داوالێکراویش کلیلەکەی وەرگرتووەو لە (٢٠١٥/٤/٢٢ ) نیشتەجێیە تیایدا بەڵام بڕی (٥٠٠٠٠ پەنجاهەزار دۆلار)ی نرخی خانووەکەی لە ئەستۆدایە و نەیداوەو ئامادەی پێدانی نیە ، داوایکرد بانگهێشتی دادبینی بکرێت و بڕیار بدرێت بە پێدانی بڕی (٥٠٠٠٠پەنجا هەزرا دۆلار ). لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو بڕیاری دەرکردوە بە ژمارە (٢٥٧٤/ب/٢٠١٩) لە (٢٠٢١/١/٣) بە پابەندکردنی داوالێکراو بە پێدانی بڕی (٥٠٠٠٠ پەنجاهەزار دۆلار ) بە داواکار ئەگەر هاتوو ئەستەم بوو ئەوا بە دراوی نیشتیمانی کە هاوتایە بەبڕی (٦٠,٢٥٠,٠٠٠) شەست ملیۆن و دووسەدو پەنجاهەزار دینار . دوای نارازی بوونی تێهەلچووکار بەبڕیاری ناوبراو دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە ژمارە (٢٥/س/٢٠٢١) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٩ بڕیاری دا بە پشتگیری کردنی بڕیاری بەرای ئاماژەپێکراو وەرەتکردنەوەی تیانووسی تێهەلچوونەوە وەدوای نارازی بوونی پێداچووکار بڕیاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/٢ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ گفتوگۆ ووردبینی .
بڕیار:- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا بڕیاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە پشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی دووەمی سلێمانی بە پابەندکردنی داوالەسەرکراوی پێداچووکار بەدانی بڕی پارەی ناوبراو لە سەرەوە ڕاستەو پابەندی یاسایە ، چوونکە بۆدادگا دەرکەوت کە داواکار پابەند نەبووە بەگرێبەستی نێوان هەردوولاو خانووی مەبەستی لە ناوپڕۆژەی بناری گۆیژە بۆ داوالەسەرکراو تەواوکردووەو ئەمیش کلیلی وەرگرتووە و لەناوخانووەکەدایە ، بۆیە داواکار شایستەی بڕی پارەی داواکراوە کەپشکەنەدراوەکانی خانووەکەیەو لە سەر ئەوە بڕیاردرا بە ڕاستاندنی بڕیاری تانەلێدراو وەرەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوەلەلایەن پێداچووکارەوەو ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٩/٢٦.

**ژمارە / ١٥٩/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٦/٢٠**

داواکار لە رێگای بریکارەکە یەوە لە بەردەم داد گای بەرایی هەولێر ڕایگەیا ندوە کەوا گرێبە ستی درو ستکردنی قوتابخانەی لەگەڵ داوالێکراوی یەکەم هەیە وە بەڕەزامەندی وئاگاداری داوالێکراوی دووەم بەپێ ی ئەو خاڵانەی کە لە گرێبە ستەکەدا هاتووە ، بەڵام سەرەرای ئەنجام دا نی رێژە یەکی بەرجاو لەکارەکانی پرۆژە کەو کرین و ئا مادەکردنی چەندین کەرە ستەی پێویست بۆ تەواوکردنی پرۆژە کە لەلا یەن داوا کار بەڵام داوالێکراوان لاری دەکەن لە رێپێدانی بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە . بۆیە داوایکردووە بڕیار بدرێت بە پوچەڵ کرد نەوەی (فسخ العقد) . دوای ئەنجام دا نی دادبیـ نی ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای بەرایی هەولێر بە ژ مارە ١٠٣٢/ب/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/١٢/٥ بڕ یاری دا بە پو چەلکردنەوەی داوای داوا کار بەرام بەر داواله سەرکراوی دووەم و ڕەتکرد نەوەی سەبارەت بە داوالەسەرکراوی یەکەم . دوای ناڕازی بوونی تێهەلچووکار دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ٩٢٥/س/٢٠٢٠ لەبەرواری ٢٠٢١/١١/٢٩بڕیاری دا بە پشتگیری کردنی بڕیاری بەرایی و رەتکرد نەوەی تانەی تێهەلچوونەوە دوای ناڕازی بوونی تێهەڵچووکار بەبڕیاری ناوبراو تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بەپێ ی تیانو سی پێدا چوونەوەی ڕە سم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢١/١٢/٢ دوای گەیـ شتنی تا نەو دۆ سیەکە دا نرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕ یار:- پاش ووردبیـ نی و گفتو گۆ و پە سەندکردنی تا نەی پێدا چوونەوە ، تێبیـ نی کرا کە بڕ یاری داد گای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە پشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی پێنچەمی هەولێر بە رەتکرد نەوەی داوای داواکار ورەتکردنەوەی تانەی تێهەلچوونەوە ، ڕاستەو پابەندی یا سایە چوونکە داوای داوا کاری قۆ ناغی بەرایی پوو چەلکراوەتەوە سەبارەت بە داوالە سەرکراوی یە کەم و هەر چی ڕکاربەرێ شە بەردە ست نی یە بە ئارا ستەی داوالە سەرکراوی دووەم وە داوا کار خۆی دەڵێت کارە کەی بە جێهێشتووە ، بۆ یە بڕیاردرا بە را ست سەلماندنی بڕیاری تا نە لێدارو وە ڕەتکرد نەوەی تا نەی پێدا چوونەوەو لەئە ستۆگرتنی رە سمی پێدا چوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە و ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٦/٢٠.

**ژمارە / ١٦٣/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٩/٨**

داد گای تێهەلـ چوونەوەی ناو چەی هەولێر بە ژ مارە ١٢٣/س/٢٠٢١ لە بەرواری ٢٠٢١/١١/٢٨ بڕ یاری دا بە پشتگیری کرد نی بڕ یاری بەرایی ژ مارە ٣٦٤/ب/٢٠٢١ لە بەرواری ٢٠٢١/٥/١٦ بەپابە ندکردنی داوالە سەرکراو بەگەڕاند نەوەی بڕی پارەی (٥٠,٠٠٠ ) ئەمریکی یان بەرام بەربڕی (٧٢,٧٠٠,٠٠٠) دیـ ناری عێرا قی دوای ناڕازی بوونی تێهەلچووکاربە بڕیاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانوسی پێدا چوونەوە ڕە سم بۆ دراو لە ٢٠٢١/١٢/٢٠ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیار:- پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تا نەی پێدا چوونەوە لە ماوەی یا سایی پێشکەش کراوە بۆ یە پەسەندە لەڕووی شێوەوە تێبینی کرا کە بڕیاری تا نەی لێدراو ڕا ستەو پابە ندی یا سایە بەو هۆیانە کە داد گا پشتی پێ بەستووە چوونکە بڕیاری پاشملە و نائامادەی دەرکردووە لە قۆناغی بەرایی بە هەڵپێسردراوی لەسەر نکوڵی کرد نی لە سوێندخواردن لە کاتی نارەزایی (١١٨م سەلماندن ) بەڵام تێهەلـ چووکار رەخـ نەی نەگرت لە بڕیاری پاشملە بەلکو یەکە سەر بەرێگەی تێهەلـ چوونەوە تا نەی لە بڕیارە کە دا بەڵام لە دانیشتنەکانی قۆ ناغی تێهەلـ چوونەوە ئامادە نەبوو سەرەرای مۆلە تدانی لەلا یەن داد گاوە بۆمەبە ستی ئەنجام دا نی بەراورد کرد نی (الاستکتاب و المضاهاة) جگە لەوەش تێهەلچووکار لەگەلالەنامەی پێداچوونەوە دا نی ناوە بەوەدا کە قەرزرارە بەو برە پارەیەی کە لەو پسوڵەیە دا هاتووە کە داوا کار پشتی پێ بە ستووە لە داوا کەی لە تەواوکەری بەهای

مولكەكە گەڕاندوویەتەوە بۆ داواكار تەنها ئەو برە پارە یە ماوە تەوە كە داوا كراوە ئەویش لە ئەنجامی پێشێلی كردنی (اخلال) لەبەلگە نا مەی فرۆشتنی مولكە كە و نەیتوانی را ستی و درو ستی دەرهێنانی بریكارنا مەكانی بابەتی داواكە بخاتە روو كە ئەوەش هاودژیەك دروست دەكات لەگەل پالنانی بەوەی پارەكە پەیوەستە بەمەرجی سزایی چونكە داواكاریە كەی پێشل نەكردووە تاكو مەرجی سزایی بە سەر ـدسەپێنرێت ئەم هاودژیە رێگرە لەگوی گرتن لە پالنانە كەی بۆیە بریاری تێهەلچوونەوە بەپشتگیری كرد نی بریاری بەرایی را ست و درو ستە لە سەر ئەوە بر یار درا بە را ست سەلماندنی بر یاری تا نە لێدراو وەرەتكرد نەوەی تا نەی پێدا چوونەوە و لە ئە ستۆگرتنی رە سمی پێدا چوونەوە لەلا یەن پێدا چووكارەوە ئەم بڕ یارەش بە زۆرینە نەی دە نگ دەر كرا لە ٢٠٢٢/٩/٨.

**ژمارە / ١٨٥/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٨/٣**

دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی كەركوك /گەرمیان بە ژمارە ٣٣/س/٢٠٢١ لە بەرواری ٢٠٢١/١١/٣٠ بریاری دا بە پشتگیری كردنی بڕیاری بەرایی ژمارە ٣٠٦/ب/٢٠٢٠ لە ٢٠٢١/١٩/٩ بەپابە ندكردنی داوالە سەركراو بەدانی بڕی (٩٨٠٠) دولار امریكی یان بەرامبەر بڕی (١٢٠٥٤٠٠٠) دینار كە لە ئە ستۆی داوالێكراو لاری دە كات لە گەڕا نەوە بۆی . دوای نارازی بوونی تێهەلچووكار بەبڕیاری ناوبراو تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم بۆ درا لە ٢٠٢١/١٢/٧تیای دا داوای هەڵوەشاندنەوەی بریارەكە دەكات و پاش گەیشتنی تانەو دۆسیەكە تۆماركرا ووردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار:- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندكردنی تانەی پێداچوونەوە لە رووی شێوەوە ، تێبینی كرا بڕیاری داد گای تێهەلچوونەوەی ناو چەی كەركوك / گەرمیان بە پشتگیری كرد نی بر یاری داد گای بەرایی كەلار و پابەندكردنی داوالە سەركراو كە پێدا چووكارە بە بری پارەی ناوبراو لە سەرەوە ، را ستە و پابە ندی یا سایە ، چوونكە داواكار داوای بڕی ماوەی ئەو پارەیە دەكاتەوە كە پانزە هەزار دۆلارە داوالە سەركراو وە هاوبە شەكەی كەسی سێ یەم بۆ روونكردنەوە (س/ ع/) دا نی پیا ناوە كە قەرزرای داوا كار ەوە بەهۆی ئەوەی ئەو هاوبە شیە بەوگرێبەستە هەوڵوەشاوەتەوە كۆتایی هاتووە و بری پارەی دانپیانراو شایستەی گەراندنەوە یەو بەپێ ی ئەو گرێبەستە هەردوولاكەی دان دەنێت بە قەرزرائێتیان بۆ ئەو كەسانەی ناویان هاتووە بەرانبەر بڕی پارەكە بە دۆلار و یەكێك لەو خاوەن قەرزانە بۆ داوالەسەركراو داواكارە و بە هۆی ئەوەی داواكار برێكی پارەی پێ گەیشتووتەوە ئەوە ندەی داوای دە كات لە ئە ستۆی داوالە سەركراو دا ماوە ، بۆیە بریاردرا بە را ست سەلماندنی بر یاری تا نە لێدراو وەرەتكردنەوەی تانەی پێداچوونەو لە ئەستۆگرتنی رە سمی پێدا چوونەوە لەلا یەن پێدا چووكارەوەو ئەم بریارەش بە كۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٢/٨/٣

**ژمارە / ١٩٩/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٧/١٧**

داواكار لە رێگەی بریكارەكەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی /١ لە داوای بەرایی ژمارە ٢٧١٣/ب/٢٠١٧ بانگەشەی ئەوەی كردوە كە كە داوالێكراو هاوسەریەتی وەلەساڵی ٢٠١١ هەستاوە بەكرینی پارچەزەوی ژمارە ١٢/٦٧٨ كەرتی ٣٥ كانی سپیكە دروستكردنی خانویەك لەسەری بە پارەی خۆی كە بڕی (١٠,٠٠٠) تێچوە ، وە نیوەی ئەو خانوەی لەبەرێوەبەرایەتی تۆماركردنی خانوبەرە تۆماركردوە بە ناوی داوالێكراوە وە لەبەر ئەوەی متمانەی پێ هەبووە ، وە داوالێكراو ئامادەنیە كە ئەو بە شی خانوە كە تۆماربكا تەوە بەناوی داوالێكراوە وە لبەر ئەوە داواكارە كە داوالێكراو بانگهێشتی دادبینی بكرێت و پابە ند بكرێت بەدانی شایستەی ئەو بە شە لە خانوەكە كە خەملاندویەتی بەبڕی (٦٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار ، لەئەنجامی دادبینی ئاشكرا دادگای ناوبراو بڕیاری دەر كردوە بە ژ مارە ٢٧١٣/ب/٢٠١٨ لە ٢٠١٩/١٠/١٣ بە رەتكرد نەوەی داوای داوا كار ، داوا كار تا نەی لە بڕیارەكەداوە بە تێهەلچوونەوە بەهۆی بریكارەكە یەوە بەپێی تیانو سی رە سم لێدراو لە ٢٠١٩/١٠/٢٠ داد گای

تێهەلچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بڕیاری دا بە ژمارە ٢٩٦/س/٢٠١٩ لە ٢٠٢٢/١/١٣ پشتگیریکردنی بڕیاری بەرایی ئا ماژەپێکراو ، تێهەلچووکار رازی نەبوو بەو بڕیارە و تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بەپێ ی تیانو سی پێدا چوونەوەی رە سم بۆ دراو لە ٢٠٢٢/٢/٦ تیای دا داوای هەڵوە شاندنەوەی بریارە کە دە کات و پاش تا نەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ گفتوگۆ و وردبینی.

بڕیار:- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا بڕیاری داد گای تێهەلچوونەوەی ناو چەی سلێمانی بە پشتگیری کرد نی بڕ یاری داد گای بەرایی یە کەمی سلێمانی بەرەتکردنەوەی داوای داواکار بۆ گەرا نەوەی بەهای بە شێکی لە خانوو بەرەی ناوبراو وەك دەلێت کردوو یەتی بەناوی داوالەسەرکراوەوە ، ڕاستە و پابەندی یا سایە ، چوونکە داوا کار ناتوا نابوو لە سەلماندنی بانگە شەکەی کە بە شە خانووی داوا کراو بەپارەی خۆی کرابێت و کرابێت بە خانوو پاش ئەوەی داد گای هەردوو قۆناغی بەرایی و تێهەلچوونەوە بەناتوانا یان دا نا لە سەلماندنی و مافیان دا یە سوێندی یەکلا کەرەوە ئارا ستەی داوالە سەرکراو بکات بەڵام داوا کاری تێهەلچووکار لە هەردوو قۆناغ دا ڕازی نەبوو سوێند بەو شێوەیەی دارێژراوە ئاراستەی بکات و داوای هیچ شێوە سوێندی کەسێتی نەکردووە بۆیە داوا کاری پێدا چووکاربە دۆڕاو دادەنرێت بە ناوەرۆکی ئەو سوێندەو داوا کەی شیاوی رەتکرد نەوە دەبێت وەك چۆن هەردوو داد گا رەتیان کردۆ تەوەو بەوەش بڕیاردرا بە را ست سەلماندنی بڕ یاری تا نە لێدراو وەرەتکرد نەوەی تا نەی پێدا چوونەوە لەئە ستۆکۆتنی ڕە سمی پێدا چوونەوە لەلا یەن پێدا چووکارەوە و ئەم بریارەش بە زۆرینەی دە نگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٧/١٧.

ژمارە / ٢١٣/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٧/٢٦

داد گای تێهەلچوونەوەی ناو چەی هەولێر لە داوای ژ مارە ١١٠/س/٢٠١٧ لە ٢٠١٧/١٠/١٠ بڕ یاری دا بە هەڵوە شاندنەوەی گرێبە ست واژوو کراوی ڕۆژی ٢٠١٧/١١/١١ بڕ یاری دا بە هەڵوە شاندنەوەی گرێبە ست واژوو کراوی سەرەرای کاره کەی لەکاتی جێ بە جێ کرد نی گرێبە ستی ڕێ کەوتی ٢٠١٣/١١/١١ بڕی (٣٨٤٣٣٠٠٠٠) ملیون دینار لە فرۆشتنی ٦١ خانوو وەرگر تووە وە بڕی وەرگیراو لە هەریەکەیان لە لیستی هاوپێچ ئا ماژە پێکراوە بۆ یە داوادە کات بەدانی برە پارەی ئا ماژەپێکراوی سەرەوە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی هەولێر بە ژمارە ٦٠١/ب/٢٠١٨ لە ٢٠٢٠/٩/٢٨ بڕیاری دا بە پابە ندکردنی داوالەسەرکراو بەدانی بڕی (١٦٥,٥٣٠,٠٠٠) دینار بۆ داوا کاران دوای ناڕازی بوونی داوالە سەرکراو داد گای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ٢١٧/س/٢٠٢٠ لە بەرواری ٢٠٢٢/٢/٧ بڕیاری دابەهەڵوە شاندنەوەی بڕیاری ئاماژەپێکراو بریاردان بە ڕەتکردنەوەی داوای داوا کاران بەرامبەر داوالە سەرکراو . دوای ناڕازی بوونی تێهەلچووله سەرکراوان (داوا کاران ) بەبڕیاری ناوبراو تا نەی لێ بدا لای ئەم دادگا یە بەپێ ی تیانو سی پێداچوونەوەی ڕەسم بۆ لێدراو لە بەرواری ٢٠٢٢/٢/١٤ دوای گەیشتنی تانە کە و دۆ سیەکە دا نرا بۆ ووردبینی گفتوگۆ.

بڕیار:- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردن تانەی پێداچوونەوە لەڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە هەڵوەشاندنەوەی تەواوی بڕیاری داد گای بەرایی پێنچەمی هەولێر وەرەتکرد نەوەی داوای داوا کاران ، ڕا ستەوپابەندی یا سایە ، چوونکە وەك داد گای

تێهەلچوونەوە ڕوو نی کردۆ تەوە ، داوا کاران مافی ئەوەیان نی یە پارەی ئەویەکا نەی هاوولاتیان داویا نە بە داوالەسەرکراو بەپێ ی هەر گرێبەستێك لەگەڵی دابەسترابێت ، وەمافی هەوولاتیان لە کڕیارەکانە کە داوای بڕی پارەی خۆ یان بکە نەوەو هەڵوە شاندنەوەی گرێبە ستی نێوان هەردوولا یەنی داوا بەپێ ی بڕ یاریکی داد گەری

پێشوو به هۆی ئەوەی گرێبەستە کە پوو چەڵ بووە لە بەر وەر نەگرتنی مۆڵەتی وە بەرهێنان ماف نادات بە داوا کاران بۆ داوا کەیان و بەو شێوەیە ڕکا بەری داوا کاران ئاڕا ستە نی یە بەراذبەر داوالە سەرکراو وە داد گای تێهەلچوونەوە ڕەچاوی یا سای کردووە بەپێ ی مادەی (٨٠) ی یا سای دادبینی داوا کەی ڕەتکردۆ تەوە و ئەم دادگا یەش بڕ یاری دا بە ڕا ست سەلماندنی بڕ یاری تا نە ل ێدراو وە ڕەتکرد نەوەی تا نەی پێدا چوونەوە و لە ئە ستۆگرتنی ر ە سمی پێدا چوونەوە لەلا یەن پێدا چووکارەنەوە ئەم بڕ یارەش بە کۆی دە نگ دەر کرا لە ٢٠٢٢/٧/٢٦.

**ژمارە / ٢١٧/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٧/٣١**

داواکار لە ڕێگەی بریکارەکە یەوە لە بەردەم دادگای بەرایی هەولێر ڕایگەیا ندووە کەوا بڕی (١٥٠٠٠) دولار بە دوالێکراو بەلأم لاری دەکات لەگەڕاندنەوەی بڕپارەی ناوبراو . دوای ئەنجام دا نی دادبینی ئا مادەیی و ئا شکرا دادگای بەرایی بە ژمارە ١٦٥٣ /ب/٢٠١٨ لە ٢٠١٨/١٢/٣ بڕیاری دابە پابەندکردنی داوالە سەرکراو بەدانی بڕی (١٥٠٠٠) دولاری ئەمریکی بە رامبەر بڕی (١٨,٠٠٠,٠٠٠) دینار دوای ناڕازی بونی تێهەلچووکار بەبڕی ناوبراو داد گای تێهەلـچوونەوەی ناو چەی هەولێر بە ژ مارە ١٦/س/٢٠١٩ لە ٢٠٢١/١٢/٦ بڕ یاری دا بەڕەتکرد نەوەی داوای داواکار بەرامبەر داوالەسەرکراو . دوای تانە لێدانی تێهەلچوولەسەرکراو لە بڕیاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگا یە بەپێ ی تیانو سی پێدا چوونەوەی ڕە سم لـێدراو لە بەرواری ٢٠٢١/١٢/١٩ . دوای گەیشتنی تا نەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لەڕووی شێوەوە تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە هەڵوەشاندنەوەی بە شێکی بریاری داد گای بەرایی یەکەمی هەولێر بەرەتکردنەوەی داوای داواکار ڕاستە وپابەندی یاسایە ، چوونکە دادگای تێهەلچوونەوە بەم بڕیارەش پەیرەوی بر یاری پێ شووی ئەم دادگا یەی کردووە بە ژ مارە ٤٩٦/هـ.م.أ/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/١٠/٣٠ داو دەر کەوتووە کە داواکاری پێداچووکار شایستەی داوالێکرد نەوەی پارە کەی نی یە لەبەرئەوەی پاش ئەوەی بەناتوانا دانرا لە سەلماندنی داواکەی و سوێندی یەکلا کەرەوەی ئارا ستەی داوالە سەرکراو کرد و ئەمیش سوێندەکەی خوارد ، داواکاربە دۆڕاو دادەنرێت بەناوەرۆکی سوێندە خواردوەکەو داواکەی شیاوی ڕەتکردنەوە یە ، بۆیە بڕیار درا بە ڕا ست سەلماندنی بر یاری تا نە ل ێدراو وەرەتکرد نەوەی تا نەی پێدا چوونەوە و لە ئە ستۆگرتنی ڕە سمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە و ئەم بریارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٧/٣١.

**ژمارە / ٢٢١/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٨/٢١**

داوا کاران لە ڕێ گەی بریکارەکەیا نەوە لە بەردەم داد گای بەرایی هەولێر ڕایگەیا ندوە کەوا موڵکی ژ مارە (٧٢ب١٧٩/١٤٥وارش) روو بەری (٥٠) مەتر دوکانێکە لە پیشە سازی باکور کە گرێبە ستەکە لە گەڵ شاروانی هەولێر دەگەرێ تەوە بۆ باوکی داوا کاران لە بەرواری ٢٠١٢/١١/١٦ کۆچی دوا یی کردووە و برای داوالێ کراوی یە کەم دوکانە کە بەرێوەدەبات و سودی لێ دەبیذێت و کرێی ساڵانەی دە خەملێنن بە (٢٤,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دیناری عێراقی لە ئەنجامی دادبینی ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای بەرایی هەولێر بە ژمارە ٣٠٠١/ب/٢٠١٨ لە ٢٠١٩/١٠/١٤ بر یاری دا بە ڕەتکرد نەوەی داوای داوا کار دوای ناڕازی بونی تێهەلـ چووکاران داد گای تێهەلچونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ٣٧٢/س/٢٠١٩ لە ٢٠٢١/١٢/١٤ بریاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری بەرایی ئاماژەپێکراو پابە ندکردنی تێهەلچوولە سەرکراو بەدانی بڕی (٣٣,٥٣٤,٥٤٥) دینار بۆ داوا کاران دوای ناڕازی بونی تێهەلچوولەسەرکراو بە بڕیاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپێ تیانو سی پێدا چوونەوەی ڕەسم بۆ دراو لەبەرواری ٢٠٢١/١/٢ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە بۆ ئەم دادگایە دانرا بۆ ووردبینی گفتوگۆ.

بڕیار:– پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لەڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کەبڕیاری داد گای تێهەلـ چوونەوەی ناو چەی هەولێر بە هەڵوە شاندنەوەی بڕ یاری داد گای بەرایی چوارەمی هەولێر و پابەندکردنی داوالە سەرکراو کە پێدا چووکارە بەدانی بڕی پارەی ناوبراو لە سەرەوە وەك کریێ ی هاو تای ئەو دووکانەی داوالەسەرکراو بەکاری دەهێنێت نارا ستەو پێچەوانەی یا سایە ، چوونکە ئەوە ڕا ستە کە داوا کاران شایستەی کریێ ی هاوتای دوکانەکەن پاش ئەوە سوێندی گەرێنراوەیان خوارد کە رێگەیان (ابا حة) نەداوە بە داوالەسەرکراو دوکانەکە بۆسوودی خۆی بەکاربهێنیت بەلاّم دادگای تێهەلچوونەوە دە بوو پشت ببە ستێتەوە بە شارەزای تر پاش ئەوەی تێهەلچوولە سەرکراو داوای کرد و لەو کریێ یەش کە دە خەملێنرێت دەبێت شارەزا ڕابسپێردرێت کە (خەرجی دووکان و کریێ و باج)ی لیێ دەربکرێت هەروەها دادگا بڕیاری بۆ بڕی خەلمێنراو دەر کردووە بەبێ ئەوەی بڕی زیادی داوا کراو لە کریێ هاو تا ڕەتبکا تەوە و دەبێت ڕە چاوی ئەم لایەنەبکات لە کاتی بڕیاردان داو لەلایەکی ترەوە داوالەسەرکراو پالنەری تری هەبووە بۆ داواکە کەوا داواکار (ڤ ا م)| برێك پارەکە ١٣٧٢٢ □ دۆلارە وەك بەشی خۆی لەکریێ ی وەرگرتووە و دەبوو لێکۆلینەوە لەم لایەنە بکات وە لەبەرئەوەی دادگای تێهەلچوونەوە ڕەچاوی ڕای یاسایی سەرەوەی نەکردووە لە دەرکردنی بڕیارە کەی دا ئەم دادگا یە بر یاری دا بە هەڵوە شاندنەوەی بڕ یاری تا نە لـ یدراو ڕا ستاندنی دۆ سیەی داوا کە بۆ ئەو دادگا یە بەمەبەستی دەرکردنەوەی بڕیار تیای داو هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تائەنجام و ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٨/٢١.

**ژمارە / ٢٢٥/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/١٢/١٣**

دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بەژمارە ٢٤٥/س/٢٠١٩ لەبەرواری ٢٠٢٢/١/١٢ بڕیاری دا بە پشتگیری کرد نی بر یاری بەرایی ژ مارە ٢٦٣٧/ب/٢٠١٨ لە بەرواری ٢٠٢٢/١/١٢ بە هەڵوە شاندنەوەی گرێبە ستی ژ مارە (B/٥٢) لە ٢٠١١/١/٢٥ لە ذێوان هەردوو لا تایبەت بە کرین و فرۆ شتنی ڤیلای ناوبراو لە پرۆژەی (.....) هەروەها پابە ندکردنی داوالە سەرکراو بەگەراند نەوەی بۆ داوا کار بەبڕی (٢٥٤,٥٠٠□) دۆلار بەرام بەر بڕی (٣٠٨,٧٠٨,٥٠٠) دینار هەروەها بڕی (٤٧,١٤٩,٢٠٠) دینار وە کو قەربوو بۆ داوا کار (ر خ م ) کۆی گ شتی دەکاتە (٢٩٣,٣٦٩□) دۆلار و ٩٠ سەنت بەرامبەر بڕی (٣٥٥,٨٥٧,٧٠٠) دینار و ڕەتکرد نەوەی داوای داوا کار تایبەت بەبڕە پارەی داواکراو وەکو قەرەبوو بەبڕی (١٦١,١٣٠□) دۆلار بەرام بەر بڕی (١٩٥,٤٥٠,٨٠٠) دیناری عێراقی . دوای نارازی بوونی پێدا چووکار بە بڕیاری ناوبراو تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بەپیێ ی تیانوو سی پێدا چوونەوەی ڕە سم بۆ دراو لە رێکەوتی ٢٠٢٢/٢/١ دوای گەیشتنی تا نەو دۆ سیەکە دا نرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار :– پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پە سەندکردنی تا نەی پێدا چوونەوە لە ڕووی شێوەوە تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە پشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی سێ یەمی هەولێر بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو سەرەرای کارەکەی بە پێدانی بڕی ئەو پارانەی لەسەرەوە باسکراون پێش وەختە سەبارەت بە گێرا نەوەی بڕی پارەی (٢٥٤,٥٠٠□) دۆلار بۆ داوا کار چوونکە بڕیارە کە بە هەڵوە شاندنەوەی گرێبە ست و قەرەبووکر نەوەی داوا کار ڕە چاوی یا سای ت یداکراوە بەلاّم داوالە سەرکراو سەرەرای کارە کەی سەبارەت بە گێرا نەوەی بڕی پارەی دراو پالنەری داوا کەی کردووە بەوەی داوا کار تەنها (٢١٨,٠٠٠□) دۆلار داوە بە کۆمپانیا نەك (٢٥٤,٠٠٠) دینار و بە مەش پارە کە (٣٦,٠٠٠□) دۆلاری جیاوازە ،بۆیە دە بوو داد گای تێهەلچوونەوەی لێکۆلینەوە لەم بارەیەوە بکات بۆ گەیشتن بە ئەنجامی تەواو وە لە بەر ئەوەی ئەو دادگا یە بەو شێوەیە بڕیارەکەی دەرنەکردووە بڕیارەکەی خستۆتەباری ناراست و پێچەوانەی یاساوە لە سەر ئەوە بڕیاردرابە هەوڵوەشاندنەوەی وەگەراندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ مەبەستی سەرەوەو دەرکردنەوەی بڕیار تیای دا و هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تائەنجام و ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/١٢/١٣

**ژمارە / ٢٢٧/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٨/١٤**

داواکار لەرێگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر ڕایگەیاندوە کەوا داوالێکراو قەرزاری داواکارە بەبڕی (١٨٠,٠٠٠) ئەمریکی لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٢٢ هەردوو دو کانی (٤٣/٤٢) لە هەولێر مۆل تابقی /٣ داوالێکراو لێ ی کریوە تەوە بریار بو دوای مانگێك ئەو برە پارەی بداتەوە بەلأم داوالێکراو پابەند نەبووە بە گەراند نەوەی . لە ئەنجامی دادبینی و ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای بەرایی هەولێر بە ژمارە ١٠٧٧/ب/٢٠٢٠ لە بەرورای ٢٠٢١/٣/١٨ بریاری درا بە ڕەتکرد نەوەی داوای داوا کار دوای ناڕازی بوونی تێهەڵچووکار داد گای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ١١٣/س/٢٠٢١ لەبەرواری ٢٠٢١/١٢/١٤بریاری دا بە پشتگیری کرد نی بریاری بەرایی ئاماژەپیچکراو ڕەتکردنەوەی تانەی تێهەلچوونەوە دوای نارازی بوونی تێهەڵچووکار تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بەپیێ ی تیانو سی پێدا چوونەوەی رە سم بۆ درا لە ٢٠٢١/١٢/٢٣ دوای گەیشتنی تا نەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەکە لەرووی شێوەوە سەرنج درا کە بریاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە پشتگیری کردنی بریاری دادگای بەرایی چوارەمی هەولێر بەرەتکردنەوەی داوای داواکاری پێداچووکار ، ڕاستەو پابەندی یاسایە چوونکە ئەو برە پارەی داواکار داوای دەکات وەك خۆی دەلێت سەرقفلی فرۆشتنی دوو دوکانەو (سەرقفلی ) یش بەپیێ ی مادەی (٢١) لە یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە ٨٧/ی ساڵی ١٩٧٩ ی هەموارکراو قەدەغەیە کە دەلێت (نابێت بەکرێدەر و کرێچی و کەسێك لە نێوانیانداو بێجگە لە مانەش مالێك یان سودێکی لە دەرەوە ی چوارچێوەی گرێبەستی بەکرێدانی و رێکخراو بەپیێ ی ئەو یاسایە دەست بکەوێت) بۆیە داوای داواکار شایستەی ڕواندن نی یە و بریار درابە ڕاستاندنی بڕیاری تانە لێدراو وەرەتکردنەوەی تانە ی پێداچوونەوە و لە ئەستۆگرتنی رەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە و ئەم بریارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٨/١٤.

**ژمارە / ٢٤٥/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٨/١٤**

دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ١٦/س/٢٠٢١ لە ٢٠٢٢/١/١٨ بریاری دا بە پشتگیری کرد نی بڕ یاری بەرایی ژ مارە ١٠٠٩/ب/٢٠١٩ لە ٢٠٢٠/١١/٨ بەڕەتکرد نەوەی داوای داوا کار بە پابە ندکردنی داوالەسەرکراو بەدانی بڕی (١,٣٥٠,٠٠٠) ملیون دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بڕی (١٦٢,٠٠٠,٠٠٠ ) ملیار دینار بەرام بەر ئەو زەرەر و زیا نەی بە داوا کار گەیشتووە لە ئەنجامی ڕاگرت نی ( فتح الاعتماد) لە فەرماز گەی داوالەسەرکراو دوای ناڕازی بونی تێهەڵچووکار بەبڕیاری ناوبراو تا نەی لێدا لا ئەم دادگا یە بەپێی تیانوسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێ دراو لەبەرواری ٢٠٢٢/٢/٨. دوای گەیشتنی تا نەو دۆ سیەکە بۆ ئەم دادگا یە دا نرا بۆ ووردبینی گفتوگۆ.

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتو گۆ و پە سەندکردنی تا نەی پێدا چوونەوە لە ڕووی شێوەوە تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە پشتگیری کرد نی بڕیاری داد گای بەرایی شەشەمی هەولێر بەرەتکردنەوەی داوای داواکار سەرەرای کارەکەی ڕاستەو پابەندی یاسایە ، لەبەرئەو هۆکارەیاسایانەی داد گای بەرایی هێناویەتەوەو دادگای تێهەلچوونەوەش بەپشتگیری کردنی رەچاوی یاسای کردووە چوونکە بۆ داد گای

بەرایی دەر کەوت که داوا کار سەرەرای کارە کەی خۆی ماوەی داواکرد نی (ڕا ستاندی) کە له بەرواری (٢٠١٨/٦/٢١) ەوە تەواوبوو بەپیّ ی ڕێکەوتنی هەردوولای داوا ، نوێ نەکردۆتەوەو ئەو ماوە یەش کە داوا کار داوای قەرەبووی زیانەکانی تیادا داواکردووە ماوەیەکە دوای تەواوبوونی ریکەوتنی یەکە مەو هیچ رێکەوتنێکی تر لەنێواندا نی یە بە هۆی ئەوەی داوالە سەرکراو رەزامە ند نەبووە ماوەی یە کەم کە ٢٠١٨/٦/٢١ دا تەواوبووە درێژبکاتەوە ، کەواتە داوای داواکار شایستەی ڕواندن نی یە و بەهۆیە بریاردرابە ڕاستاندی بریاری تانە لێدراو وەرەتکرد نەوەی تا نەی پێدا چوونەوە له ئه ستۆگرتنی ره سمی پێدا چوونەوە لەلا یەن پێدا چووکارەوەو ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٨/١٤.

**ژمارە / ٢٥٥/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٨/٢٨**

داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی هەولێر به ژ مارە ١٨٧/س/٢٠٢١ لە بەرواری ٢٠٢١/١٢/٦ بر یاری دا به هەڵوە شاندنەوەی بر یاری بەرایی ژ مارە ١٢٧٣/ب/٢٠٢٠ له ٢٠٢١/٨/٢٢ وپابە ندکردنی تێهەلچوولە سەرکراو (داوالەسەرکراو) بەگەراندنەوەی زێرەکانی داواکار کە پێك هاتووە لە (١) تاخمی کا مل (١٢) مثقال (٢) بازن ٦دانە (١١) مثقال (٣) گولە یە خە (٣) مثقال (٤) ئەلقەو پێش ئەلقە ذیو مسقال (٥) ئەلقە نیومسقال یانیش نرخەکانیان (٨,٩١٠,٠٠٠) ملیۆن دینار . دوای نارازی بوونی تێهەلچوولەسەرکراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپیّ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم بۆ لێدراو لە ٢٠٢٢/١/٥ دوای هاتنی دۆسیەو تانەکە بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیار:- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پە سەندکردنی تا نەی پێدا چوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بریاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێریە هەڵوەشاندنەوەی بەشێکی بریاری دادگای بەرایی چوارەمی هەولێر و پا بەنکردنی داوالە سەرکراو بەبڕی پارەی ناوبراو لە سەرەوە نارا ستەو پێچەوانەی یا سایە چوونکە داد گای تێهەڵ چوونەوە سەرنجی ئەوەی نەداوە کە داد گای بەرایی پ شتی نەبە ستووە بە هیچ نوو سراوێك دەرچوویێت لە ژووری بازرگارنی یان شارەزایەك نرخی مثقالی زێری داوا کراو بخەملێنێت و ئەگەرچی دادگای بەرایی لە بریارەکەی دا نیشانەی بەوە داوە کە لە نووسراوی ژووری بازرگانی ڕوا نی وە بۆ نرخی زێرە کە بەلام ژمارەی هیچ نووسراوێکی نەنوسیوە و لە ناو دۆسیەکانیشدا هیچ نووسراوێکی ئەو ژوورەمان نەدی بۆیە دە بوو دادگای تێهەلچوونەوە رەچاوی ئەو لایەنەی بکردایە لەبەر ئەوەی بەپێچەوانەوە بریاری دەرکردووە ئەم دادگا یە بریاری دابە هەڵوەشاندنەوەی بریاری تانە لێدراو وەگەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆمەبەستی سەرەوە و دەرکردنەوەی بڕیاری پێویست تیای دا هێشتنەوەی رە سمی پێدا چوونەوە تا ئەنجام و ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٨/٢٨.

**ژمارە / ٢٧٧/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار**

**٢٠٢٢/٨/١٤**

داواكار له ڕێگەی بریكارەكەیەوه لەبەردەم دادگای بەرایی عنكاوه ڕایگەیاندوه كەوا داوالێكراو قەرزاری داواكاره بەبڕی (٣٠٨٠) دولاری ئەمریكی واته (٢٨) دەفتەر دۆلاری داوه به داواكار بەلام بۆی نەگەڕاندۆتەوه له ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای بەرایی به ژماره ١٤٦/ب/٢٠١٨ له ٢٠١٩/٨/٨ بریاری دا به ڕەتكردنەوەی داوای داواكار دوای نارازی بوونی تێهەلچووكار دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر به ژماره ٢٤/س/٢٠٢٢ لەبەرواری ٢٠٢٢/٢/٢٣ بڕیاری دا بەبشتگیری كردنی بریاری بەرایی ئاماژه پێكراو و ڕەتكردنەوەی تانەی تێهەلچوونەوه . دوای نارازی بونی تێهەولچووكار بەبڕیاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایه بەپێ ی تیانوسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لەبەرواری ٢٠٢٢/٣/٩ دوای هاتنی دۆسیەی داواكه دارنرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

بڕیار:- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندكردنی تانەی پێداچوونەوه له ڕووی شێوەوه ، تێبینی كرا بڕیاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر به پشتگیری كردنی بریاری دادگای بەرایی عەنكاوه به پابەندكردنی داوالەسەركراو بەدانی بڕی پارەی ناوبراو له سەرەوه به داواكار و ڕەتكردنەوەی تانەی تێهەلچوونەوه ڕاستەو پابەندی یاسایه ، له بەر ئەو هۆكارانەی له بریارەكەدا باسكراوه ، چوونكه پاش هەلوەشاندنەوەی بریاری دادگای بەرایی ناوبراو لەلایەن ئەم دادگایەوه به بڕیاری ژماره ١٤٦/ الهیئه المدنیه / ٢٠٢٢ له ٢٠٢٢/٣/٣ دا بۆ دادگای بەرایی دەركەوت كه داوالەسەركراو تاوانبار كراوه له كەیسێكی دادگای كەتن (جنح) دا و سزادراوه لەسەر ئەو بره پارەیەی له داواكاری وەرگرتووه و به بەلگەیەكی یاسایی نوی ی وەرگرت بۆ سەلماندنی داوای داواكار و دادگاش لەم ئاراستەیه ی دا ڕەچاوی یاسایی كردووه بۆیه بریاردرابه ڕاستاندنی بریاری تانه لێدراو و وەرەتكردنەوەی تانەی پێداچوونەوەو له ئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوه لەلایەن پێداچووكارەوەو ئەم بریارەش به كۆی دەنگ دەركرا له ٢٠٢٢/٨/١٤.

**ژماره / ٢٧٩/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوه / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٨/١٤**

داواكاران له بەردەم دادگای بەرایی هەولێر بانگەشەی ئەوەیان كردووه كەوا ئەوان خاوەنی مولكی ژماره (٢٠٦/٧١٠ ك ٢٠٨ تەیراوه ) بەرووبەری (٢٧٣,١٠م ٢) بەلام داوالێكراو سەرەرای كارەكەی هەلساوه بەبردنی بەشێك له مولكی ئەوان بەبڕی (٦٨,٦٥م٢) بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی ژماره (١٧/له ٢٠١٥/١/١٤ ) بەمەبەستی دروستكردنی شەقام بۆیه داواكاران له دادگای بەرێز دوای دیاری كردنی رۆژی دادبینی و پێراگەیاندن داوالێكراو سەرەرای كارەكەی بانگهێشتی دادگا بكرێ و بریار دەربچێت به دیاری كردنی كرێی هاوتای مولكایەتی له ڕێكەوتی ٢٠٢٢/١/١ تاكو ٢٠١٧/٢/٢ وەكرێی هاوتای (٢٠٠,٠٠٠) هەزار دینار بۆ هەرمانگێگ و كۆی گشتی ئەم ڕێكەوته دەخەملێنن بەبڕی (٣٦,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دیناری عێراقی له ئەنجامی دادبینی و ئامادەیی و ئاشكرا دادگای بەرایی هەولێر به ژماره (١٢٢٠/ب٢/٢٠١٧ ) له ڕێكەوتی ٢٠١٩/٩/٢٤ بریاری دا به پابەندكردنی داوالێكراو بەدانی بڕی پارەی (٣٠,٩٥٤,٠٠٠) دیناری عێراقی بۆ داواكاران وەكو كرێ ی هاوتا بۆ رووبەری (٦٨,٦٥ م٢) له مولكی ژماره (٧١٠,٢٠٦ م٢ ٢٠٨ تیراوه) بۆ ماوەی ٢٠٠٢/١/١ تاكو ٢٠١٧/٢/٢ دوای تانه لێدانی له بەردەم ئەم دادگایه به ژماره ٧٠٦/الهیئه المدنیه/٢٠١٩ لەرێكەوتی ٢٠١٩/١١/٢٧ بریار درابه هەلوەشاندنەوەی بڕیاری تانه لێدراو دوای گەرانەوەی بۆ دادگا . دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر به ژماره (٣٤٩/س/٢٠١٩) له ڕێكەتی ٢٠٢٢/١/٩ بریاری دا به رەتكردنەوەی تانەی تێهەلچوونەوه له رووی شێوەوه دوای نارازی بوونی تێهەلچووكار بەبریاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایه بەپێ ی تیانوسی پێداچوونەوەی رەسم لێدراو له بەرواری ٢٠٢٢/١/٢٤ . دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەكه بۆ ئەم دادگایه دانرا بۆ ووردبینی گفتوگۆ.

**بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەلچوونەوەی هەولێر بە پشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی دووەمی هەولێر بەپابەندکردنی سەرۆکی شارەوانی هەولێر سەرەرای کارەکەی بەدانی بڕی پارەی ناوبراو لەسەروە وەك کریٚ ی هاوتا ، راستە و پابەندی یاسایە چوونە دادگای بەرایی پەیرەوەی بڕیاری هەلوەشێنەری ئەم دادگایەی کردووە بە ژمارە (٧٠٦/هـ.م/٢٠١٩) لە ٢٠١٩/٧/٢٧) دا بۆ داواکار شایستەی کەرتی خەملێنراوە کە گونجاوە بۆ شوێن و کاتی داواکردنی لەسەر ئەوە بڕیاردرابە راستاندن بەبڕیاری تانە لێدراو رەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە لە ئەستۆگرتنی رەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارە وە و ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٨/١٤**

**ژمارە / ٢٨١/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٨/٢٣**

**داواكار لە رێگای بریکارەکانیاوە لە بەردەم دادگای بەرای دەشتی هەولێر بانگەشەی ئەوەی کردووە کەوا بریکاریان بڕی (٧٠٠٠ ) دۆلاری ئەمریکی کە دەکاتە (٨,٤٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار ی عێراقی داویەتی بە داوالێکراو بەلام ئینکاری دەکات کە ئەو برە پارەیەی لە داواکار وەرگرتبێ وە شاهید هەیە کە دەیسەلمێنێ ئەو برە پارەیەی پیٚ دراوە لە گەڵ ئەوەشدا ئینکاری دەکات کە وەری نەگرتووە لە بریکاریان کە لە ئەستۆی داوالێکراوە وە داوا لە دادگا دەکەن کەوا داوالێکراو بانگهێشتی بەردەم دادگا بکرێت دوای پێراگەیاندنی وە بریار بدرێت بە گەراندنەوەی ئەم برە پارەیەی کەوالە سەرەرای ئاماژەی پێکراوە . لە ئەنجامی دادبینی رووبەرووی ئاشکرا دادگای بەرای دەشتی هەولێر بڕیاری : ١:- پابەندی کردنی داوالێکراو بەگەراندنەوەی بڕی (٣,٩٣٣,٠٠٠) هەزار بۆ داواکار بەرامبەر مارەیی پاشەکی چەسپێنراو لەگریٚ بەستی هاوسەرگیری (١٩ مسقال زێر) .٢:- وەرەتکردنەوەی داوای داواکار ئەو برە زیادەیەی لە داواکە داوای کردووە بەبڕی (٤,٤٦٧,٠٠٠) هەزار دینار . دوای نارازی بوونی تێهەلچووکار بەبڕیاری ناوبراو ، دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە (٢٣٦/س/٢٠١٩) لە رێکەوتی ٢٠٢١/٢/٢١ بریاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بریاری دادگاوەرەتکردنەوەی داوای تێهەلچوولەسەرکراو  تێهەلچووکاری بەرامبەر  داواکار . وەدوایی نارازی بوونی تێهەلچوولەسەرکراو بە بریاری دادگای ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپیٚ ی تیانوسی پێداچوونەوەی رەسم لیٚ دراو لە بەرواری ٢٠٢٢/٣/١٧ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ.**

**بڕیار :- دوای ووردبینی و گفتوگۆ و دەرکەوت کە تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشەکەشکراوە بۆیە پەسەندکرا لە رووی شێوەوە دوای سەرنج دان لە بڕیاری تانە لێدراو دەرکەوت کە بڕیارێکی راستەو پابەندی یاسایە و راستی ئەو هۆیانەی پشتی پیٚ بەستراوە چونکە سەلمێنرا کە داواکار هەلنەساوە بە دانی مارەیی پاشەکی دووجار لەسەریەك تاکو بگەرێتەوە سەر داوالەوسەرکراو کە لە مافی (استحقاق) خۆی زیاتر بێت و ناکریٚ بڕیاری بۆ دەرکرێت بەگەراندنەوەی قەرزی داوالەسەرکراو کە لەئەستۆی دابووە چونکە بەپیٚ ی یاسا دەبیٚ پابەندبێت بەگەراندنەوەی ئەو قەرزە وە دەبوو دادگا بریار بدات بە پشتگیری تانەی تێهەلچوونەوەی رەسەن دوای پەرپەرچدانەوەی تانەی تێهەلچوونەوەی بەرامبەر بۆیە بریار درابە راست سەلماندنی بڕیاری پێداچوونەوەی تانە لێدراو لە رووی ئەنجام و پەرپەچدانەوەی تانەی پیچداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ئەم بڕیارەش بەزۆرینەی دەنگ دەرکرا لە** 23/8/2022

**ژمارە / ٢٨٣/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٨/١٤**

داواکار لە ڕێگەی بریکارەکەیەوە لە بەردەم دادگای بەرایی کەلار ڕایگەیاندوە کەوا داوالەسەرکراو گرێبەستی هەیە لە جۆری **مساطحة** (بەکرێدانی درێژ) لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی کفری سەرەرای کارەکەی بۆ دروستکردنی یاریگای (......) لەشاری کفری بە کرێ ی سالانە بۆماوەی (٢٠) ساڵ دواتر (ش/ أ/ ع/) ببێ بە هاوبەش لەگەڵ داوالەسەرکراو بۆ تەواکردنی یاریگاکە بەلاّم پێش تەواوبونی داوالەسەرکراو بەپێ ی گرێبەستی لە ٢٠١٨/٦/٢٢ هە شت یەکی یاریگا کەی فرۆ شتوە بە داوا کار بەراه بەر بڕی (٢٠,٠٠٠ □) هەزار دۆلار ئەمریکی و بڕی (١٠,٠٠٠□) دۆلاری وەرگر تووە ، پا شان بڕی (١٠,٠٠٠□) کەماوە تەوە داو یەتی بە هاوبە شی (ش/ أ/ع/) داوالەسەرکراو . بۆیە داوای کردووە دادگا بڕیاربدات بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی نێوانیان و ناچارکردنی بە دانەوەی بڕی (٢٠,٠٠٠□) دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بڕی (٢٤,٦٠٠,٠٠٠) بیست و چوارملیۆن و شەست هەزار دیناری عێراقی . لە ئەنجامی دادبینی ئا مادەیی و ئا شکرا دادگای بەرایی کەلار بە ژمارە ٣٧٠/ب/٢٠٢٠ لە ٢٠٢١/٣/١٢ بریاری دا بە گەراند نەوەی هەردوولا یەنی داوا کە بۆ پێش گرێبەستەکە (**اعادة المال الطرفين المدعين الى ماكان علية قبل العقد**) و پابەندکردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی بڕی (١٠,٠٠٠□) دۆلار بۆ داواکار و ڕەتکردنەوەی بڕی زیادەی داواکراو بە (١٠,٠٠٠) دۆلار . دوای ناڕازی بوونی تێهەڵچووکار بە بڕی ناوبراو دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك گەرمیان بە ژمارە ٧/س/٢٠٢٢ لە بەرواری ٢٠٢٢/٣/١٣ بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری بەرایی ئاماژەپێکراو و ڕەتکردنەوەی داوای داواکار . دوای ناڕازی بونی تێهەلچوولەسەرکراو (داواکار) بە بڕیاری ناوبراو تانەی لێدالای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێدا چوونەوەی ڕەسم لێدراو لە ٢٠٢٢/٤/٣ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیار:- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێدا چوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، سەرنج درا کە بڕیاری دادگای تێهەلچوونەوی ناوچەی کەرکوك □ گەرمیان بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دادگای بەرایی کەلار کە بڕیاری دابوو بە گەراندنەوەی هەردوولای گرێبەستی نێوان لایەنەکانی داوا کە بۆ باری پێشوو وە پابەندکردنی داوالەسەرکراو بە گێرانەوەی بڕی پارەی وەرگیراو ، وەرەتکردنەوەی داوای داواکار ، ڕاستەو پابەندی یاسایە ، چوونکە داوا کاری پێدا چووکار بریتی یە لە دانانی گرێبەستی نێوان ئەو وە داوالە سەرکراو بەپوو چەڵ و گێرانەوەی بڕی پارەی دراو بە داوالەسەرکراو بۆ کردنی بە هاوبەش لە گرێبەستی بانەوانی (مساطحة) بەستراو لە نێوان داوالەسەرکراو وەشارەوانی کەلار بەلاّم وەك دادگای تێهەڵچوونەوە روونی کردۆتەوە ئەم گرێبەستەی نێوان هەردوولای داوا بە پووچەڵ دانانرێت لە نێوانیا نداو لە بەرئەوەی هەرچەند داواکار دەستی گرتووە بە مەرجی گرێبەستی بانەوانی لەگەڵ شارەوانی دا بۆ بەکرێ نەدانی و وازنەهێنان لە بەشێکی گرێبەستی بانەوان تاتەواو نەبێت بەلاّم کاتی گرێبەستی بانەوانی تەواو بووە و دەشێت داواکار بخرێتە ناو گرێبەستی شارەوانی یەوە وەك هاوبەش لەگەڵ هاوبەشی سەرەکی لەلایەکی ترەوە ئەوەی داواکار داوای هەڵوەشاندنەوە دەکات خۆی کردوویەتی ، بۆیە داواکاریەکەی سەنەدی یاسایی نی یەو شیاوی ڕەتکردنەوە ، لە سەر ئەوە بریاردرا بە ڕا ستاندنی بریاری تانە لێدراو وەرەتکرد نەوەی تانەی پێدا چوونەوەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوەلەلایەن پێداچووکارەوەو ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٨/١٤.

**ژمارە / ٢٩١/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٨/٢٨**

داواکار لە ڕێگەی بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر بانگەشەی ئەوەی کردووە کەوا بریکارداری خاوەنی مولکی ژمارە (١٧٣٥/٩م ٤٤ وارش) شوێنی نیشتەجێ بوو نە کەوا دەکەوێتە ناو پرۆژەی (مدينه الاحلام) لە هەولێر وە داوالێکراوی یەکەم هەلساوە مولکەکەی کەوا لەپاڵ مولکی بریکارداریەتی کردوویەتی بە چێشتخانەو باڕو هۆلی ئاهەنگ گێران و بۆنەکان ئەوەش پێچەوانەی ئەو ڕێوشێنانەیە وەگونجاو نی یە کە شوێنی نیشتەجێ بوون بەپێ ی ئەو ڕێنماییانەی لە شارەوانیەکان دەرچووە . بۆیە داوادەکات بانگهێشتی داوالێکراو بکرێت بۆ دادبینی بریار دەربچێت بە لابردنی زەرەو زیانەکان وە هەلگرتنی زیادە رۆییەکان . وە لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی هەولێر بە ژمارە (٣٠٠/ب/٢٠٢١) لە ڕێکەوتی

٢٠٢١/١١/٢٨ بریاری دا بە ڕەتکردنەوەی داوای داواکار (ج/ش/ع/ ) دوای نارازی بوونی تێهەڵچووکار بەبریاری ناوبراو دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە (١٧/س/٢٠٢٢) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢٣ بریاری دا بە پاڵپشتی کرد نی بریاری داد گای بەرایی وەرەتکرد نەوەی داوای داوا کار . وە دوای نارازی بوونی پێدا چووکار بەبریاری ناوبراوتانەی لێدا لای ئەم دادگا یە بەپێ ی تیانوو سی پێدا چوونەوەی ڕە سم بۆ دراو لە ٢٠٢٢/٣/٧ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیار:- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا بڕیاری داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی هەولێر بە پ شتگیری کرد نی بر یاری داد گای بەرایی دووە می هەولێر بەرەتکرد نەوەی داوای داوا کار بۆ لابرد نی زیان و زیادەڕەوی داواله سەرکراو بۆ سەر خانووبەرە کەی ڕا ستەو پابەندی یاسایە ، چوونکە داواکار هیچ زیانێکی مادی پێ نەگەیشتووە لەبەرئەوەی داوالە سەرکراو زیادەڕۆیی بە چێشتخانەکەی نەکردۆتەسەر خانووبەرەی داواکار و ئەمیش ئەگەر یاسا بۆی بکات دەتوانێت داوای قەربوو بکات بە داوایەکی تر ، بۆیە بریار درابە ڕاستاندنی بریاری تانە لێدراو وەرەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوەو لە ئە ستۆگرتنی ڕە سمی پێدا چوونەوەلەلایەن پێدا چووکارەوەو ئەم بر یارەش بە کۆی دە نگ دەر کرا لە ٢٠٢٢/٨/٢٨.

**ژمارە / ٢٩٣/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٨/١٤**

داواکار لە ڕێگەی بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر بانگە شەی ئەوەی کردووە کەوا داوالێکراوان بڕی پارەی (١١٠,٠٠٠□) سەدو دە هەزار دۆلاری ئەمریکی خوالێخۆشبوو (ن/ع/ ع/ ) یان لە لا یە لە میرا تدەری بڕی کاردار یا نە وە پ شکی بڕی کارداری ، داوا کاری یە کەم لەم پارەی سەرەوەو دەکا تە (٥٥٠٠٠□) دۆلاری ئەمریکی وە پشکی بریکارداری داواکاری دووەم دەکاتە (٢٧٥٠٠□) دۆلار لەسەر بنەمای دابەشنامامەی شەرعی ژ مارە (١٩٥١ لە ٢٠٢٠/١١/١٧) لە داد گای باری کە سی هەولێر دەر چووە ئی ستا داوالێ کراوان تەنها بڕی (١٠٠٠٠□) دۆلار یان داوە بە داوالێکراوی دووەم ونکوڵی دەکەن لە دا نی پ شکی بریکارداری داوا کاری یە کەم و بەشی ماوە لە پشکی بریکار داری داواکاری دووەم بۆیە داواکاران لە دادگای بەڕێز :- بانکی داوالێکراوان بکات بۆ دادبینی و پابەندکردنیان بە شێوەی (**تضامن** و تکا فل) بە دا نی بری پارەی (٧٢٥٠٠□) حەفتاو دووهەزار و پێنچ سەد دۆلاری ئەمریکی کە (٥٥٠٠٠□ ) دۆلار پشکی داواکاری یەکەمەوە بری (١٧٥٠٠□) دولاریش پ شکی داواکاری دووەمە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگا بەرایی هەولێر بە ژمارە (٥٩٥/ب٢/٢٠٢١) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١٢ بڕیاری دا بە پووچەل کرد نەوەی داوای داواکار (أوات مو لود ا حمد). ٢:- پابە ندکردنی داوالێکراو (ا/ م/ ا/ ) بداتە داواکار (ع/ ا/ ا/) بری پارەی (١٠,٠٠٠) دە هەزار دۆلاری ئەمریکی یان گۆڕینەوەی بەرامبەر دیناری عێرا قی بڕی پارەی (١٤,٦٢٠,٠٠٠) هەزار دینار ٣:- رەتکرد نەوەی داوای داوا کار (ع/ ا/ا/) بەرامبەر داوالێکراوی /١ (ش/ح/ ع/ ) لەبەرنەبوونی رکابەری ٤:- ڕەتکردنەوەی داوای داواکار (ع/) بەبڕی زیادە (٦٥,٧٩٠,٠٠٠) شەست و پێنچ ملیۆن و حەوت سەدو نەوەد هەزار دینار . دوای نارازی بوونی تێهەڵچووکاران بەبریاری ناوبراو داد گای تێهەڵچوونەوەی ناو چەی هەولێر بە ژمارە ٢٦٠/س/٢٠٢١ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/١٥ بڕ یاری دابەپ شتگیری کرد نی بر یاری داد گای بەرایی ئا ماژەپێکراو وەرەتکرد نەوەی هۆکارە کانی تانە کە لە دۆسیەی تێهەلچوونەوە لەبەرئەوەی تێهەلچوولەسەرکراوی /٢ داواکەی پووچەل کراوەتەوە لە قۆناغی بەرایی وە رەتکرد نەوەی تیانو سی تێهەڵچوونەوە لەرووی شێوەوە . دوای نارازی بوونی پێدا چووکار بەبڕیاری ناوبراو تانەی لێ دا لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێ دراو لە بەرواری ٢٠٢٢/٣/١٠و پاش گەیشتنی هەردوو تانە و دۆسیەکە تۆمارکرا ووردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار:- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێدا چوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە پشتگیری کردنی بریاری دادگای بەرایی هەولێر /٢ بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو (ا/ ع/ م/) بەدانی بڕی دەهەزار دۆلار بە داواکار (ع ا ح) وەرەدکردنەوەی داوای داواکاری ناوبراو سەبارەت بە داوالەسەرکراو( ش ح ع) و بەو زیادەیەی داوای دەکات ، ڕاستەو پابەندی یاسایە چوونکە بۆ دادگا دەرکەوت کە میرات گران لە دوای فرۆشتنی زەوی با بەتی داوا لەلایەن میراتلێگیراوی هەردوو لا هەموویان بەشی خۆیان وەرگرتووە لە بڕی نرخی زەویەك و تەنها داوالەسەرکراو (س ع م ) دەهزار دۆلاری داواکاری گلداوە ئەوە بۆ خۆی نەیداوتیێ بە بیانووی ئەوەی داواکارقەرزاریەتی بەلام ئاراستەی دادگا لەوەدا راستەکە بۆ داوالەسەرکراو نی یە خۆی قەرز گلداتەوە بەپێ ی یاسا تا بە داوا داوای نەکاتەوە ، بۆیە داوای داواکار ئەوەندەی ئەوبرەی سەرەوە شایستەیە ، لەسەر ئەوە بریاری درا بە ڕاستاندنی بڕیارێکی تانە لێدراو وەرەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پیچدا چوونەوە لەلایەن پێدا چووکارەوە و ئەم بریارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٨/١٤.

**ژمارە / ٢٩٥/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٨/١٤**

داواکار لە ڕێگای بریکارەکەیەوە لە بەردەم دادگای بەرایی دەشتی هەولێر بانگەشەی ئەوەی کردووە کەوا داوالێکراو مولکی ژمارە ٧٥ .... ستی بەزنجیرەی عقاری ٢٤٧٦/٢٩ بەپێ ی گرێبەستی دیوان بریکارداری و کۆمپانیای ..... خاوەنداریەتی دەگەرێتەوە بۆ بریکارداری بەلام داوالێکراو بەبێ بوونی هیچ هۆیەکی یاسایی و شرعی دەستی گرتووە بەسەرمولکی ئامارە پێکراوی سەرەوە لە ٢٠١٣/٧/١تاکو تۆمارکردنی داوای بەرایی . وە داوای لە دادگا کردووە کەوا داوالێکراو بانگهێشت بکرێت وەبریاردەربچێت بە بەرهەڵستی نەکردن (**منع معارضة**) ی داوالێکراوبۆ داواکار سەبارەت بەمولکی ئامارەپێکراوی سەرەوە لەئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی دەشتی هەولێر بە ژمارە ١٢٤/ب/٢٠٢١ لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/١٧ بریاری دا بە پابەندکردنی داوالێکراو( ف ا ع) وە کەسی سێەمی لە پال داوالێکراو (ا ج أ) بە بەرهەڵستی نەکردنی (**منع معارضة**) داواکار (ع م ص م) لە مولکی ژمارە ١٥٢٧٥ لە .... ستی بە زنجیرە ٢٤٧٦/٢٩ وە بدرێتەوە داواکار بە چۆل کراوی بەپێ ی نەخشەی رووپێوی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دەشتی هەولێر (دا س ح ) لە ٢٠٢١/١٠/٢٧ دوای نارازی بوونی تێهەڵچووکار بە بریاری ناوبراوی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ١٠/س/٢٠٢٢ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٩ بڕیاری دا بەپشتگیری کردنی بریاری دادگای بەرایی دەشتی هەولێر بە ژمارە ١٢٤/ب/٢٠٢١ لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/١٧. دوای نارازی بوونی پێدا چووکار بەبریاری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارەی ئامارە پێکراوی سەرەوە تانەی لێدا لای ئەم دادگا یە بەپێ ی تیانووسی پێدا چوونەوەی رەسم لێدراو لە ٢٠٢٢/٣/٦ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیار:- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێدا چوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەلچوونەوی ناوچەی هەولێر بە پشتگیری کردنی بریاری دادگای بەرایی دەشتی هەولێر بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو بە ڕێگری نەکردنی داواکار لە سوود وەرگرتنی لە خانووی ناوبراو لەسەرەوە وەرەتکردنەوەی تانەی تێهەڵچوونەوە ڕاستەو پابەندی یاسایە ، چوونکە بۆ دادگا دەرکەوت کە خانووی باسکراو خاوەنداریەتی دەگەرێتەوە بۆ داواکار بەپێ ی گرێبەستێکی نوسراو لەگەڵ پرۆژەی نیشتەجێ (...) و بەو شێوەیە بە کرێ دانی ئەو یەکەیە بە کەسی سێ یەمی خراوە پال داوالەسەرکراو لەلایەن داوالەسەرکراوە پێچەوانەی یاسایە و دەستگرتنە بەسەر موڵکی خەڵکدا ، بۆیە داوای داواکار شایستەیە بە ڕواندنی لەسەر ئەوە بریاری درابە ڕاستاندنی بریاری تانە لێدراو وە رەتکردنەوەی تانەی پێدا چوونەوەو لەئەستۆگرتنی رەسمی پێداچوونەوەلەلایەن پێداچووکارەوەو ئەم بریارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٨/١٤.

**ژماره / ٣٤٩/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٩/٥**

داوا کار لە رێ گای بریکارەکە یەوە لە بەردەم داد گای بەرایی پ شدەر لە داوای بەرای ژ مارە ٣٦٠/ب/٢٠٢١ بانگەشەی ئەوەی کردوە کە بریگرتەکەی لەگەڵ داوالەسەرکراوان دەستیان گرتوە بەسەر مولکەکەیدا لە قەلادزی گەرەکی راپەرین کە بە ژمارە ١/٥٣ کەرتی ٥٥ پتیما لك ئا مادەنین مولکەکەی بۆ بگەرێنەوە وە سودی ساڵانەی مولکە کەو خەملا ندوە بەبڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) بۆ یە داوایکرد بانگهێشتی داوالە سەرکراو بکرێت بۆ دادبینی و بریار بدرێت پابەندبکرێت بە دەستهەلگرتن لە دەستبەسەراگرتنی مولکەکە وە رادەستکردنەوەی بە چۆلکراوی لە گەڵ خ ستنە ئە ستۆی داوالە سەرکراو خەرجی داوا کەو ما ندوبوونی پارێزەرا یەتی لە ئەنجامی دادبینی ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای ناوبراو بریاری دەرکردوە بە ژمارە ٣٦٠/ب/٢٠٢١ لە ٢٠٢١/١١/٤ رەتکرد نەوەی داوای داوا کار سەبارەت بە دە ست هەلگرتنی داوالێکراوان لە دە ست بە سەر داگرتنی بە شێك لە زەوی ژمارە ١/٥٣ کەرتی ٥٥ پێما لك وە رادە ستکردنەوەی بە چۆلکراوی لە هەر کەلو پەلێك لەلا یەن داوالێکراوان وە بە هۆی نەبوونی رکابەر یەوە وەخ ستنە ئە ستۆی رە سم و خەرجی داوا کە لە گەل ما ندووبوونی پارێزەرا یەتی برێکاری (داوالێکراوان ) پارێزەر (ر ا و ا ح ) بەبری (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار بریارەکە شیاوی تێهەڵچوونەوەو پێدا چوونەوەیە داوا کار تا نەی لەو بر یارە دا بە هۆی بریکارەکە یەوە بە پیێ ی تیانوو سی رە سم لێدراو لە ٢٠٢١/١٢/٢ وە داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی سلێمانی بە ژ مارە ١/س/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/٤/٣ بر یاری دا بەڕەتکرد نەوەی تیانوو سی تێهەڵ چوونەوە لەرووی شێوەوە وەخ ستنە ئە ستۆی تێهەڵ چووکار رە سمی تێهەلچوونەوە وەدانانی کرێ ی پارێزەری بریار لەسەر دراو لە بریارە بەرایییەکە بۆ بریکاری تێهەلچوولەسەرکراو بۆ هەردوو قۆ ناغی بەرایی و تێهەڵ چوونەوە بر یارێکی ئامادەیە و شیاوی پێدا چوونەوەیە پێدا چووکار رازی نەبوو بە و بریارە وتانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپیێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم بۆ دراو لە ٢٠٢٢/٤/٢٧ تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات وپاش گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ گفتووگۆ وردبینی .

بڕیار:- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پە سەندکردنی تا نەی پێدا چوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوی ناو چەی سلێمانی بەپە سەندنەکردنی تا نەی تێهەڵچوونەوە وەرەتکرد نەوەی لە ڕووی شێوەوە وەراستە بەهۆی ئەوەی دەکەوێتە دەرەوەی ماوەی یاسایی خۆیەوە کە(١٠) رۆژە چوونکە بریاری تا نە لێدراوی دەرچوو لە داد گای بەرایی پشدەر لە ٢٠٢١/١١/٤ ڕاگە یەنراوە و تێهەڵچووکار بە بەرواری دا نی رەسم لە ٢٠٢١/١٢/٢ دا تانەکەی پێشکەش کردووە و بۆیە مافی سەیرکردنی تانەی تێهەلچونەوە بەپیێ ی مادەی (١٧١) ی یا سای دادبینی شار ستانی دە کەوێت ( **ساقط**) و لەبەرئەوا نە ئەم دادگا یە بڕیاری دا بەرا ستاندنی بر یاری تا نە لێدراو وەرەتکرد نەوەی تا نەی پێدا چوونەوەو لە ئە ستۆگرتنی رە سمی پێدا چوونەوە لەلا یەن پێداچووکارەوەو ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٩/٥.

**ژمارە / ٤٧٣/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/١٠/١٦**

داواکار لە ڕێگەی بریکارەکەیەوە لە بەردەم دادگای بەرایی هەولێر بانگەشەی ئەوەی کردووە کەوا داوالێکراو لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١١/٢٩) لە کونگرەیەکی ڕۆژنامەوانی دا لەبەردەم ڕاگەیاندنەکان و پەخشکردن لە شاشەی TV یەکان کەناڵەکانی (کوردستان tv – کوردسات  کوردستان ٢٤  ڕوداو  سپێدە – NRT) داوالێکراو زۆربە ئا شکرا هەڵساوە بە ناوزڕا ندنی و تۆ مەتی گەورە و بێ بنەما و نارا ستی داوا تە پاڵ بریکارداری ئەو کارەی داوالێکراو دوورە لە هەموو ئەتەکێتی کاری پەرلەمانتاری تەنها ڕێزکرد نی هە ندێك وو شەی نە شیاو بۆ ئەوەی هەست و سۆزی هاوڵاتیان بەلای خۆی رابکێشێت وێنەی بریکارداری لەبەرچاوی هاووڵاتیان نا شرین کردووە بەهۆی ئەو تۆمەتەی هەلبەستراوە بریکارداری بەگەندەڵ و خۆین مژ ناوی زراندوە بەبێ هیچ بەلگەیەکی یا سایی . بۆ یە داوا لە داد گا دە کات بەبانگهێشت کرد نی داوالێکراو بۆ دادبینی و بریار بدرێت بە قەرەبوو کرد نەوەی بریکارداری بەبڕی (١٥٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار و دانی ڕسمی یاسای ئەم داوا یەی چرکردووە بەبری ( ١٥٠,٠٠٠ ) دیـ ناری عێرا قی وە ماوەی پارە کەش لەلا یەن لـ یژان دە خەملێنرێت دەپارێز ێت بە داوا یەکی نۆژەن یاخود تێ هەلکێش . لە ئەنجامی دادبینی ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای بەرایی هەولێر بە ژ مارە (١٠١/ب٣/٢٠٢٢ لە ڕێ کەوتی ٢٠٢٢/٢/٣) بر یاری دا بە ڕەتکرد نەوەی داوای داوا کار لە ڕووی شێوەوە . دوای نارازی بوونی تێهەلچووکار بە بریاری ناوبراو دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە (١١٧/س/٢٠٢٢) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٥ بر یاری دا بەرەتکرد نەوەی تیانوو سی تیچهەڵ چوونەوە لە ڕووی شێوەوە . دوای نارازی بوونی پیچداچووکاربە بریاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگا یە بەپێی تیانوو سی پێدا چوونەوەی رە سم لێدراو لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/١٧ . دوای گەیشتن تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار :– پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پە سەندکردنی تا نەی پێدا چوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بریاری داد گای تێهەلچوونەوەی هەولێر بەرەتکرد نەوەی تیانوو سی تا نەی تێهەلچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، ڕاستەو پابەندی یاسایە ، لەبەر ئەوەی داواکار داوابەراییەکەی بە (١٥٠,٠٠٠) دینار قەتیس کردووە و بەپێ ی ئەم بڕەش دادگای بەرایی داواکەی بەپلەی کۆتایی(اخیره) دەبینێت کەشیاوی تانە لێدان نابێت بەتێهەلچوونەوە بەپێ ی مادەی ١٨٥/ لە یا سای دادبیـنی شار ستانی و تەنها داد گای پێدا چوونەوە بەپێ ی مادەی ٣١ لە و یاسایە دەیبینێت و بۆیە تانەی تێهەلچوونەوە شیاوی رەتکردنەوە یە لەڕووی شێوەو و لە سەرئەوە بریار درا بە ڕاستاندنی بریاری تا نە لێدراو وەرەتکرد نەوەی تا نەی پێدا چوونەوەو لە ئە ستۆگرتنی رە سمی پێدا چوونەوە لەلایەن پێداچووکارە وە ئەم بریارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/١٠/١٦ .

**ژمارە / ٤٨٣/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/١٠/٣٠**

داواکار لە ڕێگەی بریکارەکەیەوە لە بەردەم دادگای بەرایی سلێمانی بانگەشەی ئەوەی کردووە کەوا داوالێکراو قەرزاری بریگرتە یەتی بەبڕی (٧٨٠٠) دۆلار دەکا تە (١١,٤٦٥,٠٠٠) دیـناری عێرا قی کە بەمەبە ستی کریـنی ئۆتۆمۆبیل وەرگرتووە وئامادەنیە ئەو برە پارەیە بگێڕێتەوە بۆ بریگرتووی . بۆیە داواکارە لە دادگا بانگهێشتی داوالێکراو بکات بۆ دادبینی و بریار بدەن بە پابەندکردنی لەگەراندنەوەی ئەو قەرزە بۆ بریگرتەی . لە ئەنجامی دادبیـ نی ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای بەرایی سلێمانی /٣ بە ژ مارە ٢٠٣٠/ب/٢٠٢١ لەرێ کەوتی ٢٠٢٢/٤/٥ بریار یدا بە پابە ندکردنی داوالێکراو بە گێرا نەوەی بڕی (٧٨٠٠) دۆلار یان بەرامبەرە کەی (١١,٤٦٥,٠٠٠) دیـ ناری عێرا قی . دوای نارازی بوونی تێهەڵ چووکار بەبریاری ناوبراو ، داد گای تێهەڵ چوونەوی ناو چەی سلێمانی بە ژ مارە (١٠٠/س/٢٠٢٢) لەرێ کەوتی ٢٠٢٢/٦/٢١ بر یاری دا یە پـ شتگیری کرد نی بر یاری بەرایی

ئاماژە پێکراو لەسەرەوە و رەتکردنەوەی تیانووسی تێهەلچوونەوە . دوای نارازی بوونی پێدا چووکار بەبریاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگا یە بەپێی تیانوو سی پێدا چوونەوەی رە سم لێدراو لە رێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٧.
دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پە سەندکردنی تا نەی پێدا چوونەوە لە رووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بر یاری داد گای تێهەلچوونەوەی ناو چەی سلێمانی بەپ شتگیری کرد نی بر یاری داد گای بەرایی سێ یەمی سلێمانی بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بڕی پارەی ناوبراو لەسەرەوە بە داوا کار ، را ستەو پابە ندی یا سایە ، چوونکە داد گا دوای گوێ گرتنی لە شایەتی هەردوولا بەهۆی بوونی رێگری ئەدەبی لەنێوانیا ندا چوونکە هاوسەرن وپاش ئەوەی باوەری بە شایەتەکانی داواکار بە هێزتر بوو لە شایەتی داوالە سەرکراو و بۆ زیاتر باوەرهێنان بە بەڵگەی داواکار سوێندی داواکاری دا بە سوێندی تەواوکردن بۆی دەرکەوت داوالە سەرکراو قەرزاری داوا کار بووە بەبڕی پارەی داوا کراو کە لێ وەرگر تووە و بۆی نەگێراوە تەوە ، لە سەرئەوە داوا کار شای ستەی روا ندنی داوا کەی بووە بۆ یە بریاردار بە را ستاندنی بر یاری تا نە لێدراو وە رەتکرد نەوەی تا نەی پێداچوونەوەو لەئەستۆگرتنی رەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکار ئەم بریارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/١٠/٣٠ .

**ژمارە / ٥٢٩/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/١١/١٣**

داواکار لە رێگەی بریکارەکەیەوە لە بەردەم دادگای بەرایی کۆیە بانگەشەی ئەوەی کردووە کەوا خاوەنی مافی رەفتارکرد نە لە مولکی ژمارە (٥٩ کەرتی /٦١/ چنارۆك) کەرووبەرە کەی (٩ دۆنم و ١٧ ئۆلکە) وە ئەو لە کۆی (٢٤١٩٢بەش) خاوەنی (٦٠٤٨بەشە) وە داوالێکراو زیادەرۆیی کردۆتە سەر مولکی ئەو بە رووبەری (١٢٥٠م٢) کە مولکی داواکار و داوالێکراو لە تەنیشت یەکەوەیە وەسەرەرای ئاراستەکردنی هۆشداری لە رێگای دادنوو سی تەق تەق بە ژمارە (٩/١٦٠٠) لە ٢٠٢٠/٩/١٦ بەڵام داوالێکراو تاکو ئیستا لاری هەیە لەلابردنی ئەو زیادە رۆیە بۆیە داواکارن لە دادگا دوای دیاری کردنی رۆژێك بۆ دادبینی داوالێکراو بانگهێشت بکەن بۆ دادبینی وەبریار بدەن بەپابە ند کرد نی داوالێکراو بەلابردنی زیادە رۆییە کە وتسلیم کرد نەوەی بە داوا کار بەبێ کەم و کوری وەبەمەبەستی دا نی ر سمی یا سای سوودی سالانەی ئەو (١٢٥م٢) دە خەملێنێت بە (٢,٠٠٠,٠٠٠) دینار . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرای کۆیە بە ژمارە (٧٧/ب/٢٠٢٠) لە رێکەوتی ٢٠٢١/٨/٣٠ بر یاری دا بە رەت کرد نەوەی داوا کە . دوای نارازی بوونی تێهەڵ چووکار بەبریاری ناوبراو ، داد گای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە (١٤٦/س٢٠٢٢لە رێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٢) بریاری دا بە پالپشتی کرد نی بریاری دادگای ناوبراو وەرەتکردنەوەی تا نەی تێهەلچوونەوەو هۆکارە کانی . دوای نارازی بوونی پێدا چووکار بەبریاری داد گای ناوبراو تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بە پێ ی تیانوو سی پێدا چوونەوەی رە سم لێدراو لە رێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٤ ٢٠٢٢ ٢٠٢٢. دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پە سەندکردنی تا نەی پێدا چوونەوە لە رووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بر یاری داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی هەولێر بە پ شتگیری کرد نی بر یاری داد گای بەرایی کۆ یە بەرەتکردنەوەی داوای داواکار راستەو پابەندی یاسایە ، چوونکە هەرچەند داوالەسەرکراوی پێداچوولەسەرکراو هاوبەشی داواکارە لە زەوی تۆمارکراو کە هەردووکیان مافی بەکارهێنان (حق التصرف) یان هە یە و بەپێ ی یا سا ئەو ما فەیان لە هەموو بە شێکی زەویە کە دا بە لام لە گەڵ ئەوە شدا داد گای بەرایی بۆ یە دەر کەوت کە داوالە سەرکراو بەو بە شە زەو یەی بەکاری دەهێ نا هیچ زیادەرۆ یەکی نەکردۆتە سەر بە شی داوا کار و بەڵکو داوالەسەرکراویش کەمی هەیە ئەو کەمیەشی لە پێوانەدا دەگەرێتەوە بۆ کۆی پێوانە زەویەکشتوکاڵی یەکە ، بۆیە داوای داواکار بەڵگەی یاسایی نی یە و داواکاریەکەی شیاوی رەتکردنەوەیە لەسەر ئەوە بریار درا بە را ستاندنی

**(تصديق) ی بڕیاری تانه لێدراو وه ڕەتکردنەوەی تا نەی پێدا چوونەوەو له ئه ستۆگرتنی ره سمی پێدا چوونەوه لەلایەن پێداچووکارەوەو**
**ئەم بڕیارەش به کۆی دەنگ دەرکرا له ٢٠٢٢/١١/١٣ .**

**ژماره / ٥٣٥/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوه / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/١١/١٣**

**داواکار له ڕێگای بریکارەکەیەوه له بەردەم داد گای بەرایی هەولێر بانگه شەی ئەوەی کردووه کەوا داوالێکراو هاو سەری برێ کارداری بەپێی گرێبه ستی مارەبرین په سندکراو له داد گا وه دوای ئەوەی برێ کارداری هەڵسابەکرێنی مولکی ژمار ژماره (١٦٤٥/٤٣ کەرتی ٤٤ وارش) که بریتی بوو له خانووبەروو بەری (١٠٠م٢) لەبەر ئەوەی خانووەکه به پارەی برێکارداری کراوه بەڵام لەبەربوونی کێشه له نێوانیان داوالێکراو هەڵسا به تۆمارکردنی خانووەکه به ناوی خۆی بەشێوەیەکی کاتی تاکو ژیانی هاوسەری پێکەوه بەسەر ببەن بەڵام ئیستا داوالێکراو لاری دەکات له گەراند نەوەی خانووه که بۆ سەر ناوی برێکارداری هەروەك بڕیاری پیێ کردووه له بەرواری لێکۆلینەوه له داد گای لێکۆلینەوه و له بەر ئەوەی ئەم رەفتارەی داوالێکراو زەرەر و زیانی زۆری به بریکارداری گەیاندوه بۆیه داوادەکات داوالێکراو بانگهێشت بکرێت بۆ دادبینی و بریار بدرێت بەپابەندکردنی بەگەراندنەوەی مولکی بابەتی داوا بۆ سەر ناوی بریکارداری یاخود بەدانی بەهای خانووه که که خەملاندو یەتی بەبری (١٤٣,٠٠٠,٠٠٠) دینار وه به مەبه ستی دا نی ره سمی یا سایی داوا کەی سنووردار کردووه له بەبڕی (١٦٠,٠٠٠) دینار وه پا شماوەی پارەی داوا کەی دەپارێز یٚت به داوا یەکی نۆژەنی تێهەلکێ شراو یاخود سەربەخۆ . له ئەنجامی دادبینی روو بەرووی ئا شکرا داد گای بەرای هەولێر/٢ به ژماره (٢٩٥/ب/٢٠١٧) له رێکەوتی ٢٠١٨/١/١٨ بر یاری دابەپابه ندکردنی داوالێکراو کەوا بدا ته داوا کار بڕی (٦٤,٩٠٠,٠٠٠) دینار بەرامبەر به دۆلار (٥٠,٠٠٠) دۆلار . دوای نارازی بوونی تێهەڵ چووکار بەبڕیاری ناوبراو داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی هەولێر به ژ ماره (١٢٠/س/٢٠١٨) له رێ کەوتی ٢٠٢٢/٧/٢٤ بر یاری دا به هەڵوەشاندنەوەی تەواوی بریاری دادگای ناوبراو وەرەت کردنەوەی داوای تێهەلچوولەسەرکراو (داواکار) . دوای نارازی بوونی تێهەڵچووکار بەبڕیاری ناوبراو تا نەیان لیٚ دا لای ئەم دادگا یه بەپێی تیانوسی پێدا چوونەوەی رە سم لیٚ دراو له بەرواری ٢٠٢٢/٨/١٥. دوای گەیشتنی تا نەو دۆ سیەکه بۆ ئەم دادگا یه دا نرا بۆ ووردبینی گفتوگۆ.**

**بڕیار:- پاش ووردبینی و گفتوگۆ پەسەند کردنی تانەی پێداچوونەوه لەڕووی شێوەوه ، تێبینی کرا که بڕیاری داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی هەولێر به هەڵوه شاندنەوەی بر یاری داد گای بەرایی دووه می هەولێر وەرەتکردنەوەی داوای داواکار راستەو پابەندی یاسایه چوونکه دادگای تێهەلچوونەوه بەم بریاره تانه لێدراوەی پەیڕەوی بریاری ئەم دادگایەی کردووه به ژماره ٢٧٧/هـ . م . أ/٢٠١٨ له ٢٠١٨/١٠/٢٢ داو پاش ئەوەی داوای سەلماندنی داواکەی له داوا کاری تێهەلچوولەسەرکراو کردووه و ناتوانابوو له سەلماندن مافی دا یه سوێندی یەکلا کەرەوه بەو شێوەیەی دایر شتووه ئارا ستەی داواله سەرکراوی تێهەڵ چووکار بکات بەڵام رازی نەبوو به ئارا ستەکردنی بەوەش داوا کار که پێدا چووکاره به ناوەرۆکی سوێندەکه دۆڕاو داوا کەی بیٚ بەڵگەی یا سایی مایەوه وشیاوی ڕەتکردنەوەی بوو وەك چۆن دادگای تێهەلچوونەوه بریای بۆ داوه و بۆیه بریار درابه راستاندنی**

بڕ یاری تا نه ڵ یدراو وەرەتکرد نەوەی تا نەی پێدا چوونەوەو  له ئه ستۆگرتنی ڕه سمی پێدا چوونەوە لەلا یەن پێداچووکارەوەو ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/١١/١٣.

**ژمارە / ٥٧٥/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/١٢/٤**

داواکار لە ڕێگەی بریکارەکەیەوە لە بەردەم دادگای بەرایی سلێمانی /٥ ه داوای بەرایی ژمارە (٨٤/ب. ڕێلێگری لە بڕ یاری پاشملە /٢٠١٩) بانگه شەی ئەوەی کردوە که داد گای بەرایی له داوای ژ ماره ٨٤/ب/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/١٥ بر یاری دەر کردوە به پابه ندکردن به پ ێدانی بڕی (٢١,٠٠٠,٠٠٠) دیـ نار به داوا کار لەبەر ئەوە بریارە کە ستەمە بە مافی داوا کار بۆ یە داوای کردوە کە داوا کار بانگهێ شت بکر ێت و بر یار بدرێت بە پوچەڵکردنەوەی بریاری پاشملە و ڕەدکردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالە سەرکراو خەرجی داوا کە و ما ندووبوونی پارێزەرا یەتی ، لە ئەنجامی دادبیـ نی ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای ناوبراو بر یاری دەرکردوە بە ژمارە (٨٤/ب . ڕێلێگر لە بریاری پاشملە /٢٠١٩) لە ٢٠١٩/١١/١١ بە پو چەڵکردنەوەی بر یاری نائامادەیی وەرەتکردنەوەی داوای داواکار گرتنە ئەستۆی ناوبراو خەرجی داوا کەو کرێی پارێزەری بریـکارانی ڕێلێ گر بری (٢,٠٠٠,٠٠٠) دیـ نار ، داوالە سەرکراو تا نەی لەو بریارە کە داوە بە تێهەڵ چوونەوە بەهۆی بریکارەکەیەوە بەپێی تیانووسی ڕەسم لێدراو لە ٢٠١٩/١١/٢٩ ، داد گای تێهەڵچوونەوەی ناو چەی سلێمانی بە ژ مارە ٣٤/س/٢٠٢٠ لە ٢٠٢٢/٨/١٤ بر یاری دا بە پ شتگیری کرد نی بر یاری بەرایی ئا ماژپێکراوی سەرەوە ورەدکردنەوەی تیانووسی تێهەڵچوونەوە ، تێهەڵچووکار رازی نەبوو بەو بریارە و تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بەبێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم بۆ دراو لە ٢٠٢٢/٩/١ تیای دا داوای هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات و پاش گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ .

بڕیار :- پاش ووردبیـنی و گفتوگۆ و پە سەندکردنی تا نەی پێدا چوونەوە لە رووی شێوەوە ، تێبیـنی کرا کە بر یاری داد گای تێهەڵچوونەوەی ناو چەی سلێمانی بە پ شتگیری کرد نی بر یاری داد گای بەرایی پێنچەمی سلێمانی لە داوا ڕێ گری (ا عتراض) یە کەداوە ڕەتکرد نەوەی داوای داوا کاری ڕێ لێگیراو (م عترض عل یە) بۆ داواکردنەوەی بڕی پارەی ناوبراو لەسەرەوە بە دوو کۆمپیالە ، ناراستەو پابەندی یاسانی یە ، چوونکە داد گای تێهەلچوونەوە ڕەتکردنەوەی داوای داواکاری لەسەر ئەوە دا ناوە کە هەردوو کۆمپیالە کە بەرواری شایـستە بوو نیان لەکاتی تۆمارکردنی داوا بەرایی یەکەدا زیاتر لە سێ (٣) ساڵی بەسەردا ڕۆیشتووە و بەوەش کۆمپیا لەکان بەسەرچوون (تقادم) بەپێ ی مادەی (١٣٥) ی یاسای بازرگانی بەرکار ، بەڵام ئە گەر کۆمپیا لەکان وەك وەرە قەی بازرگانی بەپێ ی یا سا بەسەر چووبێت بەڵام قەرزی ناو کۆمپیالە کە بە سەر نە چووەو بە سەر چوونی حوکمە یا سایەکانی کۆمپیا لە بەپێ ی یا سای ناوبراو دەگرێ تەوەو دە شێت ئەو کۆمپیالا نە وەك سەندی ئا سایی (سندعادي ) مامەڵەی لەگەڵ بکرێت وەك بەڵگە یەکی یا سایی و داد گا لێکۆڵیـنەوەی تیا بکات بۆ گەیـشتنی بە ئەنجامێکی دروست ، وە لەبەرئەوەی دادگای بەرایی و دوایش تێهەلچوونەوە بەو شێوەیەی سەرەوە بە داوا کەدا نەرۆ شتوون ، ئەم دادگا یە بر یاری دا بە هەڵوە شاندنەوەی بر یاری تا نە ڵ یدراو وەگەڕاند نەوەی دۆ سیەکە بۆ دادگاکەی بۆمەبەستی دەرکردنەوەی بریاری تیای دا لە سەر ڕۆشنایی روونکرد نەوە کە و هێشتنەوەی ڕە سمی پێدا چوونەوە تا ئەنجام و ئەم بر یارەش بە کۆی دە نگ لە هەڵوە شاندنەوە و زۆریـ نە لە هۆ کاردا دەر کرا لە ٢٠٢٢/١٢/٤ .

**ژمارە / ٥٧٧/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/١٢/٤**

داواکار لە رێگەی بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی /٤ لە داوای بەرایی ژمارە ٥٨٨/ب/٢٠٢١ بانگەشەی ئەوەی کردوە کە بە فەرمانی ژمارە ١٢٨١ لە ٢٠٢٠/١/٢١دا کۆمپانیای .. سپاردنی پرۆژەی دانانی رێکلا می شەقامی ١٥,١٦ بۆ کراوە و سەرەرای چەند جار ێك ئاگادارکراوە تەوە بەمەبە ستی واژووکرد نی گرێبەست و وەرگرتنی کارەکە و بەلاّم کۆمپانیای ناوبراو ئامادە نەبووە بۆ واژووکرد نی گرێبە ست و پێشکەش کردنی دەستەبەری دڵنیایی وە دواتر سەرۆکایەتی شارەوانی هە ستاوە بە هەڵوە شاندنەوەی فەرمانی سپاردنە کە بەپێی نوو سراوی ژمارە ١٢٢٥/٢٠٢٠/١١/٢٢وە بەنوو سراوەکانی ژمارە ٩٦٧١ لە ٢٠٢٠/٢٨٩ و ٩٨٩٧ لە ٢٠٢٠/١٠/١ و ١٠٥١٨ لە ٢٠٢٠/١٠/٢٠ و ١٢٤٣٩ لە ٢٠٢٠/١١/٢٩ داوالە بانکی شمال کراوە دەست بەسەر ئەو دە ستەبەری بانکی (.....) بکرێت بۆ بەرژوە ندی شارەوانی سلێمانی کە بڕەکەی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دینار ، لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو بڕیاری دەرکردوە بە ژمارە ٥٨٨/ب/٢٠٢١ لە ٢٠٢٢/٢/٢١ بە پابە ند کرد نی داوالە سەرکراو بەبڕی (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار ، سەرجەم تێ چوونەکانی داوا کە دەکەوێتە ئەستۆی داوالەسەرکراو ، داوالەسەرکراو تا نەی لەو بڕیارە کە داوە بە تێهەڵچوونەوە بە هۆی بریکارەکەیەوە بەپێی تیانوو سی ڕە سم لێدراو لە ٢٠٢٢/٣/٢. داد گای تێهەڵچوونەوەی سلێمانی بە ژمارە ٧٧/س/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/٨/٧ بڕیاری دا بە پشتگیریکردنی بڕیاری بەرایی ، تێهەڵچووکار رازی نەبوو بەو بڕیارە و تا نەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم بۆ دراو لە ٢٠٢٢/٩/٥ . تیا یدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات و پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پە سەندکردنی تا نەی پێدا چوونەوە لە رووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بەشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی چوارەمی سلێمانی بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو سەرەرای کارەکەی بە دا نی بڕی پارەی ناوبراو لەسەرەوە بە داوا کار سەرەرای کارە کەی ، را ستەو پابە ندی یا سایە ، چوونکە ئەو برە پارە یە با نك خۆی رازی بووە دە ستەبەری بکات لە بەرژەوەندی داواکار بەهۆی ئەو کارەوە کە کۆمپانیای ك.... لێ پرسراوبووە پێ ی بەرامبەر داوا کار و بەپێ ی مادەکانی ٢٨٧ و ٢٩٠ لە یاسای بازرگانی بەرکار دەبێت با نك بەبێ مەرج پارەکە خەرج بکات بۆ خاوەنی بە رژەوەندی کە شارەوانی یە ئەگەر لەماوەی یاسایی دیاریکراودا داوابکرێت ، لەسەرئەوە بڕیاردرا بە را ستاندنی بڕ یاری تانەلێدراو وەرەتکرد نەوەی تا نەی پێدا چوونەوە و لەئە ستۆگرتنی رە سمی پێدا چوونەوە لەلا یەن پێداچووکارەوە و ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/١٢/٤ .

**ژمارە / ٥٩٣/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار**
**٢٠٢٢/١١/٢٠**

دادگای بەرایی هەولێر بە ژمارە (١٨٢٨/ب٤/٢٠١٩) بڕیاری دا بە پابە ندکردنی داوالێکراوان / و ح خ و هـ ح / بە هەڵگرتنی زیادە ڕۆی (ر فع تجاوز) لە سەر مولکی ژمارە (١٠٧٠/١٥٩م٢) ٤٥ وارش وە بدرێت بۆ داوا کار (ع/ن/ش/) بە بەتاڵی وە سەرەرای هێڵکاری ئا مادەکراو لەلا یەن رووپێوی دە ست نیشان کراو کە بەبە شێك لە بڕ یار دا دەنر ێت .وە بڕیارە کە ئامادەی یە و شیاوی تێهەڵ چوونەوە پێدا چوونەوەیە . دوای نارازی بوونی داوالێکراوان بە بڕیاری ناوبراو تانەیان لێدا بە شێوەی تێهەلچوونەوە بەپێ ی تیانووسی تێهەڵچوونەوەی ڕە سم لێدراو لە رێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٥ . دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بەشێوەی رەسەن بڕیاری دا بە ژمارە ١٤/س/٢٠٢٢ لە رێ کەوتی ٢٠٢٢/٨/٢٩ بە پ شتگیری کرد نی بر یاری داد گای بەرایی بە هەولێر بە ژ مارە (١٨٢٨/ب/٢٠١٩ لە ٢٠٢١/١١/٢١) دەرچووە وەرەتکردنەوەی تیانووسی تێهەلچوونەوە . وە بڕیارە کە ئامادەییە

و شیاوی پێدا چوونەوەیە دوای نارازی بوونی تێهەڵ چووکاران بەبریاری ناوبراو تا نەیان ڵ ێدا لە بەردەم ئەم دادگا یە بەپێ ی تیانوو سی پێدا چوونەوەی رە سم ڵ ێدراو لەرێ کەوتی ٢٠٢٢/٩/١٨. دوای گەیشتنی تا نەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :–

بڕیار :– پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پە سەندکردنی تا نەی پێدا چوونەوە لە رووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بریاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە پشتگیری کرد نی بریاری داد گای بەرایی چوارەمی هەولێر بەپابە ندکردنی داوالە سەرکراوان کە پێدا چووکارن بە هەڵگرتنی ز ێدەڕەویان لە سەر زەوی با بەتی داوا کە کە داوا کار خاوە ن یەتی و لابرد نی درو ستکراوەکان لە سەری ، را ستەو پابە ندی یا سایە ، لە بەر ئەو هۆ کارە یاساییانەی لە بریاری بەرایی و پاشان تێهەلچوونەوەیە دایە ، چوونکە بۆ دادگا دەرکەوت کە زەویەکە بە ساختە فرۆشراوە ، بەبێ ئاگاداری داواکار کە خاوەنی بووە و خانووی لە سەر دروو ست کراوەو دوا جار فرۆ شراوە بە هەردوو داوالە سەرکراو وە لەبەر ئەوەی درو ستکردنی خانووە کان بەبێ ڕەزامە ندی تەنا نەت ئا گاداری داوا کار بووە بوار بۆ چە سپاندنی مادەی (١١٢٠) نی یە کە پێدا چووکاران داوای دە کەن لە بەر ئەوەی مادەی یا سای ناوبراو داوای ڕەزامە ندی خاوەن زەوی دە کات نەك ساختەکار لە سەر ئەوا نە بر یار درا بە را ست سەلماندنی بر یاری تا نە ڵ ێدراو وەرەتکرد نەوەی تا نەی پێدا چوونەوەو لە ئە ستۆگرتنی رە سمی پێدا چوونەوە لەلا یەن پێداچووکارەوە و ئەم بریارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/١١/٢٠.

**ژمارە / ٥٩٩/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/١٢/٤**

قەرزاری بریکار داریەتی بەبڕی (٤٣٠,٤٩٠□) دۆلار کە دەکا تە بڕی (٥١٦,٦٠٠,٠٠٠) دینار وە لەبەرامبەر ئەم پارە یە برێ کارداری عە لەفی تە سلیم بە داوالێ کراو کردووە بە گوێرەی ئەم دەفـ تەرەی لە نێواذ یان هە یە حیسابەکەی تێدایە خودی داوالێکراو نووسراوی هە یە بە واژووی خۆی کە قەرزاری بریکارداریەتی و ا قراری کردووە وە بەلێنی بە بریکارداری داوە کە قەرزەکەی پێ بداتەوە و یرای ئەوەی چەندین جار برێکارداری داوای ئەم قەرزەی کردۆتەوە بەلام داوالێکراو لاری دەکات لەگەراندنەوەی قەرزە کە بۆ برێکارداری . بۆیە داوا لە داد گا دەکەن رۆژێك دیاری بکەن بۆ دادبینی و داوالێکراو بانگهێشتی دادگا بکەن وە بریار بدەن بە گەراند نەوەی ئەو برە پارە یەی سەرەوە وە بە بەمەبە ستی دا نی رە سمی داوا کە داواکاریە کەی چڕکردۆتەوە بە داواکرد نی بڕی (١٠٠,٠٠٠) دینار وە داواکردنی بڕەکەی تر بە داوایەکی نوێەن یان سەربەخۆ . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی هەولێر بە ژمارە (٢٦٨٣/ب/٢٠١٨) لە ٢٠٢١/٨/١٧ بریاری دا بە پابەندکردنی داوالێکراو بدات بە داواکار بڕی پارەی (٤٣٠,٤٩٠□) دۆلار یان گۆرینی بە دیناری عێرا قی بڕی (٥١٦,٥٨٨,٠٠٠) دینار .دوای نارازی بوونی تێهەڵ چووکار بە بر یاری ناوبراو ، داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی هەولێر بە ژ مارە (١٩١,س/٢٠٢١) لە ٢٠٢٢/٨/٢٥ بر یاری دا بە پالپ شتی کرد نی بر یاری داد گای بەرایی و رەتکرد نەوەی تیانووسی تێهەلچوونەوە . دوای نارازی بوونی پێداچووکار بەبڕیاری ناوبراو ، تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم لێدراو لە ٢٠٢٢/٩/٢٢. دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :–

بڕیار :– پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە رووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بریاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بەشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی شەشەمی هەولێر بە پابەندکردنی داوالەسەرکراوی پێداچووکار بە دانی بڕی پارەی داواکراو بە داواکار ، ڕاستەو پابەندی یاسایە ، لەبەر ئەو هۆکارە یاسایانەی لە بریارەکەدایە ، چوونکە داوالەسەرکراو بە ناتوانا دانرا لە سەلماندنی پاڵنەری داواکە کەوا ئەم واتە داوالەسەرکراو تەنها نێوانکار (وسیط) بووە لە نێوان داواکار و کریارەکانی داو هەر

داوالەسەرکراو دانی دابوو بە واژۆی سەرئەو قەوالەیەی داواکار دەریخستبوو بۆ دادگا بۆ مەبەستی پاڵنەرەکەشی دادگا مافی دایە سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی داواکار بکات کەوا تەنها نێوانگیری کردووە و پارە لای ئەم نی یە بەڵام داوالەسەرکراو رازی نەبوو بە ئاراستە کردنی سوێند لە قۆناغی بەرایی و بێ دەنگی هەڵبژارد لە قۆناغی تێهەلچوونەوە بۆ ئاراستەکردنی ئەو سوێندەو بەوەش داوالەسەرکراو بە دۆڕاو دادەنرێت بە ناوەرۆکی سوێندەکەو داواکاریش بووبە شایستەی داواکەی لەسەر ئەوە بریار درابە راست سەلماندنی بریاری تانە لێدراو وەرەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوەو لە ئەستۆگرتنی رەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە و ئەم بریارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/١٢/٤

**ژمارە / ٦٠٥/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/١٢/١٣**

داواکار لەرێگەی بریکارەکە یەوە لە بەردەم داد گای بەرایی سلێمانی /٥ لە داوای بەرایی ژمارە ١٥٩٧/ب/٢٠٢١ بانگە شەی ئەوەی کردوە کە بریگرتە کەی لە گەڵ داوالە سەرکراو لە ساڵی ٢٠١٥ رێ کەوتون کە بەهاوبە شی نەخۆشخانە تجهیز بکەن بەبەدلە بەهاوبەشی لەگەڵ کەسێکی تر بەناوی س ج کەبە شی داوا کار ٢٥٪ وەداوا کار بەبڕی (٧٥٠٠□) بە شداری کردوە وە داوای سێ ساڵ و ذ یو ئا گادارکراوە کە قازانجی کردوە بەبڕی (٦,٠٠٠,٠٠٠) دینار کە تائیستا هیچ برە پارە یەکی وەرنەگرتوە ، بۆیە داوایکرد بانگهێشتی داوالە سەرکراو بکرێت بۆ دادبینی و بریار بدرێت بە پابەندکردنی بەگێرا نەوەی بری (٧٥٠٠□) کەدەکا تە (٩,٢٥٠,٠٠٠) دینار لە گەڵ خ ستنە ئە ستۆی داوالە سەرکراو خەرجی داوا کەو ما ندوبوونی پارێزەرا یەتی . لە ئەنجامی دادبیـنی نائا مادەیی و ئا شکرا داد گای ناوبراوبڕ یاری دەر کردووە بە ژ مارە ١٥٩٧/ب/٢٠٢٠ لە ٢٠٢١/١١/٤ بە پابە ندکردنی داوالە سەرکراو خ ا ع بە پیچدانی بڕی (٧٥٠٠□) بە داوا کار /ك/ع/ خ/ وەئە گەر نەتوانرا ئەوا پابەندکردنی بەپێدانی بری (٩,٢٥٠,٠٠٠) دیناری عێراقی ، داوالێکراو بە نارەزایەتی تانەی لەو بریارە داوە لە بەردەم دادگای ناوبراو وە لە رۆژی ٢٠٢٢/٢/١٥ وە بە ژمارە ١٥٩٧/ب □ رێگرە/٢٠٢٢ ، دادگای ناوبراو بریاریدا بە رەتکردنەوەی ، داوالێکراو تانەی لەو بریارەکەداوە بەتیهەڵچوونەوە بەهۆی بریکارەکە یەوە بەپێی تیانوو سی رەسم لێدراو لە ٢٠٢٢/٣/٢ ، داد گای تێهەلچوونەوەی ناو چەی سلێمانی بریاری دا بە ژمارە ٦٩/س/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/٨/٢٤ بە هەڵوەشانەوەی بریاری بەرایی ژمارە ١٥٩٧/ب □ ڕێلیگری / ٢٠٢٢ دەرچوو لە داد گای بەرایی سلێمانی /٥ لە ٢٠٢٢/٢/١٥ و هەڵوەشانەوەی بریاری پاشملەیی ژمارە ١٥٩٧/ب/٢٠٢٠ لە ٢٠٢١/١١/٤ دەرچوو لە دادگای بەرایی سلێمانی /٥ وەرەدکردنەوەی داوای تێهەلچوولەسەرکراو / داواکار ، تێهەلچوولەسەرکراو رازی نەبوو بەو بر یارە و تا نەی لـ ێدا لای ئەم دادگا یە بەپێ ی تیانوو سی پێدا چوونەوەی رە سم بۆ دراو لە ٢٠٢٢/٩/١٨. تیای دا داوای هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات و پاش گەیشتنی تا نەو دۆ سیەکە تۆ مارکرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیار :- پاش ووردبیـنی و گفتو گۆ و پە سەندکردنی تا نەی پێدا چوونەوە لە رووی شێوەوە ، تێبیـنی کرا کە بریاری تانە لێدراو نارا ستەو پابە ندی یا سانییە چونکە داوا کار لە داوکە یدا روو نی کردۆ تەوە کە بری پارەی (٧٥٠٠□) دۆلار داوە بۆ بوون بە هاو بەش لە کار کردن لە گەڵ داوالە سەرکراو پا شان هاتووە داوای پارە کە دەکاتەوە دادگاش بریاری گەراندنەوەی پارەکەی بۆ دەرکرد بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوە بکات لە جۆری هاوبە شیکە و چۆنیەتی و کەی دە ستی پێ کردووە چی بە سەر هات . وە ئە گەر داوالە سەرکراو دان بـنێن بەو هاوبە شیە دەبێت داد گا لێکۆڵینەوە بـکات ئا یا هاوبە شیەکە (شراکە) بەردەوا مە یا نا و ئا یا پاکتاوی ژمێریاری کراوە لە نێوان هەردوولا چوونکە وەك دەردەکەوێت بابەتەکە قەرزداری نییە تاکو داواکار داوای گەرانەوەی بکات بەلکو بە هۆی هاوبەشی لەکارە کە ئە مەش لێکۆڵینەوەی لە سەر نەکراوە ئا یا هاوبە شی ماوە رێژەی سود و زیا نەکانی دیاری کراوە وپارەی داواکراو سەرمایە یە یاقازانج بۆیە ئەم دادگا یە بریاری دا بە هەڵوە شانەوەی بریاری تا نە

**لێدراو و گەرا نەوەی داوا کە بۆ دادگا کەی بەمەبە ستی دادبیـ نی کرد نەوە لە داوا کەدا بەرە چاوکردنی بۆ چوونەکانی سەرەوە و دەرکردنی بریاری یاسایی پێویست و هێشتنەوەی رەسمی پێداچوونەوە بۆ ئەنجام و ئەم بریارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/١٢/١٣ .**

**ژمارە / ٦٢٩/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/١٢/١٣**

**داواکار لەرێگەی بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی /٣ لە داوای بەرایی ژمارە ١٧٩٠/ب/٢٠١٧ بانگەشەی ئەوەی کردوە کە دەلێت مولکی ژمارە ١٥٤٩/٤٦ کەرتی ١م بەبڕی (٢٨٠,٠٠٠) دووسەدھەزار دۆلاری کە لەلا یەن هەردوو لا یەنی ئەم داوا یە بریگرتە کەی لە کاتی کرین دا ر ێژەی ٢/٣ ئە پارە یەی داوە دەکا تە (١٨٦,٦٦٦) دۆلار ٣/١ پارە کەش لەلا یەن داوا کارە وە دراوە بەڵام بەو پێ یەی لەو کا تە دا هاو سەری یەکتربوون داوا کار ذیوەی لە سەر داوالە سەرکراو تۆمار کردوە لە کاتێکدا دە بوو ١/ ٣ تۆماربکرا یە بەناو یەوە بۆیە داوایکرد بانگهێشتی داوالە سەرکراو بکرێت بۆ دادبینی بریار بدرێت بەپابە ندکردنی داوالە سەرکراو بە گێرانەوەی بڕی (٤٦٦٦٦) کە بەرامبەرە بە (٥٩٠,٠٠٠,٠٠٠) وەك استحقاقی داواکار لە گەل خستنە ئە ستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکەو ماندووبوونی پارێزەرایەتی لە ئەنجامی دادبینی و ئا مادەیی و ئا شکرا دادگای ناوبراو بریاری دەرکردووە بە ژمارە ١٧٩٠/ب/٢٠١٧ لە ٢٠١٩/١٢/١٨ بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی (٤٦٦٦٦) یان بڕی (٥٨,٨٤٥,٨٢٦) دینار وخ ستنە ئە ستۆی رە سم و خەرجی داوا کە لە گەڵ ما ندوبوونی دەکەوێ تە ئە ستۆی داوالە سەرکراو بە ئەرکا نەی پارێزەرا یەتی برێ کاری داوا کار بەبری (٧٥٠,٠٠٠) دینار بریارەکە شیاوی تێهەلچوونەوەو پێداچوونەوەیە داوالەسەرکراو تانەی لەو بریارە داوە بە تێهەلچوونەوە بە هۆی بریکارەکە یەوە بەپێ ی تیانوو سی رە سم لێدراو لە ٢٠٢٠/١/٥ وە دادگای تێهەڵچوونەوەی ناو چەی سلێمانی ژ مارە ٣٢/س/٢٠٢٠ لە ٢٠٢٢/٨/٢٨ بڕ یاری دا بە پ شتگیری کرد نی بر یاری بەرایی ئاماژەپێکراولە سەرەوە وەرەتکردنەوەی تیانووسی تێهەلچوونەوە وە خستنە ئەستۆی تێهەڵچووکار رە سمی تێهەڵچوونەوە و وەدا نانی کرێ ی پارێزەری بریار لەسەر دراو لە بریارە بەراییەکە دا بۆ بریکاری تێهەلچوولە سەرکراو بۆ هەردوو قۆ ناغی بەرایی و تێهەڵچوونەوە بر یارێکی ئامادەییەو شیاوی پێدا چوونەوەیە پێدا چووکار رازی نەبوو بەو بر یارە و تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بەپێ ی تیانوو سی پێدا چوونەوەی رە سم بۆ دراو لە ٢٠٢٢/٩/٢١ تیا یدا داوای هەلوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات و پاش گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ گفتوگۆ و ووردبینی .**

**بڕیار :– پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تا نەی پێدا چوونەوە لە ماوەی یا سایی پێشکەش کراوە بۆیە پە سندکرا لە رووی شێوەوە و سەرنج درا کە بریاری تا نە لێدراو ئا ماژەپێکراو لە سەرەوە نارا ستەو پابە ندی یا سانییە چونکە شایەتی شایەتەکان بیـ ستراوە دە بوو داد گا پێ ی وەر نەگرێت داوا کاری بە ناتوا نا دابنا یە لەسەلماندنی مافی ئەوەی پێ بدایە سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی رکابەرەکەی بکات بەو شێوازەی کە دادگا دایدەر ێژێت نەك بە پێچەوانەوە چوونکە ئەوەی لە وو تەکانی شایەدەکان هاتووە نابەرام بەرە لە گەڵ هـ ێزی قەوالەی فەرمی وێنەی تۆ ماری مولکە کە بۆیە ئەم دادگا یە بریاری دا بە هەلوە شانەوەی بریاری تا نە لێدراو و گەراندنەوەی داواکە بۆ دادگا کەی بەمەبە ستی دادبینی کرد نەوە لە داوا کە دا بەرە چاوکردنی بۆ چوونکەکانی سەرەوە و دەرکردنی بریاری یاسایی پێویست و هێشتنەوەی رەسمی پێداچوونەوە بۆ ئەنجام و ئەم بریارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/١٢/١٣ .**

**ژمارە / ٦٣٥/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/١٢/٤**

داوالەسەرکراوی ستەمداری بەرێز سەرۆکی شارەوانی سلێمانی / سەرەرای کارەکەی داواکاری ستەمداران تا نە یان داوە لە فەرمان سالاری ئەم دادگا یە لە داوای ژمارە ٤٠/س فەرما نەکان /٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/٨/٢١ کە فەرمان دەرکردووە بەلابردنی هیمای مامە لە نەکردنی لەسەر موڵکی ژمارە ١٩/١٧٧کەرتی ٤ و لۆبە / لەبەر ئەو هکارنەی هاتووە لە داواکاریە کەیان کەتێیدا ئاگادارنەکراوە تەوە و تا نە یان داوە لە فەرمانە کە بۆ یە تانە کە لە ماوەی یاساییدایە لە رووی شێوەوە قبولکراوە دادگای تێهەلچوونەوەی سلێمانی ژمارە ٤٠/س . ستەمداری /٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/١٠/٥ بریاری دا بە هەڵوە شانەوەی بریاری داد گا بە ژمارە ٤٠/س . ستەمداری /٢٠٢٢ کە لە بەرواری ٢٠٢٢/٨/٢١ ، وەما نەوەی هێ مای مامەلە نەکردن لە سەر موڵکی ژ مارە ١٩/١٧٧ کەرتی ٤ و لۆ بە / داوالە سەرکراوی ستەمداری رازی نەبوو بەو بر یارە و تا نەی لـ ێدا لای ئەم دادگا یە بەبێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم بۆ درا لە ٢٠٢٢/١٠/١٠ تیای دا داوای هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ .

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێدا چوونەوە لە رووی شێوەوە ، وتێبینی کرا کە بریاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بەسیفەتی بنەرەتی لە داوای ستەمکاری (تظلم) ی ژمارە ٤٠/س/٢٠٢٢ تانە لێدراو هەڵوەشێنەری بریاریکی پێشووی ئەو دادگایە خۆیەتی کە لە ٢٠٢٢/٨/٢١ دادەرچووە بە هەڵگرتنی هێمای مامەلەنەکردن لەسەر مولکی ژمارە ١٩/١٧٧م٤ و لۆبە / کەبابەتی داوای بەرایی ژمارە ٢٠١٩ /تظلم/ ٢٠٢٠ بووە و ئەم بریارەی دادگای تێهەلچوونەوە بە سیفەتی بنەرەتی تانە لێدراو پێچەوانەی یاسای دادبینی شارستانی لە مادەی ١/٢٤٨ و یاسای جێ بە جێ کردنی بەرکار لە مادەی (١/٦٢) ە کە رێگە نادەن بەگلد نەوەی ماڵ و مولکی دەو لەت و موڵکی ناوبراویش لە سەرەوە تۆ مارە

بەناوی شارەوانی سلێمانیەوە و هیمای ماڵەنەکردنیش گلدانەوەیەکی کاتی یە هەمان مەبەستی دەست بە ستنی خاوەن مولکە لە مامەڵنەکردنی پێوەیی کە بۆ مولگی دەولەت شایستە نی یە رێگە پێنەدراوە بەڵام لەبەر ئەوەی پێشتر دادگای تێهەلچوونەوەی سلێمانی لە ئەنجامی تانە یەکی ستەمداری (تلظم) وبەسیفەتی پێدا چوونەوە بریاری ژمارە ٥١/ب/٢٠٢٢ ی بەروای ٢٠٢٢/٢/٢٨ ی لە داوابەراییە کە دا دەر کردووە لەلا یەن دە ستەی تێهەلچوونەوە بە سفەتی پێدا چوونەوە بە سەرۆکایەتی دادوەر (ك ح ف ) نەدەبوو دادوەری ناوبراو لە داوای تێهەلچوونەوە بە سیفەتی بنەرەتی وەك سەرۆکی دە ستە بریاری تانە لـ ێدراوی دەرکردا یە لەبرە ئەوەی پێچەوانەی مادەی (٩-٥) لە یاسای دادبینی شارستانی یەو بۆیە بریاری تانە لێدراو بە ژمارە ٤٠/س/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/١٠/٥ دا بریاریکی/ نەبوو  مەعدوم/ ە و بریاردرا بە هەڵوە شاندنەوەی وەگەراند نەوەی دۆ سیەکە بۆ دادگاکەی بەمەبەستی دەرکرنەوەی بریاری یاسایی تیای دا لەلایەن دادوەریکی ترەوە و هێشتنەوەی رە سمی پێداچوونەوە تائەنجام و ئەم بریارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/١٢/٤ .

**ژماره / ٦٨١/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/١٢/٢١**

داواکار لە ڕێگەی بریکارەکە یەوە لە بەردەم داد گای بەرایی هەولێر بانگە شەی ئەوەی کردووە کەوا داوالێکراو هاو سەری بریکار دار یەتی بەپێ ی گرێبە ستی مارەبڕینی ژ مارە (١٩٨٧/١٨٢) لە ٢٠١٦/٢/٣ وە داوالێکراو هەلساوە بەفرۆشتنی هەموو زێرەکانی بریکارداری کەوا بڕی (٣٠) مسقال زێرە وەکۆی زێرەکانی خەملاندووە بە (١١,١٠٠,٠٠٠) دینار . بۆ یە داوا دە کات بە بانگهێشت کرد نی داوالێکراو بۆ دادبینی و بڕیار بدرێت بە پابەندکردنی بەگەرانەوەی زێرەکان کەوا بە لیستێك کێشی و جۆرەکانی دیاری کراوە یان پابەندکردنی بەپێدانی بەهای زێرە کان لە ئەنجامی دادبینی ئا مادەی و ئا شکرا داد گای بەرایی هەولێر بە ژ مارە (٩٦/ب/٢٠٢٢) لە ٢٠٢٢/٣/٢٨ بڕیاری دا بە پابە ندکردنی داوالێکراو بە گەراند نەوەی زێرە کانی داوا کار کەوا پێکهاتووە لە( ١) بازن (٦) دانەکێ شی (١٦) م سقال بەها کەی (٥,٩٢٠,٠٠٠) دینار (٢) گوارە (١) کێ شی (١) م سقال بەها کەی (٣٧٠,٠٠٠) دینار (٣) گوستیلە (١) دانە کێشی (١) مسقال بەهاکەی (٣٧٠,٠٠٠) دینار(٤) خەناوکە کێشی (٢) مسقال بەهاکەی (٧٤٠,٠٠٠) دینار . (٥) زنجیر (١) مەتر کێشی (٥) مسقال بەها کەی (١,٨٥٠,٠٠٠) دینار (٦) خەناوکە کێشی (٢) مسقال بەهاکەی (٧٤٠,٠٠٠) دینار (٧) خەناوکەو گوارە کێشی (٣) مسقال بەهای تەواوی زێرەکان دەکاتە (١,١١٠,٠٠٠) دینار ئەگەر نەی توانی زێرەکان بداتەوە نرخەکانیان بدات . دوای نارازی بوونی تێهەڵ چووکار بە بڕ یاری ناوبراو داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی هەولێر بە ژ مارە ١٣١/س/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/١٠/٢٦ بڕیاری دا بە پالپشتی کردنی بڕیاری دادگای بەرایی وەرەدکردنەوەی تیانوو سی تێهەڵچوونەوەو هۆکارەکانی ، دوای نارازی بوونی پێداچووکار بەبڕیاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێدا چوونەوەی رە سم لێدراو لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١ دوای گەیشتنی تا نەو دۆ سیەکە دا نرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پە سەندکردنی تا نەی پێدا چوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە پشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی دووە می هەولێر لە ڕووی ئەنجام یەوە بە پابە ندکردنی داوا لە سەرکراو بە گێرا نەوەی ئەو زێرا نەی لەو بڕیارە بەرایی یە کە دا و نیشانیان پێ دراوە یان بەهاکەی کە بەرامبەر هەر زێرێك با سکراوە ڕا ستەو پابە ندی یا سایە لە ئەنجا مدا بەو پشتگیری کرد نە چوونکە هەر چەند داد گای تێهەڵ چوونەوە گوێ ی لە شایەتی داوالە سەرکراوی تێهەڵ چووکار گرتووە بۆ نەهی کرد لە بانگەشەی داواکار بەلاّم ئەو شایەتانە ووتەی داواکاریان پشت ڕاستکردوە و پێچەوانەی پاڵنەری تێهەڵ چووکار شایەتیان دا بۆیە بڕیاری تا نە لێدراو لە ئەنجا مدا لە پشتگیی کرد نی بڕیاری بەرایی رە چاوی یا سای تیاکراوە ، لە سەر ئەوە بڕیاری دا بە ڕا ستاندنی بڕیاری تا نە لێدراو وەرەتکرد نەوەی تا نەی پێداچوونەوەو لە ئەستۆگرتنی رەسمی پێداچوونەوە و لەلا یەن پێدا چووکارەوە و ئەم بڕیارەش بە کۆی دە نگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/١٢/٢١

**ژمارە / ٦٨٣/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/١٢/٢١**

داد گای بەرایی هەولێر بە ژ مارە (١/٣٤٧١ عتراض/ب/٢٠١٨) لە ڕێ کەوتی ٢٠١٩/٢/١٩ بڕ یاری داوە بە وەرەتکردنەوەی داوای داواکار (پ/ س/ ق/) وە بڕیارەکە ئامادەییەو شیاوی تێهەڵچوونەوە و پێدا چوونەوەیە . وە دوای نارازی بوونی نارازی لە سەر بڕیاری ناوبراو تا نەی لێدا بە شێوەی تێهەڵچوونەوە بەپێ ی تیانوو سی تێهەلچوونەوەی رەسم لێدراو لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/١٥ دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بەشێوەی رەسن بڕیاری دا بە ژمارە ١٤٩/س/٢٠٢١ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٢ بە پشتگیری کردنی بڕیاری داد گای بەرایی هەولێر بە ژ مارە (١/٣٤٧١ عتراض/ب/٢٠١٨ ) لە ٢٠٢١/٧//٥ دەر چووە وە رەتکردنەوەی تیانووسی تێهەلچوونەوە وە بڕیارەکە ئامادەییە وشیاوی تانەی پێداچوونەوەیە . دوای نارازی

بوونی تێهەلچووکار بە بڕیاری ناوبراو تانەی لێدا لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم لێدراو لە رێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە پشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی دووەمی هەولێر کە لە ٢٠٢١/٧/٥ لە داوا رێ گری یە کەدا (ا عتراض) دەر چووە بە پو چەلکردنەوەی بر یاری بەرای بەرواری ٢٠٢١/٢/١٩وەرەتکرد نەوەی داوای داوا کار لە رووی ئەنجا مەوە ، را ستەو پابە ندی یا سایە ، چوونکە ئەو سوێندەی کە داواکار لە داوارێگریەکەدا رازی نەبوو ئارا ستەی داوالە سەرکراو بکات پاش ئەوەی خۆی ناتوانا بوو لە سەلماندنی داواکاریە کەی و پەنای بردە بەر سوێندی یەکلا کەرەوە بەلاّم لە قۆ ناغی

تێهەلچوونەوەدا داوا کاری تێهەلچووکار رازی نەبوو سوێندە دارێژراوە کەی قۆ ناغی بەرایی ئارا ستە بکات و داوالەسەرکراویش سوێندەکەی خواردو بەوەش داواکار بەناوەرۆکی ئەو سوێندە دۆراو داوا کەی بەبێ بەڵگەی یا سای ما یەوە کە شیاوی رەتکردنەوە یە ، بۆ یە بڕیار دار بە را ستاندنی بر یاری تا نە لێدراو وەرەتکرد نەوەی تانەی پێداچوونەوەو لە ئەستۆگرتنی رەسمی پێداچوونەوە و لەلا یەن پێدا چووکارەوە و ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/١٢/٢١

**ژمارە / ٦٩١/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/١٢/١٨**

داواکار لە رێگەی بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی /٢ لە داوای بەرایی ژمارە (٤١٤/ب/٢٠٢٠) بانگەشەی ئەوەی کردوە کە لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٤ بەهۆی بریکارە کەی داوانامە یەکی پێشکەش بە داد گای بەرایی (الاعظیمة) کرد و بە ژمارە ٢١٠٦/ب/٢٠١٩ تۆمارکراو رونیکردەوە کە داواکار خاوەنی نوسینگەی (.....) کە پێداوی ستی پزی شکی دەفرۆ شێت بۆ نو سینگە تایبە تەکان و نەخۆ شخانە فەرم یەکان و دەرمانخا نەکان و داوالێکراویش یەکێکە لەو کە سانەی کە پێداویستی پزیشکی لە داوا کار دەکرێت بە شێوەی قەرز لەبەرامبەر پێدانی چەکی سپاردە دەیدات تائەو کاتەی بەهای ئەو پێداویستیانەی کریو یەتی دە یدات لە ئەنجامی کردەی کرین بەبڕی (٣٨٠,٢٧٧,٤٢٥) دینار وەك چەك لەلای داوا کار ماوە تەوە کە داوالێکراو نر خی کەرە ستەکانی نەداوە بۆ یە داوای کرد بانگهێ شتی داوالێ کراو بکر ێت بۆ دادبی نی و بر یار بدرێت بە پابە ندکردنی بەبڕی ئاماژەپێکراو لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو بڕیاری دەرکردوە بە ژمارە ٤١٤/ب/٢٠٢٠ لە ٢٠٢١/٨/٢٩ بە ١:- پابە ندکردنی داوالێ کراو بەپ ێدانی بڕی (٣٨٠,٢٧٧,٤٢٥) دی نار بە داوا کار ٢:- پابەندکردنی داوالێکراو بە تێچوی داواو کرێ ی ماندوبونی بریکاری داواکار بەبڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دینار بڕیارە کە شیاوی تێهەڵ چوونەوەو پێدا چوونەوەیە داوالێ کراو تا نەی لەو بر یارە داوە بە تێهەڵ چوونەوەو بە هۆی بریکارەکەیەوە بەپێ ی تیانووسی رە سم لێدراو لە ٢٠٢١/٩/١٣ وە داد گای تێهەڵچوونەوەی ناو چەی سلێمانی ژمارە ١٨٩/س/٢٠٢١ لە ٢٠٢٢/٩/١٨ بریاردراوە بە پشتگیری کرد نی بڕیاری بەرایی ئا ماژەپێکراو لە سەرەوە وەردکردنەوەی تیانووسی تێهەلچوونەوە وەخستنە ئەستۆی تێهەلچووکار رەسمی تێهەلچوونەوە وە دانانی کرێ ی پارێزەری بریار لە سەر دراو لە بریارە بەراییە کەدا بۆ بریکاری تێهەلچوولە سەرکراو پارێزەر (ع/ ص/ م/) بۆ هەردوو قۆ ناغی بەرایی و تێهەڵ چوونەوە بر یارێکی ئامادەیی یە

شیاوی پێداچوونەوەیە وەپێداچووکار رازی نەبوو بەم بریارە تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بەپێ ی تیانووسی رەسم لێدراو بۆ ٢٠٢٢/١٠/١٧تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات و پاش گەیشتنی تا نەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ گفتوگۆ و وردبینی .

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێدا چوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بریاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە پشتگیری کردنی بریاری دادگای بەرایی دووەمی سلێمانی بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو بەدانی بڕی پارەی ناوبراو لەسەرەوە ، راستەو پابەندی یاسایە ، لەبەر ئەو هۆکارە یاساییانەی هێناویەتیەوە ، چوونکە داوالەسەرکراو دانی نابوو بە بڕی پارەی هەرسێ ( چێك - صك) ی پشت پێ بەستراو بەڵام پالنەری داواکاریەکەی بەوە کردبوو کە پارەکان پاکتاوکراوە لەگەڵ داواکار و لەبەر ئەوە دادگای بەرایی داوای سەلماندنی ئەو پاکتاوەی لە داوالەسەرکراو کردو ئەمیش ناتوانابوو لەسەلماندنی دادگا مافی دایە سوێندی یەکلاکەرەوە بەو شێوەیەی داڕێژراوە بخوات بەڵام داوالەسەرکراو لە قۆناغی بەرایی دا رازی نەبووبە ئاراستەکردنی سوێندەکەو لە قۆناغی تێهەلچوونەوە دا و داوالەسەرکراو وەك تێهەلچووکار سوێندەکەی ئاراستەی تێهەلچوولەسەرکراو داواکار کردو ئەمیش سوێندی خوارد بەوەش داوالەسەرکراو بەناوەرۆکی ئەو سوێندە دۆراو دەر کەوت کە بڕی پارەی قەرزی نێوانی هەردوولا پاکتاو نەکراوە و داواکار شایستەی داواکاریەکەیەتی ، بۆیە بریاردار بە راستاندنی بریاری تانە لێدراو وەرەتکرد نەوەی تانەی پێدا چوونەوە لەئەستۆگرتنی رەسمی پێدا چوونەوە لەلایەن پێدا چووکارەوە ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەر کرا لە ٢٠٢٢/١٢/١٨

**ژمارە / ٧٠٣/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/١٢/٢١**

داواکار لە رێگەی بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر بانگەشەی ئەوەی کردووە کەوا چوارمولیدەی قەبارەگەورەی بۆ داوالێکراو بەکار خستووە بەکریێ بۆ ماوەی (١٢٨) رۆژ لەشاری ..... ، لە ٢٠١٧/١٢/٢١ تا ٢٠١٨/٤/٢٧ بەگوێرەی نووسراوی هاوپێچ کراو لەنێوان داواکار و بەرێوەبەری کۆمپانیای داولێکراو واژووکراوە بۆیە داوایان لە دادگا کردووە کە داوالێکراو بانگهێشت بکرێت بۆ دادبینی وبریار بدرێت بە ناچارکردنی بە دانی کرێی مولیدەکان کە دەکاتە (٥٧٦٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی ئاشکرا دادگای بەرای هەولێر بە ژمارە (٣٢٢/ب٢٠٢١/٣ لە ٢٠٢٢/٦/١٢) بریاری دا بە پابەندکردنی داوالێکراو سەرەرای کارەکەی بەدانی بۆ داواکار پارەی (٤٩٩٢٠٠) دۆلار یان بەرامبەر بە دیناری عێراقی بەبڕی (٧٣٧,٨١٧,٦٠٠) دینار .وبریارەکە ئامادەییەو شیاوی تانەی تێهەلچوونەوە و پێدا چوونەوەیە دوای نارازی بوونی داوالێکراو بەبریاری ناوبراو تانەی لێدا بەشێوەی تێهەلچوونەوە بەپێی تیانووسی تێهەلچووی رەسم لێدراو لە رێکەوتی (٢٠٢٢/٦/١٩) دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە شێوەی رەسن بە ژمارە (٢٠٣/س/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/١١/٢) بریاری دا بە پشتگیری کردنی بریاری دادگای بەرایی هەولێر بەژمارە ٣٠٢٢/ب٢٠٢١/٣ لە ٢٠٢٢/٦/١٢وەرەتکرد نەوەی تیانووسی تێهەلچوونەوە . دوای نارازی بوونی تێهەلچووکار بەبریاری ناوبراوتانەی لێدا بە شێوەی پێداچوونەوە لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی تیانووسی پێدا چوونەوەی رەسم بۆ لێدراو لە ٢٠٢٢/١١/٧ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێدا چوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بریاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە پشتگیری کردنی بریاری دادگای بەرایی سێیەمی هەولێر بەپابەندکردنی داوالەسەرکراو بە دانی بڕی پارەی ناوبراو لەسەرەوە وەك کرێی هاوتا پێش وختە چوونکە نەدەبوو دادگای تێهەلچوونەوە پشتگیری خەملاندنێك بکات کە شارەزایەکی دادوەری لە داواهێنراوەکەدا بە ژمارە ٢٨٦٩ /ب/٢٠١٨ ڕاپۆرتی تیاپێشکەشی کردووە و ئەو داوایەش پووچەڵ بۆتەوە و ناکرێت پشت ببەستێت بە ڕاپۆرتێك لەو داوایەدا کەرێکارێکە بەپووچەڵ دادەنرێت لەبەرپووچەڵبوونەوەی داواکە ، بۆیە پێویستە دادگا پشت ببەستێتەوە بەسێ شارەزای دادوەری لەو بوارەدا بۆ خەملاندنی کرێی پێویست لە ماوەی داواکراو دا وەلەبەرئەوەی دادگای ناوبراو بەو شێوەیە بە داواکە دا نەڕۆشتووە بریارەکەی خستۆتەباری نارا ست و پێچەوانەی یاساوە لەبەر ئەوە بریاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی بریاری تانە لێدراو وەگەراند نەوەی

دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بەمەبەستی دەرکردنەوەی بڕیاری پێویست تیایدا لەسەر ڕۆشنای ڕوونکردنەوەی سەرەوە و هێشتنەوەی رەسمی پێداچوونەوە تائەنجام وئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/١٢/٢١

ژمارە / ٩ / دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٤/٦

داواکار لەرێگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر ڕایگەیاندووە کەوا پێشتر لە داوای کەتنی ژمارە (٨٩٣/ك/٢٠١٨) کە لە دادگای کەتنی هەولێر دەرچووە بە ادانەکردنی داوالەسەرکراو بەپێی مادەی (٥٩ ی یاسای سزادان) بە تۆمەتی (تحرير الصك بدون رصيد) بەبڕی (١٤٥,٠٠٠) دولار ئەریکی و مافی ئەوەی پێدراوە کە داوای مافەمەدەنیەکان بکات وە داوای کردووە پابەندبکرێت بە گەراندنەوەی بڕی (١٤٥,٠٠٠) دولار ئەریکی . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی هەولێر بەژمارە ٢١٨١/ب/٢١٩ لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/١٩بڕیاری دا بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو بەدانی بڕی (١٤٥,٠٠٠) دولار یان بەرامبەر بری (١٧٤,٠٠٠,٠٠٠) ملیون دینار عێراقی بۆ داواکار . دوای ناڕازی بوونی داوالەسەرکراو دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ٦٢/س/٢٠٢٠لە بەرواری ٢٠٢١/١٠/٢٦ بڕیاری دابە پشتگیری کردنی بڕیاری بەرایی و رەتکردنەوەی تانەی تێهەڵچونەوە . دوای تانەلێدانی تێهەلچوکار لە بڕیاری ناوبراو لای ئەم دادگایە بە پێی تیانوس ڕەسم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢١/١١/٢٣ دوای گەیشتنی تانە و دۆسیەکەدا نرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوکۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە رووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانە لێدراو وەدەرچوو لە دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە پشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی دووەمی هەولێر بەپابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بڕی پارەی ناوبراو لە سەرەوە بە داواکاری پێداچوو لە سەرکراو ، ڕاستە و پابەندی یاسایە ، لەبەرئەوەی دادگای تێهەڵچوونەوە پەیرەوی بڕیاری ئەم دادگایەی کرد بە ژمارە ٣٩٢/دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوەی /٢٠٢٠ لە ٢٠٢٠/١١/٢٩ داو لە دەرنجامدا بۆی دەرکەوت کە چێکی دراو بە داواکار کەبێ سەرمایە بووە و بەهۆیەوە داوالە سەرکراو

تاوانبار کراوە لەلایەن دادگای کەتنەوەو سزا دراوە چێکێك بووە بەمەبەستی دانەوەی قەرز ڕێکخراوە نەك بۆ دەستەبەرکردن (ضمان ) ، بۆیە داواکار شایستەی داواکردنی بڕی چێکەکەیە وەك دادگای بەرایی بڕیاری بۆ داوە وتێهەلچونەوەش پشتگیری کردووە بۆیە بڕیار درابە ڕاست سەلماندنی بڕیاری تانە لێدراو وەرەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لە ئەستۆ گرتنی رەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٤/٦.

ژمارە / ١١/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٤/٦

داواکار لەرێگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی ڕواندوز بانگەشەی ئەوەی کردووە کەوا داوالێکراوی یەکەم هەڵساوە بە تۆمارکردنی موڵکی ژمارە (٢١) کەرتی (٥) جفریان کە ڕووبەرەکەی (٢٢) ئۆلکە پۆلێن و جۆری موڵکی دەوڵەتە بەناوی خۆی سەرەرای کارەکەی و بە واسطەی داوالێکراوی چوارەم سەرەرای کارەکەی بەسەرپێچی کردنی یاسای کوژانەوە بێ گرتنەبەری یاسا کە مافی ڕەفتارکردنی تۆمارە بەناوی باوکی کۆچکردووی بەهاوبەش لەگەڵ میراتی تر بۆیە داوای کردووە بڕیاربدەن بە پووچەڵکردنەوەی قیدی تۆمارەکە و

نا چارکردنی داوالێکراوی چوارەم به دوو باره ترمارکرد نەوەی بەناوی داوا کار و هاوبه شەکانی له ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی ڕوا ندز له بەرواری ٢٠٢١/٤/٧ به ژماره ١٨/ب/٢٠٢٠ بریاری دا به ڕەتکردنەوەی داوای داواکاران . دوای ناڕازی بوونی تێهەلچووکاران به بڕیاری ناوبراو دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر به ژماره ٩٧/س/٢٠٢١ لەبەرواری ٢٠٢١/١٠/٢٠ بڕیاری دا به پشتگیری کردنی بریاری بەرایی ئاماه پێگراو ڕەتکردنەوەی تانەی تێهەلچوونەوه . دوای تا نه لێدانی تێهەلچووکاان به بڕیاری ناوبراو لای ئەم دادگایه بەپێ ی تیانوسی پێداچوونەوەی رەسم بۆ دراو لەبەرواری ٢٠٢١/١٨١١دوای گەیشتنی تانه و دۆسیەکه دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بریار :- پاش ووردبینی و گفتوکۆ و پەسەندکردنی تا نەی پێدا چوونەوه له رووی شێوەوه ، تێبینی کرا که بریاری دادگای تێهەلچوونەوەی هەولێر به پشتگیری کردنی بریاری دادگای بەرایی رەوا ندوز بەرەتکرد نەوەی داوای داواکار بۆپوچەڵکردنەوەی قەیدی موڵکی ناوبراو له سەرەوه ، ڕاسته و پابەندی یا سایه له دەرەنجا مدا ، چوونکه داواکه شیاوی رەتکردنەوەیه لەبەرئەوەی ڕێکارەکانی هەڵوەشاندنەوەیان کوژاندتەوه (اطفاء ) ی مولکی ناوبراو ڕێکاری راست و دروستن و سالانێکه ئەو کارەباسکراوه و داواکار تانەی لێ نەداوه له ماوەی (١٥) رۆژی خۆی داو بەکارنەهێنانی زەویەکەش لەلا یەن کەسی بانەوا نەوه (مساطح) داوا کار ناکا تەوه به خاوەن مافی و ئەوەکێشەی خاوەن زەویه لەگەڵ بانەواندا و بۆیه پلەی کۆتایی وەرگرتنی بڕیاری وەرگیراو له هەمان با سدا که لەسەر داوای میراتکرێکی تر دەرچووه به رەتکرد نەوەی و تا نەی لێ نەدراوه نابێت به بریارێکی بن بڕ (بات) وەنابێت بەبیاذگه (حجة) له سەر هەموو کەس، وەك دادگای بەرایی و تێهەلچوونەوه بریارەکەیان له سەربنیات نابوو ، لەسەرئەوه بریاردرا بەراست سەلماندنی بریاری تانه لێدراو وه رەتکردنەوەی تا نەی پێدا چوونەوه و له ئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوه لەلایەن پێداچووکارەوه ئەم بریارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا له ٢٠٢٢/٤/٦.

**ژماره / ١٧/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوه / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٥/٢٤**

داد گای تێهەل چوونەوەی ناو چەی هەولێر به ژ ماره ٣٢/س/٢٠٢١ له بەرواری ٢٠٢١/٩/١٥ بڕ یاری دا به هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری بەرایی ژماره ٢٠١٩/٧/٢٤٧٧ که دەر چووه له داد گای بەرایی هەولێر له بەرواری ٢٠٢٠/١٢/١٠ بەپابە ندکردنی داواله سەرکراو بەبڕی (٢٠٠,٠٠٠) دیـ ناری عێرا قی وه کو قەرەبووی مادی و معنوی بەرامبەر ئەو زیانەی پێ ی گەیشتووه لەبەرامبەر خراپ بەکارهێنانی ئامێری پەیوەند یەکان دوای تا نه لێدانی تێهەلووله سەرکراو له بڕیاری ناوبراو تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یه بەپێ ی تیانوو سی پێدا چوونەوەی ڕەسم بۆ دراو له بەرواری ٢٠٢١/١٠/٦. هەروەها تێهەلچووکاریش تا نەی پێشکەش کردووه بەم دادگا یه داوای هەڵوەشاندنەوەی بریاری ناوبراو دەکات بەپێ ی تیانوسی رەسم بۆ دراو لەبەرواری ٢٠٢ /١٠/٧ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکه دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

٢٠٠,٠٠٠٠

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تا نەی پێدا چوونەوه له ڕووی شێوەوه ، سەرنج درا که بڕیاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر به هەڵوه شاندنەوەی بڕیارەی دادگای بەرایی شەشەمی هەولێر ناڕاستەو پابەندی یاسا نی یه ، چوونکه ١:- دادگای تێهەلچوونەوه فەرامۆ شی ئەو تیانو سی تێهەلچوونەوەی کردووه که داواله سەرکراو (ص ع ق )له ٢٠٢٠/١٢/٢٣ دا پێشکه شی کردووەو داد گا یەکلای نەکردۆ تەوەو له بڕ یاری تا نه لـ ێدراو دانیـ شانەی پێ نەداوه ٢:- ئه گەر داد گا ڕ شت ببه ستێت به شارەزای دادوەری بۆ قەرەبووکردنەوەی داواکار لەسەر ئەو هەڕشانەی له مۆبایل لێ ی کراوه دەبێت قەرەبووی زیانی (معنوی ) بێت نەك مادی له بەر ئەوەی پەیوه ندی ڕا ستەخۆ نی یه لەنێوان پەیوه ندی بەموبایل و ز یانی ماد یەك داوا کار بانگه شەی بۆدە كات له سەر ئەو بنەما یه قەربوو بخەملێنرێت بۆ یه بریار درا به هەڵوه شاندنەوەی بریاری تا نه

لێدراو وە گەڕاند نەوەی دۆ سیەکە بۆ داد گا کەی بەمەبە ستی دەرکرد نەوەی بڕ یار تیای دا لە بەر ڕۆ شنایی ڕوونکردنەوەی سەرەرەو هێشتنەوەی ڕە سمی پێدا چوونەوە تا ئەنجام و ئەم بڕیاەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٥/٢٤.

٢٠٢٢

**ژمارە / ٢٠/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٥/٨**

داواکار لە ڕێگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر ڕایگەیاندووە کەوا لەگەڵ داوالێکراو سەرەڕای کارەکەی گرێبەستێکیان واژوو کردووە بە گوێرەی ناوەڕۆکەکەی داواکار بۆیاخی خانووەکانی پڕۆژەی ( .... ) بکات بەرامبەر ئەو نرخ و مەرجانەی لە گرێبە ستەکەدایە داوا کار مافی وەرگرتنی (٤) سلفەی هەبووە ( مستحق الاداء ) بەڵام داوالێکراو سەرەڕای کارەکەی تەنها (٣) سلفەی سەرف کردووە بەڵام هەر سلفەیەك پارەی تەواوی پێ نەداوە کە کۆی گ شتی پارە کە دەکا تە (١٨٩,٩٠٠) دولار ئەمریکی کە دەکا تە (٢٤٣,٨٣١,٦٠٠) ملیون دیناری عراقی بۆیە داوادەکات پابەند بکرێت بە دانی بڕە پارەی ئاماژە پێکراو لە ئەنجامی داد بینی ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای بەرایی هەولێر بەژمارە (٢٣٣٥/ب/٢٠١٦ لە ٢٠١٧/١١/١٩ ) بڕ یاری دا بە پابە ندکردنی داوالەسەرکراو بەدانی بڕی (٢٠٠٤) دولار یان بەرامبەر (٢,٥٨٣١٥٦)دیناری عراقی و ڕەتکردنەوەی بڕی زیادەی داوا کراو (١٨٧,٨٩٦) دولار . دوای ناڕازی بوونی تێهەڵچووکار داد گای تێهەڵچوونەوەی ناو چەی هەولێر بە ژمارە ١٣/س/٢٠١٨ لە بەرواری ٢٠٢١/١٠/٢٤ بڕیاری دا بە هەڵوە شاندنەوەی بڕیاری بەرایی ئا ماژە پێکراو پابەند کردنی تێهەڵچوولەسەرکراو بەرامبەر بڕی (١٣٠٩٤٩٥١) ملیون دینار عراقی و ڕەتکردنەوەی بڕی زیادەی داوا کراو (١٧٩٧٤١) دولار امریکی . دوای ناڕازی بوونی تێهەڵچووکار بە بڕیاری ناوبراو تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بە پێ ی تیانوسی پێدا چوونەوەی ڕە سم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢١/١١/٢٢. دوای گەیشتنی تا نە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ وپەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە هەڵوەشاندنەوەی بەشێکی بڕیاری دادگای بەرایی پێنجەمی هەولێر و پابە ندکردنی داواله سەر کراوی پێدا چووکار بە بڕی پارەی ناوبراو لە سەرەوە ، ڕا ستە و پابە ندی یا سایە ، چوونکە ئەم بڕیارە دادگا پەیرەوی بڕیاری پێدا چوونەوەی هەڵوە شێنەری ئەم دادگا یەی تیا کردووە بە ژمارە ١٤٥/ هـ . م.أ/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٦ ئەوەش بە پشت بەستنەوە بە سێ شارەزای داوەری بۆ خەملاند نەوەی کارە ئەنجامدراوەکان کە ڕاپۆرتەکەیان لەو بارەیەوە شیاوی پشت پێ بە ستن بووە بە پێ ی مادەی ١٤٠ ی یا سای سەلماندن وئەو بڕەی تیا د یاریکراوە شایستەی داوا کارە ، بۆیە بڕیار درا بە را ست سەلماندنی بڕیاری تا نە لێدراو وە ڕەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئە ستۆگرتنی ڕە سمی پێدا چوونەوە لەلا یەن پێدا چووکارەوە و ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٥/٨.

**ژمارە / ٢١/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٦/١٤**

داواکار لە ڕێگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر ڕایگەیا ندووە کەوا هە ستاوە بە ئەنجام دا نی گرێبە ستێك لە گەڵ داوالێ کراو لە بەرواری ٢٠١٨/١٢/٤ بە مەبە ستی تغل یف کرد نی وەج هەی ڤێلا بە بڕی (٦٨,٤٧٨) دولار کاری خۆی تەواو کردووە بە بێ هیچ کەم و کوریەك تاکو ئێستا بڕی ( ٢٧,٩٧٨) دولاری ئەمریکی لای داوالێکراو ماوە سەرەڕای داواکردنی لە لایەن داواکارەوە داوالێکراو لاری دە کات لە دا نەوەی ئەو بڕە پارە یە . لە ئەنجامی داد بینی ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای بەرایی هەولێر بە ژ مارە ١١٥٠/ب٥/٢٠٢٠ لە ٢٠٢١/١/٢٥ بڕ یاری دا بە پابە ندکردنی داواله سەرکراو بەدانی بڕی (٢٧٩٧٨) دولار امریکی بۆ داوا کار یان بەرامبەر بڕی (٣٤٤٥١٩٩٧) دینار دوای ناڕازی بوونی تێهەڵچووکار دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە

ژمارە ٤٢/س/٢٠٢١ لە ٢٠٢١/١٠/٦ بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری بەرایی ئاماژە پێکراو دوای نارازی بوونی تێهەڵچووکار تانەی لێدا لای ئەم دادگا یە بە پیّ ی تیانوسی پێدا چوونەوەی رەسم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢١/١٠/٢٦ . دوای گەیشتنی تانە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ وپەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی هەولێر بە پ شتگیری کرد نی بر یاری داد گای بەرایی چوارەمی هەولێر بە پابەندکردنی هەردوولای داواکە بەو بڕانەی سەرەوە پێش وەختە لە بەر ئەم هۆکارا نەی خوارەوە ١- بە پیّ ی ڕووداوە چەسپاوەکانی داوای یەکخراو کاری ڕووپۆش کردنی خانووی داوالێکراو بە ڕێژەی ١٠٠٪ تەواوکراوە بەڵام دادگا خۆی لێکۆڵینەوەی لە بەرواری تەواوکردنی کارەکە و وەرگرتنی لە لایەن خاوەن خانووەکە نەکردووە و دە بوو ئەو لایە نەی بۆ دسەلمێنێت نەك لە شارەزای دا نراو وەرگرێت ئەوەش لە پێناو د یاریکردنی ماوەی دواکەوتن لە تەواو کردنی کارەکە ٢- دادگا پشتی بەستووە بە ڕاپۆرتی شارەزا بۆ د یاریکردنی بڕی قەرەبووی ئەو کەم و کوریەی لەکارە کەدا هە یە بەڵام دە بوو بڕگەی (١٠) ی گرێبە ستی هەردوولا بەهە ند وەربگیرێت کە ڕێکەوتوون لە سەر ئەوەی ماوەی دوو ساڵ ( ضمان ) دا نراوە بۆ کارە کە و بیست ساڵیش بۆ جۆری مادەی بەکارهاتوو وە دە بوو لێکۆڵینەوە لەوە دکات کەموکوری بەهۆی کارەکەوە یە یان جۆری مادەی بەکارهاتوو دەگونجێت لەگەڵ مادەی ڕێکەتوو لەسەری یان نەء ٣- بۆ خەملا ندنی قەرەبووی دوا کەوتن داد گا تەنها پشتی بەستووە بە ڕاپۆرتی شارەزاکان بۆ د یاریکردنی ڕۆژا نی پشوو و باران و جەژن و بۆنەکان بەڵام دە بوو بۆ ئەم کارە نو سراو دکات بۆ شوێنە تایبەتمە ندەکان ٤- دەب ێت داد گا ئەوە بەهە ند وەربگر ێت ناب ێت قەرەبووی دواکەوتنی کار ئەگەر شایستە بوو زیادەڕۆیی لە خەملا ندنی دا هەبێت و بە هەموو جۆرێك لە ٧٪ ی سوودی یا سایی ز یاتر نەبێت وە لە بەر ئەوەی داد گای

تێهەڵچوونەوە سەرنجی ئەو ڕوونکردنەوانەی سەرەوەی نەداوە بڕیارەکەی خستۆتە باری نارا ست و پێچەوانەی یاساوە بۆیە بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانە لێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگای ناوبراو بۆ دووبارە کردنەوەی دادبینی تیای داو دەرکرد نەوەی بڕیاری پێویست و هێشتنەوەی رە سمی پێدا چوونەوە تا ئەنجام و ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٦/١٤ .

**ژمارە / ٢٢/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٥/٢٤**

داواکار لە ڕێگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر ڕایگەیاندووە کەوا داوالێکراو هاو سەریەتی بە پیّ ی گرێبە ستی هاو سەرگیری ژمارە (٣٥٧٥) لە بەرواری ٢٠١٩/٦/١٦ داوالێکراو هە ستاوە بە داگیرکرد نی ( غصب) کردنی کەل و پەلی ناو ماڵی و لاری دەکات لە گەڕاندنەوەی بۆیە داوادەکات بە پابە ندکردنی داوالێکراو بە گەڕاند نەوەی کەل و پە لەکانی یانیش کۆی گ شتی نرخەکانیان کە دەکا تە (٩,٩٢٥,٠٠٠) ملیون دینار لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی هەولێر بە ژمارە ١٩٢٠/ب/٢٠٢٠ لە بەرواری ٢٠٢١/٢/٧ بڕ یاری دا بە ڕەتکرد نەوەی داوای داوا کار دوای نارازی بوونی داوا کار بە بڕ یاری ناوبراو داد گای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ٧٣/س/٢٠٢١ لە ٢٠٢١/١٠/١٧ بڕیاری دا بە پشتگیری کردنی بڕیاری بەرایی و ڕەتکردنەوەی تانەی تێهەڵچوونەوە دوای نارازی بوونی تێهەڵچووکار تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بە پیّ ی تیانو سی پێدا چوونەوەی رە سم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢١/١١/١٥ . دوای گەی شتنی تا نە و دۆ سیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ وپەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناو چەی هەولێر بە پشتگیری کرد نی بریاری داد گای بەرایی دووەم بە ڕەتکرد نەوەی داوای داواکار ، پێش وەختە چوونکە ڕاستە ئەستۆی دارایی ( ذمة المالية ) ی ژن و مێرد لە سیستەمی یاسایی و کۆمەڵی ئێمەدا جیایە ، بەڵام کەل و پەلی ناوماڵ لە ماڵی هاوسەری دا کاتێك دەبێت بە موڵکی ژن کە بە پارەی

ژنەکە کڕابێت یان بە دیاری بۆی هاتبێت ، یان مێرد بۆ ئەوی کڕی بێت یان پێ ی دابێت بە دیاری وە لە بەر ئەوەی داوا کار لە تیانو سی پێدا چوونەوەدا بانگە شەی ئەوەی کردووە کە مێردی داوالە سەرکراو پێش گواستنەوە کەلو پەلە داواکراوەکانی بۆ کڕیوە ، هەر چەند داوا کار ڕوو نی نەکردۆتەوە ئەو کڕینە وەك مارەیی یان دیاری و کە ڕوونکرا یەوە دەبێت داد گا داوا کار ڕا سپێرێت بە سەلماندنی ئەم لایە نە و دەرکرنەوەی بڕیار لە سەر ئەنجامی سەلماندن و لە بەر ئەوەی داد گای تێهەڵ چوونەوە بەم شێوەیە بڕیارە کەی دەر نەکردووە ، خستویەتی یە باری ناڕاست و پێچەوانەی یاسا و بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆی بەمەبەستی دەرکردنەوەی بڕیار لەسەر ڕۆشنایی ڕوونکرد نەوەی سەرەوە و هێشتنەوەی ڕە سمی پێدا چوونەوە تائەنجام و ئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٥/٢٤ .

| ژمارە / ٢٤/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ | بەروار ٢٠٢٢/٥/٨ |
|---|---|

داواکار لە ڕێگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر ڕایگەیاندووە کەوا بە پێ ی گرێبەستی ژمارە (٨٠) لە ٢٠١٢/٧/٢٥ لە گەڵ داوالێکراو واژو کردووە بڕی (٣١٥٠٠) سی و یەك هەزار و پێنج سەد دۆلاری ئەمریکی وە کو غەرا مەی تأخیری لە لای ماوە تەوە بەڵام لاری دە کات لە گەڕاند نەوەی لە ئەنجامی داد بینی ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای بەرایی هەولێر لە بەرواری ٢٠٢١/٦/١٠ بە ژمارە ١٦٢٧/ب/٢٠٢٠ بڕیاری دا بە پابە ندکردنی داوالە سەرکراو بە دا نی بڕی (٢٤٧٠٠) دولار امریکی یان بەرامبەر بڕی (٣٠,٤٧٩,٨٠٠) ملیون دینار عراقی بۆ داواکار وەکو ( الغرامة التأخيرية) بۆ ماوەی ٢٠١٢/٢/٢ تاکو٢٠١٥/١٠/٢٥ دوای ناڕازی بوونی داوالەسەرکراو بە بڕیاری ناوبراو دادگای تێهەڵچوونەوەی ناو چەی هەولێر بە ژمارە ١٣٧/س/٢٠٢١ لە بەرواری ٢٠٢١/١١/١ بڕیاری دا بە پشتگیری کردنی بڕیاری بەرایی و ڕەتکرد نەوەی تا نەی تێهەڵچوونەوە . دوای ناڕازی بوونی تێهەڵچووکار لە بڕیاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگا یە بە پێ ی تیانو سی پێدا چوونەوەی ڕسم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢١/١١/٤. دوای گەیشتنی تانە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.
بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ وپەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانە لێدراو وە دەرچوو لە دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر بە پشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی پێنجەمی هەولێر بە پابە ندکردنی داوالە سەرکراوی پێدا چووکار بە بڕی پارەی ناوبراو وەك سزای دوا کەوتن ( غرا مە تأخير يە ) لە ڕادە ست کرد نی یە کەی پڕۆژە ، پێش وەخ تە چونکە وەك سەرنج دەدر ێت تیانو سی تێهەڵچوونەوەی پێداچوو لەسەر ئەوە پێش کەش کراوە کە شارەزای دادوەری دا نراو بەهە ڵە ماوەی ڕشوو وە ڕۆژا نی باران بارینی هەژمارکردووە و دە بوو داد گای تێهەڵ چوونەوە وورد بینی لەو لایە نەدا بکات بە بانگرکردنەوەی شارەزای دادوەری بۆ پێشکەش کردنەوەی ڕاپۆرتێکی پاشکو لەسەر ڕۆشنایی بوونی هەڵەو لەو هەژمارکردنە یان نئە وە لەبەر ئەوەی داد گای تێهەڵچوونەوە بەو شێوەیە بە داوا کە دا نەڕۆیشتووە بڕیارە کەی خستۆتە باری ناراست و پێچەوانەی یاساوە بۆیە بڕیار درا بە هەڵوە شاندنەوەی وە گەڕاند نەوەی دۆسیەکە بۆ دادگا کەی بەمەبە ستی دەرکرد نەوەی بڕ یار لە سەر ڕۆ شنایی ڕوونکرد نەوەی سەرەوە و هێشتنەوەی ڕە سمی پێداچوونەوە تا ئەنجام و ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٥/٨ .

| ژمارە / ٢٦/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ | بەروار ٢٠٢٢/٥/٨ |
|---|---|

داواکار لە ڕێگای بریکارەکەی لە بەردەم داد گای بەرایی هەولێر ڕایگەیا ندووە کەوا بە پێ ی گرێبەستی ژمارە (٠٧٢ لە ٢٠١٥/٦ خانوی دروستکراو لەسەر مولکی ژمارە (٣٠/٥٨ك٩٤ باداوە ) ی داوالێکراو کڕیوە بەڕووبەری (٥٠)م٢ لە کۆی (١٠٠م٢) بە بڕی (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دۆلاری ئەمریکی و داوالێکراو سەرجەم پارە کەی

وەرگرتووە بەڵام داوالێکراو ئامادەنیە ئەم موڵکە بەناویەوە بکات . بۆیە داوا دەکات داوالێکراو پابەند بکرێت بە گەڕاند نەوەی هەردوولا بۆ پێش گرێبە ست و گەڕاند نەوەی بڕی (٥٠,٠٠٠) دۆلاری ، ئەمریکی بۆ داوا کار و گەراندنەوەی مولکەکە بۆ داوالێکراو لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی هەولێر بریاری دا بە ژمارە ٢٣٦/س/٢٠٢٠ لە ٢٠٢١/١٠/٢٥ بڕیاری دا بە پشتگیری کردنی بڕیاری بەرایی و ڕەتکرد نەوەی تا نەی تێهەڵ چوونەوە دوای تا نە ل ێدانی تێهەڵ چووکار لە بڕ یاری ناوبراو لای ئەم دادگا یە بە پیّ ی تیانو سی پێدا چوونەوەی ر سم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢١/١١/٥. دوای گەی شتنی تا نە و دۆ سیەکە تۆ مارکرا ودا نرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ وپەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانە لێدراو وە دەرچوو لە دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر بە پشتگیری کردنی بریاری دادگای بەرایی حەو تەمی هەولێر بە پابەندکردنی داوالە سەر کراو بە بڕی پارەی ناوبراو لە سەرەوە ڕا ستە و پابە ندی یا سایە چوونکە داوای داواکار لەسەر ئەوە بووە کە نیوە خانوو بابەتی داواکەی لە داوالەسەرکراو بە پیّ ی گرێبەستێکی کڕین و فرۆشتنی دەرەکی ( خارجی ) لەدەرەوەی تۆمارکردنی خانووبەرە کڕیوە بە بڕی د یاریکراو وە پارە کەی داوە بە داوالە سەرکراو وە داوای گەڕاند نەوەی دە کات لە بەر ئەوەی ئا مادە نی یە بیکات بەناو یەو بە هۆی ئەوەی داوالەسەرکراو دانی نا بە گرێبەستێی دەرخراو لە ڕووی ناوەرۆك و واژوو تیای دا پارەی داوا کراوی وەرگرتووە بەڵام داوالە سەرکراو پاڵ نەری داوا کەی بەوەر نەگرتنی هەموو نر خی خانووە کەی بووە و بۆ یە داد گا داوای سەلماندی پاڵنەری لێکردوو لەبەر ئەوەی نەیتوانی بەڵگەی یاسایی پێشکەش بکات دادگای بەرایی بە ناتوا نای داناو مافی دایە سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی داواکار بکات بەو شێوەیەی لە داد بینی دا دارێژراوە بەڵام داوا لەسەرکراو ڕازی نەبوو بە ئارا ستە کرد نی سوێند بۆ داوا کار و لە سەر ئەوە بە دوڕاو دادەنرێت بە ناوەڕۆکی سوێندەکەو داوای داوا کار شیاوی ڕوا ندن دەبێت ، لە سەر ئەوە بڕیار درا بە ڕا ست سەلماندنی بڕیاری تا نە لێدراو وە ڕەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لە ئەستۆ گرتنی ڕە سمی پێدا چوونەوە لە لا یەن پێدا چووکارە و ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەکرا لە ٢٠٢٢/٥/٨ .

| ژمارە / ٢٨/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ | بەروار ٢٠٢٢/٤/٦ |
|---|---|

داواکار لە ڕیگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی /٥ لە داوای بەرایی ژمارە ١٣٦٦/ب/٢٠٢٠ بانگە شەی ئەوەی کردووە کە پێ شتر گۆران سامان قەرزی وەرگر تووە لە ڕێکخراوە کەمان بە بڕی ٤٨٠٠□ دەستەبەری (کفیل) قەرزدار بوون بە دەستەبەری دەرچووە فەرمانگەی دادنو سی سلێمانی /١ بە ژمارە ٦٨٤ لە ٢٠١٨/٣/٦ وە بڕی ٤٤٠٠□ لە ئەستۆدا ماوە لە کۆی گ شتی قەرزە کە وە ئا مادە نین بیدە نەوە ، بۆیە داوایکرد بانگهێشتی داوالەسەرکراو بکرێت بۆ دادبینی و بڕیار بدرێت بە پێدانی بری قەرزەکە وە (فا ئدە) یا سایی لە گەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە وماندووبوونی پارێزەرایەتی ، لە ئەنجامی داد بینی ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای ناوبراو بڕ یاری دەر کردوە بە ژ مارە ١٣٦٦/ب/٢٠٢٠ لە ٢٠٢١/٩/١٤ بە پابە ندکردنی داوالەسەرکراو بە پ ێدانی بڕی ٤٤٠٠□ وەك لە بریارە کە جێگیرکراوە داوالە سەرکراو تا نەی لەو بڕیارەداوە بە تێهەڵ چوونەوە بە هۆی بریکارەکە یەوە بە پیّ ی تیانو سی ڕە سم بۆدراو لە لە ٢٠٢١/٩/١٥ . داد گای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە ژمارە ١٩٨/س/٢٠٢١ لە ٢٠٢١/٢/١ بریار دا بە پ شتگیری کرد نی بریاری بەرایی ئاماژە پێکراو ، تێهەڵچووکار ڕازی نەبوو بەو بریارە و تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بە پیّ ی تیانو سی پێداچوونەوەی ڕەسم بۆ دراو لە ٢٠٢١/١٢/١٥ تیای دا داوای هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات دوای گەی شتنی تانە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش وورد بینی و گفتو گۆ و پە سەند کرد نی تا نەی پێدا چوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕ یاری داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی سلێمانی بە پ شتگیری کرد نی بڕ یاری داد گای بەرایی پێن جەمی

سلێمانی به پابەندکردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی بڕی پارەی ناوبراو لە سەرەوە ، ڕاستە و پابەندی یاسایە ، چوونکە بۆ دادگای بەرایی دەرکەوت کە داوا لەسەرکراو بە پێ ی کە فالەتێکی ڕاست و سەلمێنراو لە دادنووس دەستەبەری قەرزاری داواکار بووە لەو پارەیەی کە قەرزار لە داواکار سەرەڕای کارەکەی وەرگرتووە و لەبەر ئەوەی بە پێ ی گرێبەستی قەرزی دەرخراو بۆ داواکاری خاوەن قەرز هەیە بگەڕێتەوە سەر هەرکام لە کەفیل و قەرزار و بە پێ ی مادەی ۲/۱۰۳۰ لە یاسای شارستانیش کەفیل و قەرزار هاودەستەبەرن ( متضامن ) و بە پێ ی مادەی (۱۰۳)ی یاسایەش خاوەن قەرز دەتوانێت ڕاستەوخۆ داوا لە کەفیل بکات بۆ گەڕاندنەوەی قەرزەکە بە بێ قەرزار و ئەوەی دوای گەراندنەوەی پارەی قەرز کەفیل دەتوانێت داوای پارەی دراو بکاتەوە لە قەرزار ، بۆ یە ئەم دادگا یە بڕ یاری دا بەڕا ست سەلماندنی بڕ یاری تا نە لێدراو وە ڕەتکرد نەوەی تا نەی پێداچوونەوە و لە ئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لە لا یەن پێدا چووکارەوە و ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ۲۰۲۲/٤/٦ .

.

| ژمارە / ۳۸/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ۲۰۲۲ | بەروار ۲۰۲۲/۳/۲ |
|---|---|

داواکار لەڕێگای بریکارەکەیەوە لە بەردەم دادگای بەرایی سلێمانی /۲ لە داوای بەرایی ژمارە ۱۷۲۰/ب/۲۰۲۰ بانگەشەی ئەوەی کردووە کە لەبەرواری ۲۰۲۰/۱۱/۱ داوانامەیەکی پێشکەش بە دادگا کردووە و ڕونیکردەوە کە داوالێکراو نیشتەجێ ی موڵکی ( ژمارە ۳۸/۳٦٦ کەرتی ٤ دلۆبە ) یەو لە کاتی خۆیدا وەك هاوکاری ڕێگە پێدراوە بە بێ کرێ تیایدا بێت تا خانووەکەی تەواو دەبێت بەڵام پاش تەواو بوونی خانووەکە ئامادەنیە بە چۆڵکردنی لە ئەنجامی دادبینی و ئاشکرا دادگای ناوبراو بە ژمارە ۱۷۲۰/ب/۲۰۲۰ لە بەرواری ۲۰۲۱/۲/۱۰ بڕیاری دا بە پابەندکردنی داوالێکراو بە گەڕاندنەوەی ذهۆمی سەرەوە ( ذهۆمی یەکەم ) لە خانووی ژمارە (۳۸/۳٦٦ کەرتی ٤ دلۆبە ) بۆ داواکار و ڕادەست کردنەوەی بە چۆڵکراوی و ڕێگری نەکردن لێ ی لە سود وەرگرتن لە خانووەکە و نەخشەی موڵکەکە لە لایەن ڕوپێوکراو کێشراوە تیای دا بە پیتی (أ) هێمای کردووە دوای نارازی بوونی تێهەڵچووکار دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە ژمارە ۱۲۹/س/۲۰۲۱ لە ۲۰۲۱/۱۱/۱ بڕیاری دا بە پشتگیری کردنی بڕیاری بەرایی ئاماژە پێکراو و ڕەتکردنەوەی تیانوسی تێهەڵچوونەوە . دوای تانە لێدانی تێهەڵچووکار لەبڕیاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بە پێ ی تیانوسی پێداچوونەوەی ڕەسم بۆ دراو لە ۲۰۲۱/۱۱/۲۵ کە تیای دا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات و پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆو پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانە لێدراو دەرچووە لە دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە پشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی دووەمی سلێمانی بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی ذهۆمی سەرەوەی خانووەکەی کە دەستی بە سەردا گرتووە ، ڕاستە و پابەندی یاسایە ، چوونکە خانووی باسەتی داواکە تۆمارە بەناوی داواکارەوە و داوالەسەرکراو کرێچی نی یە تیای داو پاڵنانی داوالەسەرکراو بە خاوەنداریەتی ذیوەی خانووەکە بۆ ئەو رزگاری ناکات لە داواکاری داواکار لە کاتێکدا هەموو خانووەکە تۆمارە بەناوی داواکارەوە بە پێ ی مادەی ۱۰۵۰ ی یاسای شارستانی تێهەڵچوونەوە بۆ داوالەسەرکراو نی یە ڕێگری لێ بکات لە سودبینین لە بەشی دەست بەسەراگیراو ، وە بۆ داوالەسەرکراو هەیە بەداوای سەربەخۆ داوای مافی خۆی بکات ئەگەر بە پێ ی یاسا مافی هەبێت تیای داو لە سەر ئەو بڕیار درا بە ڕاست سەلماندنی بڕیاری تانە لێدراو وە ڕەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە و ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ۲۰۲۲/۳/۲ .

| ژمارە / ۳۹/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ۲۰۲۲ | بەروار ۲۰۲۲/٦/١٤ |
|---|---|

داواکار لە ڕێگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی/٥ بانگەشەی ئەوەی کردووە کە لەگەڵ داوالەسەرکراو هاوسەرن و داوای جیابونەوەیان هەیەلە دادگای باری کەسی . داوالەسەرکراو دەستی گرتووە بە سەر ئاڵتون و کەل و پەلەکانی ناومالّ بۆیە داوا دەکات بانگهێشتی داوالەسەرکراو بکرێت بۆ داد بینی و بڕیار بدرێت بە پابەندکردنی بۆ گەڕاندنەوەی تەوای زێڕو کەل و پەلەکانی کە خەملاندویەتی بە بڕی (٦,٨٢٨,٠٠٠) مليون دينار . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو بڕیاری دا بە ژمارە ٣٠٥٤/ب/٢٠١٩ لە ٢٠٢١/٣/٩ بە ڕەتکردنەوەی داوای داواکار سەبارەت بەو ئاڵتونانەی فرۆشراون بۆ کرێی خوێندن بە بڕی (٦٢٥٠٠٠) هەزار دینار . پابەندکردنی داوالەسەرکراو بە گێڕانەوەی بڕی (٣٣٧٥,٠٠٠) دینار بۆ داواکار .

دوای ناڕازی بوونی داواکار بە بڕیاری ناوبراو دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە ژمارە ٢٠٢١/١١/٣ لە ٩٩/س/٢٠٢١ بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری بەرایی ئاماژە پێدکراو و ڕەتکردنەوەی داوای تێهەڵچوو لەسەرکراو دوای تانە لێدانی تێچهەڵچووکار لە بڕیاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بە پێی تیانوسی رەسم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢١/١٢/٢ . دوای گەیشتنی تانە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ وپەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، سەرنج درا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دادگای بەرایی پێنجەمی سلێمانی و ڕەتکردنەوەی داوای داواکار ڕاستە وپابەندی یاسایە ، چوونکە داواکار داوای زێڕەکانی یان بەهاکەی دەکات گوایە داوالەسەرکراو دەستی گرتووە بەسەریدا ، بەڵام بۆ دادگای تێهەڵچوونەوە دەرکەوت کە داواکار خۆی زێرە داواکراوەکانی فرۆشتووە بۆ خەرجی خۆی ، وە بانگەشەی داواکار بۆ گێڕانەوەی زێڕەکان ئەوە بووە کە داوالەسەرکراو بەڵێنی پێ داوە هەموو ئەو زێڕانە فرۆشتوویەتی بۆی بکاتەوە ، بەلام داواکار ناتوانا دەرچوو لە سەلماندنی ئەو بەڵێنەی بەهۆی ئەوەی کاتێك دادگا داواکاری بە ناتوا لە سەلماندن و مافی دایە سوێندی یەکلاکەرەوەی داڕێژراو ئاراستەی داوالەسەرکراو بکات داواکار ڕازی نەبوو بە ئاراستەکردن ئەو سوێندە و بەوەش بە ناوەڕۆکی سوێندەکە دۆڕا داواکەی بێ بنەمای یاسایی مایەوە بۆیە بڕیاری بەرایی شیاوی هەڵوەشاندنەوە بوو وە دادگای تێهەڵچوونەوە ڕەچاوی یاسای کرد لە بڕیارەکەی داو ئەم دادگایەش بڕیاری دا بە ڕاست سەلماندنی بڕیاری تانە لێدراو وە ڕەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لە ئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لە لایەن پێداچووکارەوە و ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٦/١٤ .

**ژمارە / ٤٠/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٥/٢٤**

داواکار لە ڕێگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی پیرەمەگرون بانگەشەی ئەوەی کردووە کە خاوەنی بەشێکە لە موڵکی ژمارە ٣/١ کەرتی ٣ باران بەگ کە زەوی کشتوکاڵیە و تۆمارە بە ناویەوە بەڵام داوالێکراوان دەستیان گرتووە بەسەریدا و ڕێگری دەکەن لێ ی کە سوودی لێ ببینێت ، بۆیە داوایکردوە بڕیار بدرێت بە دەستهەڵگرتنیان لەسەر موڵکەکە و ڕێگری نەکردن لە سود بینی لێ ی . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی ئاشکرا دادگای بەرایی ناوبراو بڕیاری دا بە ژمارە ٣/ب/٢٠١٨ لە ٢٠١٨/١٠/٩ بە پابەندکردنی داوالێکراوان بەهەریەك لە /ص/ ح/ر/ و /و/ ق/ أ/ و/ ا/ م/ م/ س/ بە ڕێگری نەکردن ( منع معارضة ) لە داواکار (اكرم توفيق محمود ) بەسود بینین لە موڵکی ٣/١ کەرتی ٣ باران بەگی بە پێ ی نەخشەی ڕووپێوکراوی کشتوکاڵی ئاماژەپێکراو و نەخشەکە بە شێك دێت لە بڕیارەکە . دوای ناڕازی بوونی تێهەڵچووکار دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە ژمارە ٢٧٥/س/٢٠١٨ لەبەرواری ٢٠٢١/١١/٢٩ بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئاماژەپێکراو و پابەندکردنی تێهەڵچوولەسەرکراوی یەکەم بە ڕێگری نەکردنی لە تێهەڵچووکار بەسود وەرگرتن لە موڵکی بابەتی داواکە بە بێ ڕادەستکردن( منع معارضة دون تسليم ) و پوچەڵکردنەوەی داواکە سەبارەت بە هەردوو تێهەڵچوو لەسەرکراوی دووەم و سێ یەم لەبەر ئەوەی چاوپۆشی لێ کراوە دوای تانە لێدانی تێهەڵچووکار لە بڕیاری ناوبراو بە پێ ی تیانوسی رەسم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢١/١٢/٥ هەروەها تێهەڵچوولەسەرکراویش

تانەی لەو بڕیارە داوە لای ئەم دادگایە بە پێ تیانوسی پێداچوونەوەی رسم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢١/١٢/٢٢.
دوای گەیشتنی تانە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.
بڕ یار / پاش وورد بینی و گفتو گۆ و پە سەندکردنی هەردوو تا نەی پێدا چوونەوە لە ڕووی شێوەوە وەیەکخستنیان بەمەبەستی سەیرکردنیان ، تێبینی کرا کە بڕیاری داد گای تێهەڵچوونەوەی ناو چەی سلێمانی تا نە لێدارو ناڕا ستە و پابە ندی یا سا نییە چوونکە داد گا بڕیاری داوە بە هەڵوە شاندنەوەی بڕ یاری حوکمی بەرایی کە پشتی بەستووە بە کۆنوسی پشکنین کە لە قۆناغی بەرایی ئەنجام دراوە لەسەر مولکی با بەتی داوا کە کە دادگای بەرایی بڕیاری دابوو کە داوالێکراوان ڕفتار دەکەن بە پشکەکانی داواکار لە کاتێکدا کە هاو بەش نین دوای ئەوەی داوا کار داوا کەی چرکردووە بە یەکێك لە داوالێ کراوان داد گای تێهەڵ چوونەوە بڕ یاری دا بە پابەندکردنی تێهەڵچووکار  داوالێکراو ( ص/ ح/ ر/ ) بە ڕێگری نەکردنی لە داواکار بەسوود وەرگرتن لە مولکی با بەتی داوا بە پێ ی ڕادە ست کردن لە کاتێکدا کە داوالێ کراوی یە کەم هاوبە شی داوا کارەو بە شی هە یە لە مولکەکە دەبوایە دادگای تێهەڵچوونەوە داوای لە داواکار بکردایە ( مناسخە ) پێشکەس دادگا بکات بۆ وە ستان لە سەر بە شی هەردوو لای داوا و روو بەری ئەو بە شەی لە لا یەن

داوالێکراوی یەکەم بەکاردێت سەبارەت بە داواکار بەهەمان شێوە و لە کاتی بوونی زیادەرەوی دادگا بڕیار بدات بە ڕێگری نەکردن بە بێ ڕادەست کردن ( دون التسليم ) وە لە بەر ئەوەی داد گای تێهەڵچوونەوە بە شێوەیەکی دروست پەیرەوەی بڕیاری پێداچوونەوەی نەکردووە بۆیە بڕیار درا بە هەڵوە شاندنەوەی بڕیاری تا نە لێدراو و گەراندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی دووبارە دادبینی کردن لە ژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی سەرەوە و دەرکردنی بڕیاری یاسایی پێویست و هێشتنەوەی رەسمی پێداچوونەوە بۆ ئەنجام ئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٥/٢٤ .

**ژمارە / ٤٢/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٥/٨**

القرار:- لدى التدقيق والمداولة وقبول الطعن التمييزي شكلاً وجد ان قرار محكمة استئناف منطقة دهوك بفسخ الحكم البدائي الصادر من محكمة بداءة زاخوّ غير صحيح ومخالف للقانون حيث ثبت حصول التجاوز من العقار العائد للمدعى عليه المميز على العقار العائد للمدعون كما جاء بتقرير الخبراء السبع الذي استندت عليه محكمة الاستئناف في قرارها المميز برفع التجاوز الا انه كانت على تلك المحكمة ان تأخذ بنظر الاعتبار ان المدعون ووفق عريضة دعواهم المقامة في محكمة البداءة ادعوا وقوع التجاوز بمساحة (٣٠٠)م ٢ على ارضهم ولكن محكمة الاستئناف حكمت برفع التجاوز بمساحة ٨٥٣م٢ عن القطعة العائدة للمدعون اي بزيادة ٥٥٣م٢ عن ما طلبه المدعون برفعها لذا لم تكن على المحكمة الحكم بما يزيد عن المقدار المدعى به والمطلوب رفعه كما فرضته احكام المادة ٣١٥٩ من قانون المرافعات المدنية المعدل عليه والحالة هذه كانت على المحكمة ان تكلف الخبراء السبع بأعادة رسم التجاوز والخارطة و تحديد التجاوز بقدر المساحة المطلوبة كي يكون المرتسم نافياً للجهالة قابلاً للتمييز في مديريات التنفيذ و اعتبار المرتسم جزءاً من القرار و لان المحكمة المميز قرارها اصدرت حكمها بخلاف ما ورد اعلاه مما تقرر نقضه و اعادة اضبارة الدعوى لها لاصدار الحكم فيها مجدداً على ضوء ما مشروح على ان يبقى رسم التمييز المدفوع تابعاً للنتيجة وصدر القرار بالاتفاق من حيث النقض وبالاكثرية في النتيجة في ٢٠٢٢/٦/١٩ .

**ژماره / ١٢٠/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٨/٣**

داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی هەولێر بە ژ مارە ١٠٦/س/٢٠٢١ لە بەرواری ٢٠٢١/١١/٢٩ بڕ یاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە ١٥٩/ب/٢٠١٩ لە ٢٠٢١/٤/١٩ بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو ( تێهەڵچووکار ) بە دانی بڕی (٨٠,٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی یان بەرامبەر بڕی (٩٦,١٦٠,٠٠٠) ملیون دینار عراقی وەکو پێبژاردنی دواکەوتن ( الغرامه التأخیریه ) لە ماوەی نێوان ٢٠١٤/٨/٢١ تاوەکو ٢٠١٩/٦/١١ و رەتکردنەوەی داوای داواکار بە بڕی ز یادەی داوا کراو (٦٢٤٦٠) دولار بەرامبەر بڕی (٧٥,٢٩٣,٢٨٠) دینار . دوای نارازی بوونی تێهەڵ چووکار لە بڕ یاری ناوبراو تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بە هۆی تیانوسی رەسم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢١/٢/٢٢ . دوای گەیشتنی تانە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ وپەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوە بە هەڵوە شاندنەوەی بە شێکی (جزئی ) بڕیاری داد گای بەرایی عەنکاوە و پابەندکردنی داوالەسەرکراو سەرەڕای کارەکەی بە بڕی پارەی ناوبراو لەسەرەوە ، ناڕاستە و پێچەوانەی یاسایە ، چوونکە لە هەموو بارێکدا ناکرێت سزایەکی دواکەوتن پەسەند بکرێت بڕەکەی بگاتە نرخی یەکەی پڕۆژەکە بە پێ ی گرێبەست و تەنانەت داواکار دەڵێت هێشتا دوو هەزار دۆلار ماوە بیدات بە داوالەسەرکراو بەڵام خانووەکەی تەواو نەکردووە و بەو شێوەیە بێت داواکار دوو هەزار دۆلاریش قازانج دەکات سەرباری خانووەکە و بۆیە دەبوو دادگا لێکۆڵینەوەی وورد بکات لە بری پارەی دراو بە داوالەسەرکراو وە بەرواری تەواوکردنی خانووەکە لە لایەن

داوالەسەرکراو وە پرسیار لە داوالەسەرکراو بکات کە ئایا داواکاری ئاگادارکردووە بە وەرگرتنی خانووەکەی و بیسەلمێنێت و دەبێت دادگا بزانێت هۆکاری دواکەوتن چی بووە و هەموو ئەو ماوە وەستانانەی کە دەستی داوالەسەرکراوی تیانەبووە لە ماوەی دواکەوتن دەربکرێت و پاشان سزاکە بخەملێنرێتەوە لە لایەن شارەزای دارایەوە ، لەسەر ئەوە بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانە لێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بەمەبەستی دەرکردنەوەی بڕیار تیای داو هێشتنەوەی رەسمی پێدا چوونەوە تا ئەنجام ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٨/٣ .

**ژمارە / ١٢٠/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٨/٣**

داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی هەولێر بە ژ مارە ١٠٦/س/٢٠٢١ لە بەرواری ٢٠٢١/١١/٢٩ بڕ یاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە ١٥٩/ب/٢٠١٩ لە ٢٠٢١/٤/١٩ بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو ( تێهەڵچووکار ) بە دانی بڕی (٨٠,٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی یان بەرامبەر بڕی (٩٦,١٦٠,٠٠٠) ملیون دینار عرا قی وەکو پێبژاردنی دواکەوتن ( الغرامه التأخیریه ) لە ماوەی نێوان ٢٠١٤/٨/٢١ تاوەکو ٢٠١٩/٦/١١ و رەتکرد نەوەی داوای داوا کار بە بڕی ز یادەی داوا کراو (٦٢٤٦٠) دولار بەراه بەر بڕی (٧٥,٢٩٣,٢٨٠) دی نار . دوای نارازی بوونی تێهەڵ چووکار لە بڕ یاری ناوبراو تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بە هۆی تیانو سی رە سم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢١/٢/٢٢ . دوای گەیشتنی تانە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ وپەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوە بە هەڵوە شاندنەوەی بە شێکی (جزئی ) بڕیاری داد گای بەرایی عەنکاوە و پابە ندکردنی داوالەسەرکراو سەرەڕای کارەکەی بە بڕی پارەی ناوبراو لەسەرەوە ، ناڕاستە و پێچەوانەی یاسایە ، چوونکە لە هەموو بارێکدا ناکرێت سزایەکی دواکەوتن پە سەند بکرێت بڕەکەی بگا تە نرخی یەکەی پڕۆژەکە بە پێ ی گرێبەست و تەنا نەت داوا کار دەڵێت هێشتا دوو هەزار دۆلار ماوە بیدات بە داوالە سەرکراو بەڵام خانووەکەی تەواو نەکردووە و بەو شێوەیە بێت داواکار دوو هەزار دۆلاریش قازانج دەکات سەرباری خانووەکە و بۆیە دەبوو دادگا لێکۆڵینەوەی وورد بکات لە بری پارەی دراو بە داوالەسەرکراو وە بەرواری تەواوکردنی خانووەکە لە لایەن داوالەسەرکراو وە پرسیار لە داوالەسەرکراو بکات کە ئایا داواکاری ئاگادارکردووە بە وەرگرتنی خانووەکەی و بیسەلمێنێت و دەبێت دادگا بزانێت هۆکاری دواکەوتن چی بووە و هەموو ئەو ماوە وەستانانەی کە دەستی داوالەسەرکراوی تیانەبووە لە ماوەی دواکەوتن دەربکرێت و پاشان سزاکە بخەملێنرێتەوە لە لایەن شارەزای دارایەوە ، لەسەر ئەوە بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانە لێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بەمەبەستی دەرکردنەوەی بڕیار تیای داو هێشتنەوەی رەسمی پێدا چوونەوە تا ئەنجام ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٨/٣ .

**ژمارە / ١٢٢/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٤/١٨**

دادگای بەرایی عنکاوە لە داوای ژمارە (٦٤/ب/٢٠١٨ ) لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٢٢ بڕیاری داوە بە الزام کرد نی داوالێکراو (م/ ی/ ق/ ) بە ڕێوبەری کۆمپانیای .... ولاتی سەرەڕای کارەکەی بە دا نی ئەو بڕە قەرەبووەی کە شارەزا د یاری کردووە بە داوا کار بە بڕی (٣,٦٠٠,٠٠٠) ملیون دینار . دوای نارەزایی داوالێکراو داد گای تێهەڵچوونەوەی ناو چەی هەولێر بە ژمارە ٤٢/س/٢٠٢٠ لە بەرواری ٢٠٢١/١٢/١٤ بڕیاری دا بە پابە ندکردنی داواله سەرکراو بەدانی بری (٤٨٠,٠٠٠) دولار امریکی بە داوا کار یان بەراه بەر بڕی ز یادەی داوا کراو (٦٥٢٠,٠٠٠) دولار امریکی دوای نارازی بوونی تێهەڵچوولەسەرکراو بە بڕە پارەی ناوبراو تا نەی لێدا لای ئەم دادگایە بە پێ ی تیانوسی ڕەسم بۆ دراو لە ٢٠٢٢/١/٥ . هەروەها تێهەڵچووکار تا نەی لەو بڕیارەدا بە پێ ی تیانو سی ڕە سم بۆ دراو لە ٢٠٢١/١٢/٢٣ . دوای گەیشتنی هەردوو تا نە و دۆ سیەکە تۆ مارکرا ودا نران بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش وورد بینی و گفتوگۆو پە سەندکردنی تا نەی پێدا چوونەوە لە ڕووی شێوەوە و یەکخستنیان بۆ سەیرکردنیان بەیەکەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دادگای بەرایی دەشتی هەولێر و پابەندکردنی داوالەسەرکراوی دووەم کە تێهەڵچوو لەسەرکارە بە دانی بڕی پارەی ناوبراو لە سەرەوە بە داواکاری تێهەڵچووکار ، ڕاستە و پابەندی یاسایە ، چوونکە دادگای تێهەڵچوونەوە بە بڕیارەکەی پەیڕەوی بڕیاری ئەم دادگایەی کردووە بە ژمارە ٤٤١/ هـ.م.أ/٢٠٢٠ لە ٢٠٢١/١/١٧ دا بە خەملاندنەوەی بڕی قەرەبووی داواکراو . تەنها لەو زیانە مادیەی لە داواکار کەوتوە لە ئەنجامی ڕەفتاری داوالەسەرکراوی /٢ بەدانەوەی مولکی مەبەستی داواکە بە کەسێکی تر لە کاتێکدا دەیزانی بەکرێدانەوەی مافی داواکارە و ئەم ڕەفتارەشی سەلماندنی چەسپاوە بە تاوانبارکردنی لە لایەن دادگای کەتنەوە بە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە وە کە دادگای بەرایی دوایش تێهەڵچوونەوە کردیان بە بنەمای بڕیارەکەیان بۆ ماف دانە داواکار و بڕی پارە خەملێنراو لە دواجاردا گونجاوە لەگەڵ داوای داواکار و ئەم زیانەی پێ ی گەیشتووە بۆیە بڕیار درا بە ڕاست سەلماندنی بڕیاری تانە لێدراو وە ڕەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوەی یەکخراو و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لە لایەن پێداچووکارانەوە و ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٤/١٨ .

**ژمارە / ١٢٤/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٧/١٧**

دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ١٣٦/س/٢٠٢٠ لە بەرواری ٢٠٢١/١١/٨ بڕیاری دا بە پشتگیری کردنی بڕیاری بەرایی ژمارە ٣٠١٦/ب/٢٠١٧ لە ٢٠١٩/١٢/١٢ بە پوچەڵکردنەوەی داوای داواکار تایبەت بە داوالێکراوی دووەم (أ/ م/ ك/ ) و هەروەها پابەندکردنی داوالەسەرکراوی یەکەم ( ص ن ی ) بەدانی بڕی (٨,٦٤٠,٠٠٠) دینار بە داواکار وەك کرێ ی پارێزەرایەتی لە داواکانی ژمارە (٥٩٦/ب/٢٠١٥) و (٦٢٠/ب/٢٠١٥ ) و (٣٢١/ب/٢٠١٥ ) و (٥٩٥/ب/٢٠١٥) و (٦١١/ب/٢٠١٥ ) و (٦١٤/ب/٢٠١٥ ) و ڕەتکردنەوەی داوای داواکار بەو بڕە زیادەیەی داوای کردووە . دوای نارازی بوونی تێهەڵچووکار بە بڕیاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بە پێ ی تیانوسی پێداچوونەوەی ڕەسم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢١/١١/١٥ . دوای گەیشتنی تانە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ وپەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە پشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی پێنجەمی هەولێر بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو بە بڕی پارەی ناوبراوی سەرەوە وەك کرێ ی هاوتای ماندوبوونی پارێزەرایەتی بۆ داواکار لە داواکەدا ، ڕاستە و پابەندی یاسایە ، چوونکە داواکار وەك پارێزەرێك بریکاری داوالەسەرکراو بووە و چەند داوایەکی بۆ داوالەسەرکراو لە دادگاکاندا بینیوە و ماندووبووە لە کارەکەی دا و ئەوەش پاش ئەوەی دادگا داوای داواکاری بۆ سەلما لە ئەنجامی دانەوەی سوێندی یەکلاکەرەوەی ئاراستەکراو بۆ داوالەسەرکراو بەسەر داواکار خۆی دا بۆ خواردنی و بە خواردنی سوێندەکەش داوالەسەرکراو بە دۆڕاو دادەنرێت بە ناوەڕۆکی سوێندی یەکلاکەرەوە بۆ یە بڕیار دا بە ڕاست سەلماندنی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لە ئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لە لایەن پێداچووکارەوە و ، لەگەڵ ڕێنوێنی کردنی دادگای تێهەڵچوونەوە بۆ پێویستی ووردبینی لە نوسینەوەی بڕیاردا چوونکە لە بڕیارە تانەلێدراوەکەی دا هاتووە کە هەردوولای داوا لە قۆناغی بەرایی دا ڕەزامەند نەبوون لەسەر دوا ڕاپۆرتی شارەزاکان ، بەڵام پاش سەیرکردنەوەی دوا دانیشتنی ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/١٢ کە تیایدا دوا ڕاپۆرتی شارەزاکان خوێندراوەتەوە هیچ ڕەزامەندیەك لە لایەن هەردوولاوە دەرنەبڕاوە وە لە قۆناغی تێهەڵچوونەوەشدا کە (١٣) دانیشتنی دادگا پێکنەهێنراوە بە هۆی ئامادەنەبوونی دادوەریەدەك ، پەسەندکردنی ڕاپۆرتەکەی سێ شارەزاکە دەگەڕێتەوە بۆ گونجاوی بڕی پارەی خەملێنراو وەك کرێ ی هاوتای داواکار لەگەڵ ماندووبوونەکەی ، وە ڕەچاوکردنی ئەو ووردی یە لە داهاتوودا و ئەم بڕیارەش بە کۆ ی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٧/١٧ .

**ژماره / ١٢٨/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٦/٢٦**

داوا کار لە رێگای پارێزەرەکە یەوە لە بەردەم داد گای بەرایی عنکاوە ڕایگەیا ندوە کەوا بارە کشمیشێکی بۆ داوالێکراوان لە کەلارەوە بۆ هەولێر ناردووە بە بڕی (١٥,٢٠٠) پانزە هەزار و دوو سەد دولاری ئەمریکی دوای وەرگرتنی بارە کشمیشەکە لە لایەن داوالێکراوان خۆیان وون کردووە و بڕی پارەی دیاری کراو یان نەداوە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی عنکاوە بە ژمارە ٩٢/ب/٢٠٢١ لە ٢٠٢١/٩/٣٠ بڕیاری دا بە پابەندکردنی داوالەسەر کراوان بە دانی بڕی (١٥,٢٠٠) دولار یان بەرامبەر بڕی (٢٢,١١٦,٠٠٠) دیناری عرا قی بۆ داواکار . دوای نارازی بوونی تێهەڵچووکار دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ٢٢٦/س/٢٠٢١ لە بەرواری ٢٠٢١/١٢/٢١ بڕ یاری دا بە پ شتگیری کرد نی بڕ یاری ئا ماژە پێ کراو و ڕەتکرد نەوەی تا نەی تێچهەڵچوونەوە دوای تانە لێدانی تێهەڵچووکار لە بڕیاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بە پێ ی تیانوسی پێداچوونەوەی رە سم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢٢/١/١٦ . دوای گەیشتنی تا نە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودا نرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕ یار / پاش وورد بینی و گفتو گۆ وپە سەندکردنی تانە کە لە ڕووی شێوەوە تێبینی کرا کە بڕ یاری داد گای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر تانە لێدراو ئاماژە پێکراو لە سەرەوە ناراستە و پابەندی یاسا نی یە سەرەڕای را ستی تۆ مەتبارکردنی داوالێ کراوان و سزادانیان لە سەر تاوانی فێل کردن لە داوا کار بەڵام نە لە سەرزاری سکالاکار و نەتۆمەتبار نەهاتووە کە هەردولا رێکەوتوون لەسەر دیاری کردنی بڕی پارەی داوا کراو کە داوا کار ( سکالاکار )داوای دەکات هەروەها شاهیدەکان لە داوای سزایی باسی نرخی (مادەی کشمیش ) یان نەکردووە وە دادگاش لە داوای سزایی ئەمەی یەکلانەکردۆتەوە بۆیە پێویست بوو لە سەر داد گای بەرایی دوای ئەو داد گای تێهەڵچوونەوە لێکۆڵینەوەکانی خۆی تەواوکردا یە لە سەر ئەم بابە تە ڕاوە ستان لە سەر بڕی مادەی کشمیشەکە ڕەوا نەی داوالێ کراوان کراوە لە گەڵ بەها کەی پا شان بڕ یاری پێوی ست دەرب کات لە بەر ئەوەی داد گای تێهەڵ چوونەوە بڕیارە کەی بە پێ چەوانەی رای یا سایی سەرەوە بڕ یاری داوە ئەم دادگا یە بڕ یاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانە لێدراو و گەڕاند نەوەی دۆسیەکە بۆ دادگا کەی بەمەبە ستی داد بینی کرد نەوە لە داواکەدا بە رەچاوکردنی بۆچوونەکانی سەرەوە و دەرکرد نی بڕیاری یا سایی پێویست و هێشتنەوەی رە سمی پێداچوونەوە بۆ ئەنجام و ئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٦/٢٦ .

**ژمارە / ١٣٠/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٧/٢٤**

داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی هەولێر بە ژ مارە ٢١٣/س/٢٠٢٠ لە بەرواری ٢٠٢١/١٢/٢١ بڕ یاری دا بە هەڵوە شاندنەوەی بڕ یاری بەرایی ژ مارە ١٢٤٩/ب/٢٠١٩ دەر چووە لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٢٤ بە پابە ندکردنی تێهەڵچووکار  سەرەڕای کارەکەی بە گەڕاند نەوەی ئامێرە پزیشکیەکان ( الأجهزة الطبية ) بۆ داوا کار ( ا/ ن/ م/م/) یان لە کاتی نەگەڕاند نەوەی ئامێرە کان پابە ند کرد نی بە بەهای ئامێرە کان بە نرخی (١٥١٠٠) دولاری ئەمریکی دوای ناڕازی بوونی تێهەڵچووکار بە بڕیاری ناوبراو تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بە پێ ی تیانوسی پێداچوونەوەی ڕەسم بۆ دراو لەبەرواری ٢٠٢٢/١/٩ . هەروەها تێهەڵچوولەسەرکراو  داواکار تا نەی لەو بڕیارە دا بە پێ ی تیانوسی پێداچوونەوەی ڕەسم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢٢/١/١٨ . دوای گەیشتنی تا نە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕ یار / پاش وورد بینی و گفتو گۆ وپە سەندکردنی هەردوو تا نەی پێ شکەش کراو لە ڕووی شێوەوە وە یەکخستنیان بە مەبە ستی سەیرکردنیان بە یەکەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری داد گای تێهەڵچوونەوە ناو چەی هەولێر بە هەڵوەشاندنەوەی بەشێکی بڕیاری دادگای بەرایی پێنجەمی هەولێر وە پابەندکردنی داوالەسەرکراو بە گێڕانەوەی ئەو ئامێرانەی لە بڕیارەکەدا دیاریکراوە یان نرخەکانیان ناڕاستە و پابە ندی یا سا نی یە ، چوونکە ئەوە را ستە کە داوا کار شاي ستەی داواکاریەکە یەتی بە هەڵوە شاندنەوەی گرێبە ستی ن ێوان هەردوولا و

**پابەندنەکردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی ئامێرە پزیشکیەکان لەبەر ئەوەی ئەو ئامێرانە بۆ نەخۆشخانەیەك داوا کراون کە ڕێگە نەدراوە بە کرد نەوەی ، بەڵام نەدەبوو داد گای بەرایی دوا یش تێهەڵچوونەوە ئەو نرخە بچەسپێنێت کە داواکار خۆی داینابوو بۆ ئامێرەکان وە دەبێت ئەو نرخە بخەملێنرێت بۆ هەرئامێریك بەنرخی بازاڕ لە بەرواری تۆ مارکردنی داوا بەراییە کە لە ٢٠١٩/٥/١٥ دا کە بەرواری دا نی رە سمی داواکە یە و نەك بەنرخێك شارەزای دادوەری خەملاندو یەتی لە بەرواری نو سینی ڕاپۆرتە کەی لە ٢٠٢٠/٧/٦ دا بەهۆی ئەوەی بەهای کەلوپەلی لە بەرواری داواکرد نەوەی لە داد گای شایستە دەبێت بە نرخێك شارەزای دادوەری دابنێت .**
**بۆ یە بڕیار درا بە هەڵوە شاندنەوەی بڕیاری تا نە لێدراو وە گەڕاند نەوەی دۆ سیەکە بۆ داد گای تێهەڵچوونەوە بەمەبەستی بانگردنەوەی شارەزای دانراو لە قۆناغی بەرایی و ڕاسپاردنی بە خەملاند نەوەی هەموو ئامێرێك لە بەرواری ٢٠١٩/٥/١٥ و دەرکرد نەوەی بڕیاری پێویست لە دۆ سیەکەداو هێشتنەوەی ڕە سمی پێدا چوونەوەی تانەی یەکخراو تا ئەنجام و ئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٧/٢٤ .**

**ژمارە / ١٤٢/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٩/٢٦**

**داواکار لە ڕێگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی بانگە شەی ئەوەی کردووە کەوا داوالێکراو قەرزاری بریکاردار یەتی بە بڕی (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دۆلاری ئەمریکی ، بە پ ێی قەواڵە یەك سەندێك کە واژۆکراوە لە بەرواری ١٠/س/٢٠١٨ ) لە لایەن هەردوو لایەنی ئەم داوایە و هەروەها پارێزەری داوالێکراو بەڕێز ( س/ خ/ ) ەوە کە لە ڕا ستیدا قەرزە کە لە بنەرە تدا بڕی (٨٠,٠٠٠) دۆلار بوو . بەڵام داوالێ کراو لە ماوەی را بردوو بڕی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دۆلاری گەڕا ندەوە وە بەلێن یدا لە ماوە یەکی نزی کدا بڕە کەی تریش بگەڕێنێ تەوە بۆ بری کارداری بەڵام بەڵێنە کەی نەبردە سەر، دوای چەندین گفتو گۆ و دانی شتن بەڵام هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی لێ نەکەوتەوە ، بۆیە بە ناچاری هەستان بە دانانی نیشانەی گلدانەوەی بەدەگی لە سەر مولك و پشکەکانی لە کۆمپانیای پ / بۆ بەڵێندەرایەتی و بیاسازی سنوردار لە پێناو پاراستی ماف بریکارداری بە پێ بریاری ژمارە (٥٤٣/ فەرمانگەکان /٢٠١٨ ) دەرچوو لە داد گای بەرایی سلێمانی /٣ بۆیە داوا کارن لە داد گا بانگهێشتی داوالێکراو بکات بۆ دادبینی دوای ئاگادارکرد نەوەی بە وێنە یەك لە ناوەڕۆکی داوانامە کە و د یاری کردنی ڕۆژێك بۆ داد بینی پا شان بریار بدات بە ١- پابە ندکردنی داوالێکراو بە پێدانی بڕی (٥٠,٠٠٠) دۆلار ئەمریکی بە بریکارداری ، کە هاوتایە بە رامبەر بە دیناری عراقی (٦٠,٠٠٠,٠٠٠) دیناری عراقی . لە ئەنجامی داد بینی پاشم لەی ئا شکرادا داد گای بەرایی سلێمانی بە ژمارە (٢٤٤٢/ب/٢٠١٨ ) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢٧ بڕ یاری دا بە پابە ندکردنی داوالێ کراو بەگەڕاند نەوەی (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دۆلار یان بە دی نار بە بڕی (٦٠,٠٠٠,٠٠٠) شەست ملیون دینار دوای ئاگادار بوونەوەی داوالێکراو بە بڕیاری داد گا نارازی بوونی خۆی راگەیاند بە پێی تیانوسی نارازی ژمارە (٢٤٤٢/ب- رێلێگری لە بڕیاری پاشم لە /٢٠١٨) وە داد گای ناوبراو لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/١١ بڕیاری دا بە پاڵپشتی کردنی بڕیاری پێشوو بە پابە ندکردنی داوالێکراو ( المعترض ) بە گراندنەوەی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دۆلار یان بە دینار عراقی (٣٦,٠٠٠,٠٠٠) سی و شەش ملیون دینار دوای ناڕازی بوونی تێهەڵ چووکار بە بڕ یاری ناوبراو ، داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی سلێمانی بە ژ مارە (١١٨/س/٢٠٢١ ) لە ڕێ کەوتی ٢٠٢١/١٢/١٢ بڕ یاری دا بە پ شتگیری کرد نی بڕ یاری داد گای ناوبراو وە ڕەتکردنەوەی تیانوسی تێهەڵچوونەوە . دوای نارازی بوونی پێداچووکار بە بڕیاری ناوبراو تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بە پێ ی تیانو سی پێدا چوونەوەی ڕە سم بۆ دراو لە ڕێ کەوتی ٢٠٢٢/١/٥ . دوای گەی شتنی تا نە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.**

**بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆو پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە پشتگیری کرد نی بڕیاری داد گای بەرایی چوارەمی سلێمانی بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بڕە پارەیەکی سەرەوە بە داواکار ، ڕاستە و پابەندی یاسایە ، چوونکە بۆ**

دادگا سەلما پاش پشت بەستن بە شارەزای دادوەری کە واژووی سەر سەنەدی دەرخراو بۆ دادگا دەگەڕێتەوە بۆ داوالەسەرکراو لەبەر ئەوەی نەهی کرد بوو لەو واژووە و بە پێ ی داوا کار شایستەی پارەی داوا کراوە و لە سەر ئەوە بڕیاردرا بە ڕاستاندنی بڕیاری تانە لێدراو وە ڕەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لە ئەستۆگرتنی رە سمی پێداچوونەوە لە لایەن پێداچووکارەوە و ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٩/٢٦ .

**ژمارە / ١٤٨/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٩/٢٦**

داوا کار لە ڕێ گای بریکارەکە یەوە لە بەردەم داد گای بەرایی سلێمانی لە داوای بەرایی ژ مارە ٣٥٥٤/ب/٢٠١٤ بانگەشەی ئەوەی کردووە کە بە پێ ی گرێبەستی نێوان خۆی و داوالەسەرکراو سەرەڕای کارە کەی هە ستاوە بە جێ بەجێ کردنی پڕۆژەی قیرتاو کردنی شەقامەکانی ناو فرۆکەخانەی سلێمانی وە لە کاتی جێ بەجێ کرد نی دا هەستاوە بە بەکارهێنانی بڕێکی زۆرتر لەوەی ڕێکەوتنی لە سەر کراوە لە مادەی قیر لە پێناو سەرخستنی پڕۆژە کە کەوا داوالە سەر کراو پابە ند نابێت بە گێڕا نەوەی بەهای ئەو برە قیرە کە خەملاندو یەتی بە بڕی (٢٥٤,٩١٩) دۆلاری امریکی کە دەکاتە (٣٠٨٤٥٠٠٠) دینار بۆیە داوایکرد بانگهێشتی داوالە سەرکراو بکرێت بۆ دادبینی و بڕیار بدرێت بە پابەندکردنی بە پێدانی ئەو برە پارە یە لەگەڵ خستنە ئە ستۆی داوالە سەرکراو خەرجی داواکە و ماندوبوونی پارێزەرایەتی . لە ئەنجامی دادبینی ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای ناوبراو بڕیاری دەر کردوە بە ژ مارە ٣٥٥٤/ب/٢٠١٤ لە ٢٠١٩/١٢/٣ بە پابە ندکردنی کۆمپاذ یای داواله سەرکراو سەرەڕای کارەکەی بە پێدانی بڕی (٣٠١٣٦٣٠٠٠) سەدو یەك ملیون و سێ سەدو شەست و سێ هەزار دینار لە گەڵ کرێ ی ما ندوبوونی برێ کاری داوا کار بە بڕی (٧٥٠,٠٠٠) دی نار وەڕەتکرد نەوەی داوا کە و بەو زیادە یەی داوای کردووە وە پابە ندکردنی داوا کار  سەرەڕای کارە کەی بە پ ێدانی ما ندوبوونی پارێزەرا یەتی بە برێ کارانی داوالەسەرکراو سەرەڕای کارەکەی بە بڕی (٧٠٠,٠٠٠) دینار کە دا بەش دەکرێت لە نێوانیا ندا بە یەکسانی وە تێچووی داواکە دەکەوێتە ئەستۆی داواکار وداوالەسەرکراو بە شێوەی ڕێژەیی بڕیارە کە شیاوی تێهەڵچوونەوە و پێدا چوونەوەیە داوالە سەرکراو سەرەڕای کارە کەی تا نەی لە بڕیارە کە داوە بە تێهەڵ چوونەوە بەهۆی بریکارەکە یەوە بە پێ ی تیانو سی رە سم بۆ دراو لە ڕێ کەوتی ٢٠١٩/١٢/١٥ وە سەرۆکایەتی داد گای پێدا چوونەوەی ناو چەی سلێمانی بە ژمارە ٢٤/س/٢٠٢٠ لە ٢٠٢١/١٢/١٩ بڕیاری داوە بە پ شتگیری کرد نی بڕ یاری بەرایی ئا ماژە پێ کراو لە سەرەوە وە ڕەتکرد نەوەی تیانو سی تێهەڵ چوونەوە وە خ ستنە ئە ستۆی تێهەڵچووکار رە سمی تێهەڵچوونەوە وە دا نانی کرێ ی پارێزەری بڕیار لە سەر دراو لە بڕیارە بەراییە کەدا بۆ برێ کاری تێهەڵچوولە سەرکراو بۆ هەردوو قۆ ناغی بەرایی و تێهەڵ چوونەوە بڕ یارێکی ئامادەی یە و شیاوی پێدا چوونەوەیە . دوای نارازی بوونی پێدا چووکار بە بڕیاری ناوبراو تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بە پێ ی تیانو سی پێدا چوونەوەی رسم بۆ دراو لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٢٢ . تیای دا داوای هەڵوە شاندنەوەی بڕیارە کە دەکات و پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆو پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە پشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی چوارەمی سلێمانی پێش وەخ تە ، چوونکە دە بوو داد گای تێهەڵ چوونەوە لێکۆڵی نەوە لەوەبکات کە بەکارهێنانی داوا کاری تێهەڵچوولەسەرکراو بە قیری نوێ و زیاد لە بڕی قیری گرێبە ستی ذێوان هەردوولا و پرکرد نەوەی چاڵەکان و ڕێکردنەوەی ئەو شوێنانەی قیرتاوکراوە لە لایەن داواکارەوە بەڕەزامەندی داوالەسەرکراو ئاگاداری ئەو بووە یان نەء چوونکە ئەم لایەنە کار لە ڕێرەوی داواکە دەکات بۆ شایستە بوونی داوا کار بە بڕی داوا کراو یان شایستە نەبوونی ، لەسەر ئەوە و لەبەر ئەوەی دادگای تێهەڵچوونەوە بەو شێوەیە بە داوا کەدا نە ڕۆیشتووە بڕیارە کەی خستۆتە باری ناڕاست و پێچەوانەی یاساوە و بۆیە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ

ئەو دادگایە بۆ دەرکرانەوەی بڕیاری پێویست بنەما لە سەر ڕۆشنایی ئەو ڕوونکرد نەوە و هێشتنەوەی رە سمی پێداچوونەوە تا ئەنجام و ئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٩/٢٦ .

**ژمارە / ١٥٢/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٩/٢٦**

داواکار لەبەردەم دادگای بەرایی رانیە بانگەشەی ئەوەی کردووە کە لە بەرواری ٢٠١٨/١/24 لەکاتی کارکرد ندا لە ناو چەی پیشە سازی راذ یە بەهۆی لـ ێدانی کارە باوە تو شی برپ نداری بووە بەهۆی کەمتەر خەمی داوالەسەرکراوی یەکەم بە پابەندنەبوونی بە یا ساو رێنماییەکان بە روپۆشکردنی هێلی کارەبا کان لە بەرواری عازل یان گۆریذیان بە کێبل بۆ بەرگرتن لە رووداوی هاو شێوە بەهۆی کەمتەر خەمی داواله سەرکراوی دووەم بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕێگری کردن لەو ڕووداوانە کە بەهۆی ئەم ڕووداوەوە داواکار توشی زیانی مادی و مەعنەوی بووە و داوالەسەرکراوان هاوبەشن لەو ڕووداوە داواکار توشی زیانی مادی و مەعنەوی بووە و داوالەسەرکراوان هاوبەشن لەوبەرپرسیاریەتیە و زیانەکانی خەملا ندوە بە بڕی (١٢,٠٠٠,٠٠٠) ملیون دینار و سەرەتا داوای بڕی (٢٠٠,٠٠٠) دیناری کردووە . لە ئەنجامی داد بینی ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای ناوبراو بڕ یاری داوە بە ژ مارە ٦٥/ب/٢٠١٨ لە ٢٠٢١/٤/١٨ بە پابە ندکردنی داواله سەرکراو بە پـ ێدانی بڕی (٦,٠٠٠,٠٠٠) مل یون دیـ نار بە داوا کار (٤,٠٠٠,٠٠٠) چوار مل یون دیـ نار قەرەبووی ز یادنی مادی ( ٢,٠٠٠,٠٠٠) دینار قەرەبوەی زیانی مەعنەوی و ڕەتکردنەوەی داوای داواکار بە بڕی زیادەی داواکراو بە بڕی (٦,٠٠٠,٠٠٠) دینار . دوای نارازی بوونی داوالەسەرکراو دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە ژمارە ١٢٢/س/٢٠٢١ لە ٢٠٢١/١٢/١٤ بڕ یاری دا بە پـ شتگیری کرد نی بڕ یاری بەرایی و ڕەتکرد نەوەی تیانو سی پێداچوونەوە دوای نارازی بوونی تێهەڵچووکار تانەی لێدا لای ئەم دادگا یە بە پیٚ ی تیانو سی پێدا چوونەوەی رەسم بۆ دراو لە ٢٠٢٢/١٢/١٣ . هەروەها ئەندامی داوا کاری گشتی ( ر/ ع/ ق/ ) تا نەی لەو بڕیارە دا بە پیٚ ی تیانوسی پێشکەش کراو لە بەرواری ٢٠٢٢/١/٣ . دوای گەیشتنی تانە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ ورد بینی و گفتوگۆ.

بڕ یار / پاش وورد بینی و گفتو گۆو پە سەندکردنی هەردوو تا نەی پێدا چوونەوە لە ڕووی شێوەوە وە یەکخ ستنیان بەمەبە ستی سەیرکردنیان بەیە کەوە تێبینی کرا کە بڕ یاری داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی سلێمانی بە پشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی رانیە ، پێش وەختە ، چوونکە هەرچەند داد گای بەرایی رانیە پەیرەوی بڕیاری ئەم دادگایە دەستەی شارستانی بە بڕیاری ژمارە ٧٣/ هیئە مدنیە /٢٠٢٠ لە ٢٠٢٠/٢/٩ دا کردووە بەڵام پاش ئەوەی سەرنج درا دادگای بەرایی بنەما لە سەر را پۆرتی لێژنەی پزیشکی بۆ ڕێژەی ئەو زیانەی لە داوا کار کەوتووە ، کاری نەکردووە دە بوو داد گای تێهەڵ چوونەوە ئەوە پرکاتەوە بە دا نی داوا کار بە لێژنەی پزیشکی تایبەتمەند بۆ دیاریکردنی ئەو زیانەی لە داواکار کەوتووە و ئایا تووشی پەك کەوتنی ( عجز) ی کردووە یان نەء لە بەر ئەوەی نەبوونی ڕ ێژەی پەك کەوتن لە لەش ولاری داوا کار ئە گەر چی

شایستەی قەرەبووی مادی بێت بەڵام شایستە نابێت بە قەرەبووی ئەدەبی ، لەسەر ئەو بنەمایە دەبێت دادگای ناوبراو بە داواکەدا بڕواتەوە و بڕیاری پێویست تیادەربکات بۆیە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانە لێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی و هێشتنەوەی رەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام و ئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٩/٢٦ .

**ژمارە / ١٩٥/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٦/٧**

دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك گەرمیان بە ژمارە ٤٩/س/٢٠٢١ لەبەرواری ٢٠٢١/١١/٢٣ بڕیاری دا بە پشتگیری کردنی بڕیاری بەرایی ژمارە ٢٠٧/ب/٢٠٢١ لە ٢٠٢١/٩/٢٦ بە ڕەتکرد نەوەی داوای داوا کار سەبارەت بە خاوەنداریتی لە موڵکی ژمارە (١٠٧٣/ ١ کەرتی ١٠١ بذگرد ) وە جێگیرکرد نی لە تۆماری موڵکی ناوبراو . دوای ناڕازی بوونی تێهەڵ چووکار بە بڕ یاری ناوبراو تا نەی ل ێدا لای ئەم دادگا یە بە پێ ی تیانو سی پێداچوونەوەی ڕە سم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢١/١٢/٧ . دوای گەیشتنی تا نە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودا نرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ وپەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی کەرکوك– گەرمیان بە پ شتگیری کرد نی بڕ یاری داد گای بەرایی کەلار بە ڕەتکردنەوەی داوای داواکار و ڕەتکردنەوەی تانەی تێهەڵچوونەوە ، ڕاستە و پابەندی یاسایە ، چوونکە داوا کار  داوای تۆمارکردنی خاوەنداریەتی خۆی دەکات بۆ ئەو دوکا نەی لە سەر زەوی شارەوانی درو ستی کردووە و چەند ساڵە بەکاری دەهێنێت بە بێ بەرهەڵستکاری خاوەن زەوی ئەوەش بە ئاماژەدان بە خاوەنداریەیتی یەکەی بۆ پێك هاتەی دوکانەکەی وە جێگیرکردنی لە تۆماری ( قید) ی موڵکی شارەوانی لە بەڕێوەبەرێتی خانووبەرە بەڵام وەك دادگای بەرایی و تێهەڵچوونەوە ڕووذیان کردوۆتەوە گۆڕاذکاری لە تۆماری (قید) موڵك تەنها لە سەر داوای خاوەن موڵك ئەنجام دەدرێت بە پێ ی یاسا و دروست کردنی دوکان بە زیادەڕۆیی و بەهۆی ئەوەی چەند ساڵە بە بێ بەرهەڵستکاری شارەوانی بەکاری دەهێنێت نایکات بەخاوەن ماف بۆ گۆڕینی تۆماری موڵکەکە بە ئاماژە دان بە خاوەنداریتی پێك هاتەی دروست کراو وە ئەم داواکاریی یە بێ بنەمای یا سایی یە و داواکاریەکە شیاوی ڕەتکرد نەوە وەك چۆن داد گای بەرایی بڕ یاری بۆ داوە و داد گای تێهەڵ چوونەوەش ڕە چاوی یا سای کردووە بە پشتگیری کردنی و بۆیە بڕیار درا بە ڕاست سەلماندنی بڕیاری تا نە لێدراو وە ڕەتکرد نەوەی تا نەی پێداچوونەوە و لە ئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن داواکارەوە و ئەم بڕیارەش بە کۆی دە نگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٦/٧ .

**ژمارە / ٢١٢/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٨/١٤**

پێداچووله سەرکراو  تێهەڵچووله سەرکراو  داوا کار / بەڕێوە بەری ڕێپ ێدراوی کۆمپاذ یای (...) سەرەڕای کارەکەی .

داواکار لە ڕێگای بریکارەکەیەوە لە بەردەم دادگای بەرایی هەولێر بانگەشەی ئەوەی کردووە کەوا داوالێکراو بریکارداریەتی بە بڕی (١٣٠,٠٠٠)  سەدو سی هەزار دۆلاری ئەمریکی بە پ‌ێی کۆمپیا لەی جێبەجێ کراو لە دۆسیەی جێبەجێ کردنی ژمارە (٢٠١٨/٤٠٤٥ ) وە لاری دەکات لە دانەوەی ئەو بڕە پارەیە بۆیە داوا لە داد گای بەڕێز دەکات داوالێکراو بانگهێشت بکرێت بۆ داد بینی وە بڕیار بدەن بەم خالا نەی خوارەوە ١- پابە ندکردنی داوالێ کراو بە دا نی بری پارەی (١٣٠,٠٠٠)  سەدو سی هەزار دۆلاری ئەمریکی بۆ برێ کارداری . ٢- پابە ندکردنی داوالێکراو بەدانی سوودەکانی یا سایی بە ڕ‌ێژەی (٧٪) . ٣- دا نانی گلدا نەوەی یەدەك ( وضع الحجز الاحتياطي ) لە سەر کەل و پەلی داوالێکراو لە دو کانی داوالێکراو تاکو ئەنجامی ئەم داوا یە . وە لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی هەولێر بە ژمارە ٢٦٤/ب٢/٢٠١٩ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٦ بڕیاری دا بە :– ١– ڕەتکردنەوەی داوای داواکار ( المدير المفوض الشركة ) (...) سەرەڕای کارە کەی لە ڕووی شێوەوە . ٢– وە بڕیاری دا بە پابەندکردنی داوالێکراو ( س/ ج/ ) بەدانی سوودی یاسای بە ڕ‌ێژەی ٤٪ لە بڕی پارەی جێ بەجێ کراو لە دۆسیەی جێ بەجێ کرد نی ژمارە (٤٠٤٥/ جێ بەجێ کرد نی هەولێر /٢٠١٨ ) لە ڕێکەوتی تۆمارکردن ئەم داوایە لە ٢٠١٩/١/٢٩ تاکو کاتی ئێستا بە داواکار ( المدير المفوض لشركة ) ( ...... )  سەرەڕای کارەکەی . ٣– وە ڕەتکردنەوەی داوای داواکار بۆ دانانی گلدانەوەی لەسەر کەل و پەلەکانی دوکانی داوالێکراو . دوای نارازی بوونی تێهەڵچووکار بە بڕیاری ناوبراو داد گای تێهەڵچوونەوە ی ناو چەی هەولێر بە

ژماره (٢٩١/س/٢٠١٩ ) له ڕێكەوتی ٢٠٢١/١٢/١٤ بڕیاری دا به هەڵوه شاندنەوەی بەشێك له بڕیاری ناوبراو و پابه ند كرد نی تێهەڵ چووكار  تێهەڵچووله سەركراوی بەرام بەر  داوالێ كراو ( س/ ج/) به دا نی بڕی پارەی (١٣٠,٠٠٠)  دۆلاری ئەمریكی یان گۆڕینەوەی بەرامبەر به دیناری عراقی كه دەكا ته (١٥٦,٠٠٠,٠٠٠) دینار وه پاڵپشتی كردنی ماوەی برگەكانی بڕیاری داد گای بەرایی . وه دوای نارازی بوونی تێهەڵچووكار به بڕیاری ناوبراو تا نەی لـێدا لای ئەم دادگا یه به پیٚ ی تیانو سی پێدا چوونەوەی ره سم بۆ دراو له ٢٠٢٢/١/١٠ دوای گەیشتنی له تانه و دۆسیەكه تۆماركرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندكردنی تانەی پێداچوونەوه لەڕووی شێوەوه ، تێبینی كرا كه بڕیاری داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی هەولێر به هەڵوه شاندنەوەی بڕ یاری داد گای بەرایی دووه می هەولێر و وەپابه ندكردنی داواله سەركراو (س/ چ/) به بڕی پارەی كۆمپیا لەی ناوبراو له سەرەوه و له گەڵ ٤٪ ی سودی یا سایی ئەو پاره یه له بەرواری تۆ ماركردنی داوا كەوه ، ڕا سته و پابه ندی یا سایه ، چوونكه پاش ئەوەی داوالەسەركراو كه قەرزاره له كۆمپیالەی دانراو له دۆسیەی پێدا چوونەوەدا ڕێگری نیشاندا له سەر جیٚ بەجیٚ كردنی كۆمپیالەكه و وای له جیٚ بەجیٚ كاری دادكرد كه داواكاری جیٚ بەجیٚ كردن كه بەڕێوه بەری ڕێپێدراوی خاوەن قەرزه تیٚ بگەیەنێت بچێته دادگای تایبەتمەند داوای قەرزی كۆمپیاله ڕیٚ لێگیراوەكه بكات و وا شی كرد و لەبەر ئەوەی له قۆناغی تێهەڵچوونەوەدا داواله سەركراو پاڵنەری رێگرتنه كەی بۆ كۆمپیا له كه ئەوه بوو كه لەگەڵ داواكاری خاوەن قەرزدا پاكتاوی قەرزەكەی كردووه و چی تر ئه ستۆی نەگیراوه به پارەی كۆمپیاله كه و بەڵام داوالەسەركراو ناتوا نا بوو له سەلماندنی ئەو پاڵنەره (د فع ) و داد گای تێهەڵچوونەوەی نا چار كرد مافی بداتیٚ سوێندی یەكلاكەرەوه ئاراستەی داوا كار بكات بەو شێوەیەی داد گا دایڕشتووه له دانیشتنی داد گا داو بەڵام داوالەسەركراو كه له هەمان كاتدا تێهەڵچووكاری بەرانبەریشه ڕازی نەبوو سوێندەكه ئارا ستەی داوا كاری تێهەڵ چووكار بكات و بەوەش داواله سەركراو به سوێندەكه دۆڕاو داوا كاری كرد به شاي ستەی بڕی پارەی كۆمپیا له كه و داد گای تێهەڵ چوونەوەش ڕه چاوی یا سای كرد به حوك مدان به بڕی پاره و (٤٪) ی سودی یاساییەكەی و ده بوو بڕیاری سوودەكەش بدات له سەر داوای داوا كاری خاوەن قەرز له كاتێكدا ناتوانێت به داوا یەكی جیا یان دوا تر داوای بكات ، له سەر ئەوا نه بڕیار درا به ڕا ست سەلماندنی بڕیاری تا نه لـێدراو وه ڕەتكرد نەوەی تا نەی پێدا چوونەوه له ئه ستۆگرتنی ڕه سمی پێدا چوونەوه و له لا یەن پێدا چووكارەوه و ئەم بڕیارەش به زۆرینەی دەنگ دەركرا له ٢٠٢٢/٨/١٤ .

**ژماره / ٢١٨/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوه / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٨/٣**

داواكار له ڕێگای بریكارەكەیەوه لەبەردەم دادگای بەرایی عنكاوه ڕایگەیاندوه كەوا داوالێكراو قەرزاری داوا كاره به بڕی (٢٦٤,٠٠٠,٠٠٠) ملیون دینار و لاری دە كات له گەڕاند نەوەی قەرزه كه و ئەو قەرزه بەرام بەر كریٚ ی كەڵه كه بوونی ئه ستۆیەتی لەماوەی بیست و یەك مانگ . كه پێویست بوو داوالێكراو بۆ هەر مانگێك بری (١١٠٠٠) دولار كه دەكا ته (١٣,٢٠٠,٠٠٠) ملیون دینار به پیٚ ی گرێبه ستی كریٚ ی نێوانیان له بەرواری ٢٠١٢/١٢/٢٤ ئەنجا مدراوه له ئەنجامی داد بینی ئا مادەیی و ئا شكرا داد گای بەرایی عن كاوه له بەرواری ٢٠٢٠/١٢/٦ به ژماره ٩٨/ب/٢٠١٩ بڕیاری دا به پابه ندكردنی داواله سەركراو بەدانی بڕی (١٨٠,٧٣٣) دولار یان بەرامبەر بڕی (٢١٧,٤٢١,٧٩٩) دینار بۆ داواكار دوای نارازی بوونی تێهەڵچووكار داد گای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر به ژماره ٣٣/س/٢٠٢١ له ٢٠٢١/٦/٢٧ بڕیاری دا به پشتگیری كرد نی بڕیاری بەرایی ئا ماژه پێكراو و ڕەتكرد نەوەی تیانو سی تێهەڵچوونەوه . دوای نارازی بوونی تێهەڵچووكار به بڕیاری ناوبراو تا نەی لێدا لای ئەم دادگایه به پیٚ ی تیانوسی پێداچوونەوەی ره سم بۆ دراو له ٢٠٢١/٧/٢٥ . دوای گەیشتنی تا نه و دۆسیەكه تۆماركرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لەرووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە پشتگیری کرد نی بڕیاری دادگای بەرایی عنکاوە بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو بەدانی بری پارەی ناوبراو لەسەرەوە ناڕاستە و پێچەوانەی یاسایە ، چوونکە داوالەسەرکراو بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەکرێدراوی چوڵکردووە لە ٢٠١٧/٨/٢٢ و داوای سەلماندنەکە خۆی کەشف و شایەتی وەرگرتووە تا بزانرێت چوڵکراوە یان نا ئەمەش پێچەوانەی یاسایە و داوالەسەرکراو پابەندە بە سەلماندن و دەبوو دادگا داوالەسەرکراو بەناتوانا دابنێت لە سەلماندنی ئەو لایەنە و مافی بداتێ سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی داواکار دەکات بەبانگەشەی یان نا وەلەسەر ئەنجامی ئەوە بڕیار دەربکات بەشایستەبوونی داواکار بە بری پارەی کرێ کە هەمووی وەک داواکراوە یان تا چوڵکردنە یاخود بەکرێدراو ئەگەر چی چوڵیش بووبێت ڕادەستی داواکار نەکراوە و گرێبەستی نێوان هەردوولاش یاسای بەکرێدانی خانووبەرەی بەسەردا دەچەسپێت و بەڕادەستکردنەوەی یان چوڵکردنی گرێبەستەکە کۆتایی دێت ، لەسەر ئەمە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانە لێدراو وەگەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بەمەبەستی دەرکردنەوەی بڕیار تیای دا لەسەر ڕۆشنایی ڕوونکردنەوەی سەرەوە و هێشتنەوەی رەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام و ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٨/٣ .

**ژمارە / ٢٤٠/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٧/٣١**

دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ١٤٢/س/٢٠٢١ لەبەرواری ٢٠٢٢/١/٣١ بڕیاری دا بە پشتگیری کردنی بڕیاری بەرایی ژمارە ١٠٣٣/ب/٢٠٢٠ لە ٢٠٢١/٦/٢٢ بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو بەدانی بری (٣٠,٥٦٤,٥٢٢) ملیون دینار بەرامبەر کرێ ی سالانەی خزمەتگوزاری ئیتەرنێت بۆ ساڵەکانی(٢٠١٦  ٢٠١٧  ٢٠١٨ ) بەگوێرەی گرێبەستی نێوانیان . دوای ناڕازی بوونی تێهەڵچووکار بە بڕیاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بە پێ ی تیانوسی پێداچوونەوەی ڕەسم بۆ دراو لەبەرواری ٢٠٢٢/٢/١٤ . دوای گەیشتنی تانە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ وپەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە پشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی چوارەمی هەولێر بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو سەرەرای کارەکەی بەدانی بڕی پارەی ناوبراو لەسەرەوە ، ناڕاستە و پێچەوانەی یاسایە چوونکە دەبوو دادگای تێهەڵچوونەوە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی بکردایە ، ١- دادگا لێکۆڵینەوەی لە پاڵنەرەکانی ( دفوعات ) ی داوالەسەرکراو نەکردووە کە لە تانەی تێهەڵچوونەوەدا هاتووە ٢- دەبوو دادگا داوای فایلی گرێبەستی نێوان هەردوولا لە وەزارەت بکات و ناوەڕۆکی لە دۆسیەی داواکەدا بچەسپێنێت ٣- دەبوو دادگا لێکۆڵینەوە لە بەرواری سەرەتای گرێبەست و کۆتایی بکات ٤- دەبوو دادگا بۆی دەربکەوێت ئایا هیچ شەپۆلێکی ئەنتەرنێت ( بث الانترنت ) بۆ داواکار تایبەت کراوە ، لەبەر ئەوەی ئەوانەی سەرەوە کاری گەرن بۆ ئەنجامی داواکەو دادگا پێ ی هەڵنەساوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانە لێدراو وەگەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بەمەبەستی دەرکردنەوەی بڕیار تیای دا لەسەر ڕۆشنایی ڕوونکردنەوەی سەرەوە و هێشتنەوەی رەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام و ئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٧/٣١ .

**ژمارە / ٢٤٤/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٨/٢**

داواکار لە ڕێگای بریکارەکەیەوە لە بەردەم دادگای بەرایی هەولێر بانگەشەی ئەوەی کردووە کەوا خانووی دروست کراو لەسەر زەوی ژمارە ( ٣٦٣٤/١٦٢ک٤٥ وارش ) خاوەنداریەتی بۆ بریکارداری دەگەڕێتەوە ، دواتر بە بێ ئاگاداری و رەزامەندی بریکارداری مولکی بابەتی داوا لە لایەن هاوسەی بریکارداری بەناوی داوالێکراو

کرا به بێ بوونی پارەیەکی وەك بەهای مولکەکە لە داوالێکراو وەرنەگرتووە بۆیە داواکارە لە دادگای بەرێز بە بانگهێشت کرد نی داوالێ کراو بۆ بەردەم داد گای دوای تۆ مارکردن و ئاگادارکرد نەوە وە دوای ئەنجام دا نی رێکارەکانی یا سایی بریار دان بە پابە ندکردنی داوالێکراو :- ١- بەدانی بەهای مولکە کەوە بەها کەی بە بڕی (٣٨٠,٠٠٠,٠٠٠) سێ سەدو هەشتا ملیون دیناری عرا قی دە خەملێنم یاخود ئەو بەها یەی کە لە لا یەن لێژان دیاری دەکرێت وە بەمەبەستی دانی رەسمی یاسایی وە پابەندکردنی بەدانی بڕی (٢٠٠٠,٠٠٠) دووسەد هەزار دیناری عراقی وە ماف بریکار داری دەپارێزێت بە داواکردنی ئەو برە پارەیەی ماوە بە داوا یەکی خستنە پال و تێهەلکێش یاخود داوایەکی سەربەخۆ . ٢- بۆ دلنیایی و پارا ستنی ماف بریکارداری دا نانی نیشانەی رەفتار نەکردن لەسەر مولکی بابەتی داوا . لە ئەنجامی داد بینی ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای بەرایی هەولێر بە ژمارە (١٠٥١/ب/٢٠٢١ ) لە ریکەوتی ٢٠٢١/١٢/٥ بریاری دا بە پابە ندکردنی داوالێکراو ( ح/ ص/ م/) بە دا نی بڕی پارەی (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەدو بیست هەزار دۆلاری ئەمریکی یان گۆڕینەوەی بەرام بەر دینا ری عرا قی بڕی (٣١٩,٠٠٠,٠٠٠)) سێ سەدو نۆزدە ملیون دینار بدا تە داوا کار . دوای ناڕازی بوونی تێهەڵچووکار بە بڕیاری ناوبراو ، دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ٢٩/س/٢٠٢٢ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢٠ بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری داد گا وە ڕەتکرد نەوەی داوای تێهەڵچوولە سەرکراو داوا کار وە دوای نارازی بوونی پێداچووکار بە بڕیاری ناوبراو تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بە پێ ی تیانو سی پێدا چوونەوەی رە سم بۆ دراو لەبەرواری ٢٠٢٢/٣/١٦ . دوای گەیشتنی تانە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش وورد بینی و گفتوگۆ وپە سەندکردنی تانە کە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری داد گای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێری تانە لێدراو ئا ماژە پێکراو لە سەرەوە ناڕا ستە و پابە ندی یا سا نییە چونکە داواکار تێهەڵچوولەسەرکراو لە داواکەیدا داخوازی نرخی خانووی بابەتی داوا دەکات کە پیاوە کەی هەڵساوە بە فرۆشتنی بە داوالیکراو بە پێ ی بریکار نامەیەك کە پێشتر بۆی رێکخرا بوو بە بێ ئا گاداری داوا کار و بێ زانیاری ئەو دوای ئەوەی کە زانی پیاوەکەی هەڵساوە بە فرۆشتنی بە داوالێکراو بەرام بەر ئەو قەرزا نەی کە لە ئە ستۆی بوون ئەو قەرزا نەش هیچ پەیوە ندی بە داوا کارەوە نییە و دوای ئەوەی کە سەلما داوا کار هیچ برە پارەیەکی وەرنەگرتووە لە قیمەتی خانووەکە وە ناکری بریکار مولکی بری گرتەکەی بۆ خۆی بفرۆ شی و دە ست بەسەر نرخەیدا بگریت بۆیە داواکار ماف هەیە داوای نرخی مولکەکەی لە داوالێکراو بکات چونکە کریار پابەندە بە دانی نرخی فرۆشراو بە فرۆشیار ئەمەش داوالێکراو پێ ی هەڵنەستاوە بەڵکو بە بریکارەکەی داوە ئەویش بۆ خۆی خەرجی کردووە بۆیە داواکار ماف گەڕاند نەوەی لە سەر داوالێکراو هە یە داوای نرخی مولکە کەی لێبکات بۆیە بۆ چونی داد گای بەرایی ڕا ست و درو ست بوو و ناکرێت کە سی سێیەم پیاوی داوا کار لە سەر حیسابی داوا کار دەولەمە ند بێت بۆ یە داوای داوا کار ڕەوا یە بەڵام پێویـست بوو لە سەر داد گا پەنا ببات و شارەزای دادوەری پسپۆر لە بواری عەقارات بۆ دوو بارە خەملا ندنی نرخی مولکە کە لە بەرواری تۆ مارکردنی داوا کە وە لەبەر ئەوەی دادگای تێهەڵچوونەوە بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی سەرەوە بڕیاری دەرکردووە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە هەڵوەشانەوەی بڕیاری تانە لێدراو گەراندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگا کەی بەمەبە ستی داد بینی کرد نەوە لە داواکەدا بەرەچاوکردنی بۆ چوونەکانی سەرەوە و دەرکرد نی بڕیاری یا سایی پێویـست و هێشتنەوەی رە سمی پێداچوونەوە بۆ ئەنجام ئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٨/٢ .

**ژمارە / ٢٥٨/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٧/٣١**

دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ١/س/٢٠٢٢ لە بەرواری ٢٠٢٢/٣/٢٧ بڕیاری دا بە پشتگیری کرد نی بڕ یاری بەرایی ژ مارە ٣٤٠٨/ب/٢٠١٨ کە دەر چووە لە ٢٠٢١/١٢/١٩ بە ڕەتکرد نەوەی داوای داوا کار بەرامبەر داواکارلەسەرکراو بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی نێوانیان و قەرەبووکردنەوەی داواکار وەکو لە بڕگەی

(١٠) گرێبەستەکەی نێوانیان ئاماژەی پێدراوە دوای نارازی بونی تێهەڵچووکار بە بڕیاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بە پێ ی تیانوسی پێدا چوونەوەی ڕە سم بۆ دراو لە بەرواری ٢٠٢٢/٤/١٨ . دوای گەیشتنی تا نە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ وپەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە پشتگیری کرد نی بڕیاری داد گای بەرایی هەولێر بە ڕەتکرد نەوەی داوای داواکار ، ڕاستە و پابەندی یاسایە ، چوونکە داواکار داوای بڕێك پارەی کردووە بەرانبەر ئەو کارا نەی بۆ داوالە سەرکراوی کردووە بۆ تەواوکردنی پڕۆژەی تودەی تاوەر بەڵام وەك داد گای بەرایی لێکۆڵی نەوەی تیاکردووە و دادگای تێهەڵچوونەوەش ڕەچاوی یاسای کردووە بە پشتگیری کردنی دەرکەوتووە کە ئەو پڕۆژە یە لەسەر داوای شارەوانی هەولێر و سەندیکای پارێزەران وەستاوە و هۆکارەکانی وەستانی پڕۆژەکە هێشتا ماوە ئە مەش وا تە وە ستان هۆ کار نی یە بۆ هەڵوە شاندنەوەی گرێبە ستی ن ێوان هەردوولا لە بەر ئەوەی ئەو هەڵوەشاندنەوەیە بە پێ ی مادەی (١٧٧) ی یاسای شارستانی لەسەر جێ بەجێ نەکردنی گرێبە ست لە لا یەن لایەنەکا نەوە وە ستاوە و وە ستانی پڕۆژە کەش هۆکارە کەی داوالە سەرکراوان نین و لێ ی بەرپر سیاریتی بۆ یە داواکاری پێداچووکار شایستەی داواکاریە کەی بە پێ ی تیانو سی داوا کەی نی یە لە کاتی ئێستادا و بۆیە بڕ یار درا بە ڕا ست سەلماندنی بڕ یاری تا نە لێدراو وە ڕەتکرد نەوەی تا نەی پێدا چوونەوە و لە ئە ستۆگرتنی پێداچووکار بە رەسمی پێداچوونەوە و ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٧/٣١ .

## ژمارە / ٢٦٢/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٨/١٤

داواکار لە ڕێگای بریکارەکەیەوە لە بەردەم دادگای بەرایی سلێمانی /٣ لە داوای بەرایی ژمارە ٣٣٦٤/ب/٢٠١٩ بانگە شەی ئەوەی کردووە کە دەڵ ێت داوالە سەرکراو ( قەرزاری) بەیگرتە یەتی بە بڕی (١٤٠٠٠٠٠) دی نار هەرچەندە کۆمپیالەیەکی بە ژمارە ١٠٥٧٢ لە ٢٠١٧/٥/٧ لە دادنوسی سلێمانی /١ بۆ جێ بەجێ کرد نی مارە ٢٠١٩/١٤٣١ لە فەرمانگەی جێبەجێکردنی سلێمانی نکولی لەوە کردوە هەرکاتێك داوای کرد بڕی قەرزە کە پێ بدات بەڵام ئامادەنیە رادە ستی بکات ، بۆیە داوایکرد بانگهێشتی داوالە سەرکراو بکرێت بۆ داد بینی و بڕیار بدرێت بە پابەندکردنی ئەو بڕە پارەیە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو . لە ئەنجامی دادبینی ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای ناوبراو بڕ یاری دە کرد وە بە ژ مارە ٣٣٦٤/ب/٢٠١٩ لە ٢٠٢١/٢/١٤ بە پابە ندکردنی داوالەسەرکراو بە گێڕانەوەی ئەو بڕەی داوای کردوە لە تیانو سی داوا کەدا بە داوا کار . داوالێکراو تا نەی لەو بڕیارە دا بە تێهەڵچوونەوە بەهۆی بریکارەکە یەوە بە پێ ی تیانوسی رە سم بۆ درا و لە ٢٠٢١/١١/٨ ، داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی سلێمانی بڕ یاری دا بە ژ مارە ٢١٨/س/٢٠٢١ لە ٢٠٢٢/٢/١٤ بە پ شتگیری کرد نی بڕ یاری بەرایی ئا ماژە پێ کراو تێهەڵ چووکار رازی نەبوو بەو بڕ یارە و تا نەی لێدا لی ئەم دادگا یە بە پێ ی تیانوسی پێدا چوونەوەی رە سم بۆ دراو لە ١٥ /٣ / ٢٠٢ تیای دا داوای هەڵوە شاندنەوەی بریارە کە دە کات و پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لەرووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە پشتگیری کردنی بڕیاری داد گای بەرایی سێ یەمی سلێمانی بە پابە ندکردنی داواله سەرکراو بەدا نەوەی بڕی پارەی ناوبراو لە سەرەوە بە داوا کار ڕا ستە و پابە ندی یا سایە ، چوونکە پارەی ناوبراو ناوەڕوکی کۆمپیالەی ڕاست سەلمێنراوی دادنوسی بڕی ئەو پارەیە یە کە داوالەسەرکراو دانی پیاناوە و داواکار داوای دەکاتەوە و ئەو پاڵنەرەی داوالەسەرکراو هێناویەتیەوە لەسەر داواکە کە لە پشتی کۆمپیالە کە کە سێکی تر خۆی کردووە بە هاوبە شی لە گەڵ داوالە سەرکراو بۆ قەرزرایتی بە ذ یوەی ڕا ست سەلمێنراو نی یە وەکو ڕووی کۆمپیالە کە و داوالە سەرکراو خۆی کردووە بە قەرزاری هەموو پارە کە و ئەگەر مەبەستی بێت دەتوانێت بە ڕێگەی یاسایی لە دوای ئەم داوا یە بگەڕێتەوە سەر ئەو کە سەی خۆی کردووە بە هاوبەشی لە پشتی کۆمپیاکە ، بۆیە بریار درا بە ڕاست سەلماندنی بڕیاری تا نە لێدراو وە ڕەتکرد نەوەی تا نەی

پێداچوونەوە و لە ئەستۆگرتنی رەسمی پێداچوونەوەلە لایەن پێداچووکارەوە و ئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٨/١٤ .

**ژمارە / ٢٦٨/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٨/١٤**

داواکار لە ڕێگای بریکارەکەیەوە لە بەردەم دادگای بەرایی سلێمانی /٥ لە داوای بەرایی ژمارە ٤٩٥/ب/٢٠٢٠ وە تێروانینی دادگا بۆ نوسراوی ژمارە ٧٤٠٨ لە ٢٠٢١/١٠/٥ دەرچووە لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان وە تێروانینی دادگا بۆ دۆسیەی ژمارە ١٦٦٦٠/ب/٢٠١٨ تایبەت بە هەردوولایەنی داواکەوە دادگا لە ئەنجامی داد بینی ئامادەیی و ئاشکرایی لە بەرواری ٢٠١٩/٢/١٣ بڕیاری داوە بە جێگیرکردنی ئاشتەوایی نێوان هەردوولایەنەکە بە پێی ڕێکەوتنامەکە لە ٢٠١٩/٢/١٢ ئەنجام دراوە وە دان پێدانانی بریکاری داوالەسەرکراو بۆ داوای داواکار لە ڕووی گرێبەستی ئاشتەوایی خراوە ڕوو بۆ ڕەتکردنەوەی داوا وە لەبەر ئامادە نەبوونی داواکار بۆ را سپاردەی ئەم دادگا یە تایبەت بە قەتیس کردنی داوای بریگرتەی بە یەکێك لە دووخەسڵەتی داوالەسەرکراو بە کەسی یان بەڕێوەبەری ڕێپێدراو سەرەڕای کارەکەی وە لە پاداشتی ڕوونکردنەوە لە بریکارانی هەردوولاوە لە ئەنجامی وورد بینی کردنی داوای ژمارە ١٦٦٠/ب/٢٠١٨ دەردەکەوێت داواکار لە داوای خەسلەتی کەسی تۆمارکردوە دوای بەهای دوو ئۆتومبیلی جۆری شوفلً دەکات بە بیانوی ئەوەی کە بە پارەی خۆی کڕدراوە بەڵام تۆماری کردون بە ناوی داوالەسەرکراوە ئەمەش بەمانای ئەوە دێت داوالەسەرکراو بە سیفەتی کەسی قەرزاری داواکارە نەك کۆمپانیایەهەستی وەك لە بریارەکە ئاماژەی پێدراوە . لە ئەنجامی داد بینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو بڕیاری دەرکردوە بە ژمارە ٤٩٥/ب/٢٠٢٠ لە ٢٠٢١/١١/١٨ بە ڕەتکردنەوەی داوای داواکار تانەی لەو بڕیارە داوە بە تێهەڵچوونەوە بەهۆی بریکارەکەیەوە بە پێی تیانوسی رەسم بۆ دراو لە ٢٠٢١/١١/٣٠ ، دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە ژمارە ٢٥١/س/٢٠٢١ لە ٢٠٢٢/٢/١٦ بڕیاری دا بە پشتگیری کردنی بڕیاری بەرایی ئاماژە پێکراو ، تێهەڵچووکار رازی نەبوو بەو بڕیارە و تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بە پێی تیانوسی پێداچوونەوەی رەسم بۆ دراو لە ٢٠٢٢/٣/٢ تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات و پاش گەیشتنی لە تانە و دۆسیەکە تۆمارکرا ودانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ.

بڕیار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لەرووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە پشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی سلێمانی پێنجەم بە ڕەتکردنەوەی داوای داواکار وە ڕەتکردنەوەی تانەی تێهەڵچوونەوە ، ناڕاستە و پابەندی یاسانی یە چوونکە ئەوە ڕاستە وەك دادگای تێهەڵچوونەوە باسی کردووە کە ڕکابەری بەرانبەر داوالەسەرکراو ڕاست دەبێت ئەگەر بەرامبەری بێت بە سیفەتی کەسی (شخص )و سەرەڕای کارەکەی بەیەکەوە بەڵام ئەوە ڕاست نی یە کە دادگای تێهەڵچوونەوەی سلێمانی داوای کردووە کە دەبوو داواکار لە پاش تۆمارکردنی داوا گرێبەستی ئاشتەوایی جێ بەجێ بکردایە و ئەگەر نەتوانرا داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە بکات ، بەڵام ئەمە ئاراستەیەکی هەڵەیە لە دادگاوە ، چوونکە ئەو گرێبەستە تەنها لە داوایەکی بەرایی دا کە پێشتر یەکلا بۆتەوە دەرخراوە و چەسپێنراوە بۆتە هۆی ( کەوتنی  سقوط ) ی ئەو داوایە کە بابەتەکەی دوو ئۆتۆمبیلی کارکردن بووە نەك قەرز و بابەتی ئەم داوایە قەرزێکە کە لە بڕگەی (٣) ی گرێبەستەکە داوا لەسەرکراو خستویەتیە ئەستۆی خۆی و شیاوی داواکردنە ، بۆیە دەبوو دادگای تێهەڵچوونەوە بە داواکەدا بڕۆیشتایەو بڕیاری یاسایی پێویستی تیا بدات و لەبەر ئەوە بە پێچەوانەوە بڕیاری دەرکردووە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانە لێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ ئەو دادگایە بەمەبەستی دەرکردنەوەی بڕیار تیای دا و هێشتنەوەی رەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام و ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٨/١٤ .

**ژماره / ٢٨٢/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار ٢٠٢٢/٩/٨**

